کۆماری فیدرالی عێراق
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی کۆیە

# بەبەرهەمیی ژمارە لە ڕوانگەی واتای سیمانتیکی و پڕاگماتیکییەوە

ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە فاکەڵتیی پەروەردەی  زانکۆی کۆیە کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

لەلایەن

**بیان حاجی صالح**

بەکالۆریۆس لە (زمان و ئەدەبی کوردی) لە ساڵی (٢٠٠٨) لە زانکۆی کۆیە،

کۆلێژی زمان – قەڵادزێ

بە سەرپەرشتی

**پ.ی.د شیروان حسین حمد**

٢٠٢٣ زایینی ١٤٤٥کۆچی ٢٧٢٣ کوردی

**زمانمان، زمانی کوردی**

**شەرەفمانە،**

**ناموسمانە،**

**غیرەتمانە،**

**هەموو شتێکمانە.**

**(عەبدوڵڵا پەشێو)**

## ڕەزامەندی سەرپەرشت

من (پ.ی.د. شیروان حسین حمد) ڕایدەگەیێنم، کە ئەو ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (بەبەرهەمیی ژمارە لە ڕوانگەی واتای سیمانتیکی و پڕاگماتیکییەوە) بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە، لە بەشی (زمانی کوردی)ی فاکەڵتیی (پەروەردە) لە زانکۆی (کۆیە)، لەلایەن خوێندکار (بیان حاجی صالح)، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە (زمانی کوردی)، من ئەم نامەیەم خوێندۆتەوە و پێیداچومەتەوە و دڵنیاتان دەکەمەوە، کە ئەوەندەی من بزانم ئەمە کارێکی سەربەخۆیە.

واژۆ:

ناو: **پ. ی. د. شیروان حسین حمد**

ناسناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

پیشەی ئەکادیمی: مامۆستا

ڕێککەوت: ٢ / ١٠ / ٢٠٢٣

## ڕەزامەندی سەرۆکی بەش

لەسەر پێشنیازی سەرپەرشتی نامەکە، کە ناو و واژۆی لە توێژینەوەکەدا هاتوە، ئەم نامەیە بە ناونیشانی (بەبەرهەمیی ژمارە لە ڕوانگەی واتای سیمانتیکی و پراگماتیکییەوە) لە لایەن خوێندکار (بیان حاجی صالح) ئامادەکراوە و پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم بۆ تاوتوێکردنی.

واژۆ:

**پ.د. دەریا جەمال حەوێزی**

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێککەوت: ٩ / ١٠ / ٢٠٢٣

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی **(بەبەرهەمیی ژمارە لە ڕوانگەی واتای سیمانتیکی و پراگماتیکییەوە)** خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار **(بیان حاجی صالح)** گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          )، بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی پێبدرێت.

واژۆ:

**پ.د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

(سەرۆکی لیژنە)

ڕێککەوت: / ٦ / ١٢ / ٢٠٢٣

واژۆ:

**پ.ی.د. نوزاد انور عمر**

(ئەندام)

ڕێککەوت: ٦ / ١٢ / ٢٠٢٣

واژۆ:

**پ.ی.د. دلێر صادق کانبی**

(ئەندام)

ڕێککەوت: / ٦ / ١٢ / ٢٠٢٣

واژۆ:

**پ.ی.د. شیروان حسین حمد**

(ئەندام و سەرپەرشت)

ڕێککەوت: / ٦ / ١٢ /

واژۆ:

**پ.د. سفین جلال فتح الله**

ڕاگری فاکەڵتیی پەروەردە

ڕێککەوت: / / ٢٠٢٣

# پێشکەشنامە

**پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی مامۆستای کۆچکردوم (د. عەزیزگەردی)، کە هەمو ژیانی خۆی کردە قوربانی، لەپێناو خزمەتکردن بە زمان و فەرهەنگی  کوردی و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.
- دایک و باوکم، کە بە نەخوێندەوارییان بونە کانگای سەرهەڵدانی بیری زانست و بەرەوپێش چونم لە هەمو ئاستەنگییەکانی ژیانمدا.
- هاوڕێ و هاوژینم.
- جگەر گۆشەکانم, (نمە، چپە، تەمەن)، کە بونە هیوای ژیانم بۆسەرکەوتنم لە نوسینی ئەم ماستەرنامەیەدا.
- خوشک و برا دڵسۆزەکانم.
- هەموو کوردێکی دڵسۆز کە خەونی بەدیهێنان و چەسپاندنی زمانی کوردییە لەتەک زمانەکانی تری جیهان.
- هەمو ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە تاوەکو خوێندنی ماستەرم وانەیان پێگوتوم و بونە ئیلهامی ژیانم.

# سوپاسنامه


**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- ماموستای سەرپەرشتم بەڕێز **(پ.ی.د.شێروان حسین حمد)**، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی لەئەستۆگرت و بەوپەڕی لەخۆبوردوییەوە ئەرک و ماندوبونی لە سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەدا کێشا، هیوای تەمەندرێژی و تەندروستییەکی باشی بۆ بە ئاوات دەخوازم، هیوادارم خامە و خەرمانی وشەی هەمیشە و هەمو دەم بۆ خزمەتکردنی زمانی شیرینی کوردی بەبرشت بێت.
- سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، فاکەڵتیی پەروەردە - **بەشی زمانی کوردی**، کە دەرفەتی خوێندنی ماستەریان بۆ ڕەخساندین.
- برای ئازیز و خۆشەویستم **(پ.ی.د. رزگار حاجی سالح)**، کە هەمیشە و لە هەمو قۆناغەکانی ژیانمدا هاوکار و پاڵپشت و هاندەرم بوە، بۆ گەلالەبونی بیری خوێندن لەلام، قەرزداربای ئەوم تا مردن.
- بەڕێز **(کاروان ڕەسوڵ حەسەن)** ماموستا لە کۆلێژی پەروەردە - شەقلاوە، زانکۆی سەلاحەدین، کە لەگەڵم ماندوبو، لە کاری تایپ و ڕێکخستنی لایەنی هونەریی نامەکە، پێزانینی تایبەتیم بۆی هەیە.
- هاوڕێ و هاوسەری ژیانم **(م.حوسێن ڕەسوڵ حەسەن)**، کە لە هەمو هەنگاوەکانی ژیانمدا لەگەڵمە و نهێنی خۆشبەختی و سەرکەوتنەکانمە، و بەرگەی هەمو ئەو نارەحەتییانەی گرتوە، کە لە ماوەی خوێندنم هاتونەتە ڕێم، چاکەیم پێنادرێتەوە، خودای گەورە پایەداری بکات.
- خوشکەزای خۆشەویستم **(بەشدار محمود محمد)** ماموستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، کە لەگەڵم ماندوبوە و هاوکار و پشتیوانی زۆری کردم لە ڕێکخستنی نامەکادا.
- هەمو ئەوانەی لە سەرەتای ڕێگاکەمدا بە وشەیەکیش هاوکار و پشتیوانم بون لە کارەکەمدا.

# ليستی زاراوەكان

| كوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| ئیدیۆم | Idiom |
| بەبەرهەمی | Productivity |
| بێ بەرهەم | unproductive |
| بنەما | Maxim |
| بەرهەمهێنان | Production |
| بەبەرهەمیی سیمانتیكی | Semantic Productivity |
| بەبەرهەمیی سینتاكسی | Syntactic Productivity |
| بەبەرهەمیی مۆرفۆلۆژی | Productivity morhpological |
| بەبەرهەمیی پراگماتیكی | pragmatic Productivity |
| بەبەرهەمیی فۆنۆلۆژی | phonological Productivity |
| بنج | Base |
| پاشگر | Suffixes |
| پراگماتیك | Pragmatics |
| پێشگر | Prefixes |
| چەمك | Concept |
| دەوروبەر | Context |
| ڕەگ | Root |

| | |
|---|---|
| Structure | ڕۆنان(پێکهاتن) |
| Number | ژمارە |
| Compound Number | ژمارەی لێکدراو |
| Drown Number | ژمارەی دارڕژاو |
| Affix | گیرەک |
| Presupposition | گریمانەی پێشەکی |
| Locutionary | گوتن |
| Free morpheme | مۆرفیمی سەربەخۆ |
| Bound morpheme | مۆرفیمی بەند |
| Morhphem | مۆرفیم |
| Semantics | واتاسازی |
| Lexical meaning | واتای فەرهەنگی |
| Lexical word | وشەی فەرهەنگی |
| Word Formation | وشەڕۆنان |
| Word formation rule | یاسای وشەڕۆنان |

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما | واتای بەکارهێنان |
|---|---|
| /... –/ | پێشگر |
| /–   .../ | پاشگر |
| ⟵ | دەبێت بە |
| /   / | نیشانەی مۆرف |
| [   +] | بونی سیما |
| [   –] | نەبونی سیما |
| = | یەکسان |
| "..." | وەرگرتنی دەقێک وەکخۆی |
| >> | گریمانەی پێشەکی |
| هتد ... | هەتادوایی |

<u>**لیستی هێڵکاری و خشتە و چارتەکان**</u>


| ژمارە | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| هێڵکاری ژمارە (١) | پۆلێنی مۆرفیم | 19 |
| هێڵکاری ژمارە (٢) | جۆرەکانی مۆرفیم | 22 |
| هێڵکاری ژمارە (٣) | مۆرفیمی کۆ و ئەلۆمۆرفەکانی | 29 |
| هێڵکاری ژمارە (٤) | لێکدانەوەی واتای ژمارە بەپێی تیۆری ناولێنان | 79 |
| هێڵکاری ژمارە (٥) | لێکدانەوەی واتای ژمارە بەپێی تیۆری هۆشەکی | 81 |
| هێڵکاری ژمارە (٦) | لێکدانەوەی واتای ژمارە بەپێی تیۆری هۆشەکی | 81 |
| خشتەی ژمارە (١) | خستنەڕوی ڕێژەی ئەو ژمارانەی واتای سیمانتیکی دروست دەکەن | 96 |
| چارتی ژمارە (١) | خستنەڕوی ڕێژەی سەدیی ژمارەی بەکارهاتو لە واتای سیمانتیکدا | 97 |

## پوختەی توێژینەوە

ژمارە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە، کە هەم دەرکەوتەکانی هەم واتا و هەم ئەرکە ڕێزمانی لێکسیکییەکانی وەک هەر یەکەیەکی واتایی ترە. لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی وشەی نوێدا ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر هەن، بە یارمەتی یەکەی زمانی تر. ژمارەش یەکێکە لەو دانە زمانییانەی دەتوانێت بەرهەمدار بێت لە پرۆسەی دروستکردنی وشەی نوێدا. چ وەک بنکە، کە دەتوانێت گیرەکی تر وەربگرێت، بەتایبەتی لە پرۆسەی داڕشتندا. چ وەک وشەیەکی سەربەخۆ لە هەردو پرۆسەی لێکدان و دروستکردن بەڕێگەی سینتاکسی بەشداری دەکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە ژمارەکان، هەمویان پلە بەرهەمدارییان وەکو یەک نییە، وەک چۆن ئەمە بۆ یەکەکانی تری زمانیش ڕاستە. لەنێو ژمارەکانی زمانی کوردیدا چەند ژمارەیەکی دیاریکراو دەتوانن بەشداری لە پرۆسەی دروستکردنی وشە بکەن. لە نێویشیان هەندێکیان زۆر وشە دروستدەکەن و هەندێکی تریان وشەی کەمتر دروستدەکەن. ژمارە و واتا سیمانتیکییەکەی دەشێت بەپێی هەریەک لە تیۆرە واتاییەکان شیکردنەوەی بۆ بکرێت، هەر تیۆرە و بەپێی لێکدانەوەکانی خۆی واتای ژمارەش لەخۆ دەگرێت. ئەمەش ئەوەمان پیشاندەدات کە چەمکی ژمارە تەنها لە چوارچێوەی ژماردن کورت نابێتەوە، بەڵکو زۆرجار واتا و چەمکی تریش پیشان دەدات. لە ڕوانگەی سیمانتیکییەوە ژمارە دەتوانێت واتایەکی فەرهەنگی جێگر و نەگۆڕی هەبێت، لەم ڕوەوە لە بەشە ئاخاوتنەکانی تریش واتاکەی جێگرتر و چەسپاوترە بەپێی واتا سیمانتیکیەکەی دەتوانێت زۆر وشەی نوێ دروستبکات بۆیە واتا سیمانتیکییەکەی بەرهەمدارە.

لە ڕوانگەی واتای پراگماتیکیش ژمارە دەتوانێت واتایەکی تری هەبێت بەگوێرەی دەوروبەر و مەبەستی قسەکەر. بەوپێیەی واتای ژمارە تەنها لە چوارچێوەی واتای فەرهەنگیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو بەگوێرەی بەکارهێنانەکان و مەبەستەکان دەکرێ واتای تر بگەیەنن. لەم ڕوەشەوە ژمارە بەبەرهەمە و دەتوانێت چەندین واتای پراگماتیکی جیاواز بەگوێرەی هەریەک لە بوارەکانی پراگماتیک پیشان بدات.

# ناوەڕۆک

**٠: پێشەکی** .......... 1

٠-١: ناونیشانوبواری توێژینەوەکە .......... 1
٠-٢: ڕێبازی توێژینەوەکە .......... 1
٠-٣: سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە .......... 1
٠-٤: گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە .......... 2
٠-٥: پرسیارەکانی تویژینەوە .......... 2
٠-٦: گرفتی توێژینەوە .......... 3
٠-٧: ناوەڕۆک و بەشەکانی توێژینەوە .......... 3

**بەشی یەکەم: چەمکی ژمارە وەک دانەیەکی مۆرفۆلۆژی**

١-١: چەمک و پێناسەی مۆرفۆلۆژی .......... 5
١-٢: مۆرفیم و جۆرەکانی .......... 7
١-٢-١: بیری مۆرفیم و سەرهەڵدانی .......... 8
١-٢-٢: چەمک و پێناسەی مۆرفیم .......... 10
١-٢-٣: پۆلێنکردنی مۆرفیم .......... 14
١-٣: تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم .......... 23
١-٤: شوێنی ژمارە لەنێو جۆرەکانی مۆرفیمدا .......... 26
١-٥: چەمکی ژمارە لە زانستەکانی تردا .......... 29
١-٥-١: چەمکی ژمارە لە ئاییندا .......... 30
١-٥-٢: چەمکی ژمارە لە فەلسەفەدا .......... 33
١-٦: چەمکی ژمارە و ڕێگاکانی دەربڕینی لە زماندا .......... 35
١-٧ بەبەرهەمی لە زماندا .......... 38
١-٧-١: بەبەرهەمی لە ئاستی دەنگدا (فۆنۆلۆژی) .......... 41
١-٧-٢: بەبەرهەمی لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا .......... 42
١-٧-٣: بەبەرهەمی لە ئاستی سینتاکسدا .......... 43
١-٧-٤: بەبەرهەمی لە ئاستی سیمانتیکدا .......... 44
١-٧-٥: بەبەرهەمی لە ئاستی پڕاگماتیکدا .......... 45

١-٨: بێ بەرهەمی لە زماندا ........................................................................ 46
١-٩: چەمک و پێناسەی ژمارە ........................................................................ 47
١-١٠: مێژوی سەرهەڵدانی ژمارە ........................................................................ 49
١-١١: شوێنی ژمارە لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا ........................................................................ 51
١-١٢: پەیوەندی ژمارە بە بەشە ئاخاوتنەکانی ترەوە ........................................................................ 53
١-١٢-١: پەیوەندی ژمارە بە ناوەوە ........................................................................ 54
١-١٢-٢: پەیوەندی ژمارە بە ئاوەڵناوەوە ........................................................................ 56
١-١٣: ڕێگاکانی پۆلێنکردنی ژمارە لە زماندا ........................................................................ 57
١-١٣-١: جۆرەکانی ژمارە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە ........................................................................ 59
١-١٣-١-١: ژمارەی بنجی و تایبەتمەندییەکانی ........................................................................ 59
١-١٣-١-٢: ژمارەی ڕیکخستن و تایبەتمەندییەکانی ........................................................................ 63
١-١٣-١-٣: ژمارەی کەرتی و تایبەتمەندیەکانی ........................................................................ 64
١-١٤: جۆرەکانی ژمارە لەڕوی ڕۆنانەوە ........................................................................ 68
١-١٤-١: ژمارەی سادە ........................................................................ 68
١-١٤-٢: ژمارەی ناسادە ........................................................................ 68


## بەشی دووەم: بەبەرهەمیی ژمارە لە ئاستی سیمانتیکدا


٢-١: سیمانتیک........................................................................ 71
٢-١-١: چەمک و زاراوەی سیمانتیک ........................................................................ 71
٢-١-٢: پێناسەی سیمانتیک و واتا ........................................................................ 72
٢-٢: بوارەکانی لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی ........................................................................ 76
٢-٣: لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی ژمارە لە ڕوانگەی تیۆرە واتاییەکانەوە ........................................................................ 77
٢-٣-١: تیۆری ناولێنان (ئاماژە) ........................................................................78
٢-٣-٢: تیۆری هۆشەکی ........................................................................ 79
٢-٣-٣: تیۆری بەکارهێنان (دەوروبەر) ........................................................................ 82
٢-٣-٤: تیۆری سیما واتاییەکان (شیکردنەوە) ........................................................................ 85
٢-٣-٥: تیۆری ڕەوشتکاری ........................................................................ 86
٢-٤: پۆلێن و خستنەڕوی ئەو ژمارانەی واتای سیمانتیکییان هەیە لە ڕوانگەی ڕۆنانەوە ........ 88
٢-٤-١: ژمارەی داڕێژراو ........................................................................ 88
٢-٤-٢: ژمارەی لێکدراو ........................................................................ 89

٢-٥: نیشاندانی توانا و بەرهەمی ژمارە لە دروستکردنی واتای سیمانتیکی .......................... 94
٢-٦: پۆلێنی ئەو ژمارانەی کە واتای سیمانتیکی دروستدەکەن لە ڕوانگەی جۆری ژمارەکانەوە 98
٢-٦-١: ژمارەی بنجی ........................................................................... 98
٢-٦-٢: ژمارەی ڕێکخستن ......................................................................... 98
٢-٦-٣: ژمارەی کەرتی ........................................................................... 98
٢-٧: ئەو ژمارانەی ناوی تایبەتی شوێن دروستدەکەن ........................................... 99
٢-٨: ژمارە و هاوبێژەکانی ..................................................................... 100

## بەشی سێیەم: بەبەرهەمیی ژمارە لە ئاستی پڕاگماتیکدا

٣-١: پڕاگماتیک و بوارەکانی .................................................................. 102
٣-١-١: سەرەتایەک دەربارەی پڕاگماتیک ..................................................... 102
٣-١-٢: چەمک و پێناسەی پڕاگماتیک ......................................................... 104
٣-١-٣: بوارەکانی پڕاگماتیک ................................................................... 105
٣-٢: تایبەتمەندیی واتای پڕاگماتیکی ........................................................ 107
٣-٣: ڕۆڵی ژمارە لە گەیاندنی واتای پڕاگماتیکیدا .......................................... 109
٣-٣-١: میتافۆڕ .................................................................................. 109
٣-٣-٢: ئیدیۆم ................................................................................... 113
٣-٣-٣: گوتن ..................................................................................... 117
٣-٤: کردە قسەییەکانی ژمارە ................................................................ 119
٣-٥: بنەماکانی هاریکاری و ژمارە ........................................................... 127
٣-٦: گریمانەی پێشەکی و ژمارە ............................................................. 131
٣-٧: نیشانکاری و ژمارە ...................................................................... 138
ئەنجام ........................................................................................... 142
لیستی سەرچاوەکان ............................................................................ 144
پاشکۆ(وشە بەکارهاتوەکانی کەرەستەی توێژینەوەکە)................................................ 155
پوختە بە زمانی عەرەبی ........................................................................ 160
پوختە بە زمانی ئینگلیزی ....................................................................... 161

# پێشەکی:

## ٠-١: ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بەبەرهەمیی ژمارە لە ڕوانگەی واتای سیمانتیکی و پڕاگماتیکییەوە)یە، هەوڵێکە بۆ نیشاندان وخستنەڕوی ڕێژەی توانا و بەبەرهەمیی ژمارە لە دروستکردنی واتای سیمانتیکی و دەرخستن و نیشاندانی توانا و بەبەرهەمیی ژمارە لە ئاستی واتای پڕاگماتیکدا، توێژینەوەکە لە بواری واتاسازییەوەیە.

## ٠-٢: ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی (وەسفی- شیکاری)ی ئەنجامدراوە، بۆ باسکردن لە واتا و تیۆرە واتاییەکان و پڕاگماتیک و لایەنەکانی تری پەیوەست بە ڕەهەندی تیۆری توێژینەوەکە. هەروەها بۆ بەشە کارەکییەکە پشت بە ڕێبازی ئاماری بەستراوە، بۆ ئەوەی ئەنجامی داتاکان دیاری بکات.

## ٠-٣: سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکەمان بریتییە لە کارکردن و نیشاندانی ڕێژەی توانا و بەرهەمی ژمارە لە هەردو ئاستی سیمانتیکی و پڕاگماتیکیدا، کەرەسەی توێژینەوەکە لە زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست، قسەی ڕۆژانەی خەڵک وەرگیراوە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی نمونەکان سود لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردی بەتایبەتی فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە، خاڵ، کوردستان، ئیدیۆمی عەبدولوەهاب شێخانی) وەرگیراوە.

## ٠-٤: گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانج و گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کە لەچەند خاڵێکدا پوختی دەکەینەوە، وەک:

١- نیشاندان و خستنەڕوی ڕێژەی توانا و بەرهەمی ژمارە لە دروستکردنی واتای سیمانتیکیدا.

٢- دەرخستن و نیشاندانی توانای ژمارە بەوەی جگە لە بەکارهێنانە سەرەکییەکەی خۆی، وەکو بەشە ئاخاوتنێک لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە بەشداری و بەرهەمی زۆری لە دروستکردنی وشەی نوێدا هەیە.

٣- دیاریکردنی ئەو واتا و مەبەستانەی ژمارە لە بەکارهێناندا وەریان دەگرێت، بەوەی مەرج نییە ژمارە تەنها واتای فەرهەنگی هەبێت، بەڵکو دەشێت واتای پڕاگماتیکیشی هەبێت.

## ٠-٥: پرسیارەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە وەک:

١- تیۆرەکانی سیمانتیک چۆن واتای ژمارە لێکدەدەنەوە؟

٢- ئەو ژمارانە کامانەن، کە لە دروستکردنی واتای سیمانتیکی بەرهەمدارن؟

٣- لە زمانی کوردیدا ژمارە چۆن بەشداری لە داڕشتن و پێکهێنانی وشەی نوێ دەکات؟

٤- ڕۆڵی ژمارە لە گەیاندنی واتای پڕاگماتیکیدا چییە؟

٥- ئەو ژمارانە کامانەن، کە واتای پڕاگماتیکی دروستدەکەن؟

### ٠-٦: گرفتی توێژینەوە:

ئەو توێژینەوەیە بە دوای گرفتی ئەوەدا دەچێت، کە ژمارە بەکارهێنانی جیاوازی هەیە و واتا و مەبەستی جیاجیا دەدات، هەرچەندە وەک بەشە ئاخاوتن دەوترێت واتای جێگیر و نەگۆڕی هەیە، بەڵام کاتێک ڕوپێویەکی وردی بەکارهێنانە جیاوازەکان بکەین، دەبینین هەم لە سیمانتیک و هەم لە پڕاگماتیکدا ژمارە بەکارهێنانی جۆراوجۆری هەیە.

### ٠-٧: ناوەڕۆک و بەشەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆیەک و کورتەی باسەکە بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، لە سێ بەش پێکهاتوە:

**بەشی یەکەم:** بە ناونیشانی (چەمکی ژمارە وەک دانەیەکی مۆرفۆلۆژی)یە، چەند باسێکی تیۆری لە بارەی چەمک و پێناسەی مۆرفۆلۆژی و مۆرفیم و جۆرەکانی خراونەتەڕو. هەروەها باسکردنی بیری مۆرفیم و سەرهەڵدانی و چەمک و پێناسەی مۆرفیم و پۆلێنکردنی مۆرفیم و تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم ئاماژەیان پێدراوە. پاشان شوێنی ژمارە لە نێو جۆرەکانی مۆرفیمدا خراوەتەڕو. دواتر باس لە چەمکی ژمارە لە زانستەکانی تری وەک ئایین و فەلسەفەدا و چەمکی ژمارە و ڕێگاکانی دەربڕینی لە زماندا خراونەتەڕو. لەگەڵ باسکردنی بەبەرهەمی لە زماندا و خستنەڕوی بەبەرهەمی هەریەکە لە ئاستی (فۆنۆلۆجی – مۆڕفۆلۆژی – سینتاکس – سیمانتیک – پڕاگماتیک)دا، لەگەڵ بێ بەرهەمی لە زماندا، هەروەها هەریەکە لە چەمک و پێناسەی ژمارە و مێژوی سەرهەڵدانی ژمارە و شوێنی ژمارە لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا باسیان لێوەکراوە. پاشان پەیوەندی ژمارە بە بەشەئاخاوتنەکانی ترەوە بەتایبەت پەیوەندی ژمارە بە ناو و ئاوەڵناوەوە

ڕونکراوەتەوە، دواتر ڕێگاکانی پۆلێنکردنی ژمارە لە زماندا و جۆرەکانی ژمارە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە و جۆرەکانی ژمارە لە ڕوی ڕۆنانەوە خراونەتەڕو.

**بەشی دووەم:** لەژێر ناونیشانی (بەبەرهەمیی ژمارە لەئاستی سیمانتیکدا)یە، کە تێیدا چەند بوارێکی تایبەت بە سیمانتیکی لە خۆگرتوە، وەک: چەمک و زاراوەی سیمانتیک، پیناسەی سیمانتیک و واتا، بوارەکانی لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی، پاشان لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی ژمارە لە ڕوانگەی تیۆرە واتاییەکانی (ناولێنان، هۆشەکی، بەکارهێنان، سیما واتاییەکان، ڕەوشتکاری) خراونەتەڕو. هەروەها پۆلێن و خستنەڕوی ئەو ژمارانەی واتای سیمانتیکیان هەیە لە ڕوانگەی ڕۆنانەوە باسکراوە لەگەڵ نیشاندانی توانا و بەرهەمی ژمارە لە دروستکردنی واتای سیمانتیکی، هەروەها پۆلێنکردنی ئەو ژمارانەی واتای سیمانتیکی دروست دەکەن لە ڕوانگەی جۆری ژمارەکانەوە و باسکردنی ئەو ژمارانەی ناوی تایبەتی شوێن دروست دەکەن لەگەڵ ئاماژەپێدان بە ژمارە هاوبێژەکان.

**بەشی سێیەم:** بەشی کۆتایی توێژینەوەکە بە ناونیشانی (بەبەرهەمی ژمارە لە ئاستی پڕاگماتیکدا)یە، پێکهاتوە لە: پڕاگماتیک و بوارەکانی، سەرەتایەک دەربارەی پڕاگماتیک، چەمک و پیناسەی پڕاگماتیک، بوارەکانی پڕاگماتیک، تایبەتمەندی واتای پڕاگماتیکی خراونەتەڕو، تەوەرێکی تر بۆ ڕۆڵی ژمارە لە گەیاندنی واتای پڕاگماتیکدا تەرخانکراوە و تێیدا هەریەک لە (متیافۆڕ، ئیدیۆم، گوتن) ڕونکراونەتەوە، لەگەڵ باسکردن لە کردەقسییەکانی ژمارە و بنەماکانی هاریکاریی و ژمارە خراونەتەڕو، هەرەوەها لە هەر یەکێک لە گریمانەی پێشەکی و ژمارە و نیشانکاری و ژمارە، کە کۆتا دوو تەوەری توێژینەوەکەن باسکراون.

# بەشی یەکەم

# چەمکی ژمارە وەک دانەیەکی مۆرفۆلۆژی

# بەشی یەکەم

# چەمکی ژمارە وەک دانەیەکی مۆرفۆلۆژی

## ١-١: چەمک و پێناسەی مۆرفۆلۆژی :

مۆرفۆلۆژی (وشەسازی) لقێکی ڕێزمانە و لە وشە و مۆرفیم لە زماندا دەکۆڵێتەوە، لەڕوی چەمکەوە زاراوەی مۆرفۆلۆژی کە لەزمانی یۆنانی وەرگیراوە لە: (Morphe – شێوە، فۆرم) و (Logos – زانست، لێکۆڵینەوە) پێکهاتوە، بەم جۆرە مۆرفۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارەی وشەوە لە ڕوی پێکهاتن و گۆڕانەوە (مارف، ١٩٧٩: ٤). بەم پێیە وشەسازی بە واتای وشەسازکردن دێت، لە ڕوی واتای زمانەوانییەوە، وشەکەش بەم شێوەیە پێکهاتوە:

| | | |
|---|---|---|
| ناو + | گیرەک + | گیرەک |
| وشە | ساز | ی |

بەڵام زمانەوانەکان بە سود وەرگرتن لە زاراوەی (مۆرفۆلۆژی) زمانی یۆنانی ئەم وشەیەش بەکاردێنن. سەبارەت بە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی سەرهەڵدانی یاخود بەدەرکەوتنی مۆرفۆلۆژی وەک ئاستێکی لێکۆڵینەوەی زمان، (حاتم ولیا محەمەد) لە کتێبی مۆرفۆلۆژیدا باسی بەدەرکەوتنی مۆرفۆلۆژی دەکات وەک ئاستێکی سەربەخۆ و جیاواز لە ئاستەکانی دیکەی زمان و دەڵێت: زاراوەی ڕێزمان بە واتا تەقلیدییەکەی دابەش دەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی، کە سینتاکس و مۆرفۆلۆژییە، هەر بۆیە وای دەبینێت کە مۆرفۆلۆژی وەک ئاستێکی سەربەخۆی زمان و لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە، ئەو مێژوە کۆنەی نەبێت، بەڵکو مێژویەکی نوێی هەیە و سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەکە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، لە سەرەتا و ناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردوشدا زیاتر گەشەی کرد و مۆرفۆلۆژی بەشێوەیەکی سەرەکی بە

ڕێکارێکی ئێستایی دادەنرا. واتە لە سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری و پێشکەوتنی زیاتر و جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینی (محەمەد، ٢٠١٩: ٩). هەروەها دەگوترێت وشەسازی وەک لقێکی ڕێزمان یەکێکە لە توێژینەوە زمانەوانییە وەسفییەکان و لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی ڕۆنانکاری سەریهەڵدا یان وشەسازی ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتنی ناوەوەی وشە و پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان و ئەرکیان دەکۆڵێتەوە لەگەڵ ئەو یاسایانەی وشەی پێ سازدەکرێت، یان  لە گۆڕانی پێکهاتەی وشە دەکۆڵێتەوە، دەتوانین بڵێین ئەو زانستە جەخت لەسەر شێوەی مۆرف و وشە دەکاتەوە. دەکرێ بڵێین وشەسازی بەپێی کات دوو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

أ- ئێستایی: باس لە باری ئێستای وشەکە دەکات لە ڕوی ئەرک و پێکهاتنەوە.

ب- مێژویی: دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی لەدایکبون و گۆڕان و بەکارهێنانی وشەکە (دزەیی، ٢٠١٥- أ: ١٧) ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبێت، لە ڕەهەندی ئێستایی ژمارە دەکۆڵینەوە و ناچینە لایەنی مێژویی.

مۆرفۆلۆژی بریتییە لە لقێکی سەرەکی زمانناسیی نوێ و لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە، دو لقی سەرەکی لە مۆرفۆلۆژی هەن ئەویش مۆرفۆلۆژی وشەگۆڕ و مۆرفۆلۆژی وشەداڕێژن (ناوخۆش، ٢٠٠٥: ٤٢). جگە لەوانەی کە وتران، وشەسازی پێناسەی جۆراوجۆری لەسەرچاوە زمانەوانییەکان بۆکراوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕو:

ئەو زانستەیە کە لەمۆرفیم (Morpheme)و وشە دەکۆڵێتەوە لەڕوی قەوارە(form)و جۆرو مانایەوە (هەورامانی، ١٩٧٤: ٢٣). یان لەداڕشتن و گۆڕانی وشە دەکۆڵێتەوە (موکریانی،١٩٨٦: ٥). یان مۆرفۆلۆژی لقێکە لە لقەکانی ڕێزمان، لەپێکهاتنی وشە لە ڕوی پێشگرو پاشگرو ناوگرو ڕەگەکان دەکۆڵێتەوە (الخولی، ١٩٩١: ١٧٤). هەروەها، وشەسازی بەشێکە لە ڕێزمان کە لەپێکهاتنی شیکردنەوەی وشەدا بڕیاردەدات، یەکەی سادەی ئەم شیکردنەوەیە مۆرفیمە (کلباسی،١٣٨٠ :١٩). یاخود دیراسەی ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە (فتاح، قادر،٢٠٠٦ :٧). یان ئەو زانستەیە، کە لە پێکهاتەی

ناوەوەی وشەکان و ئەو یاسایانەش کە وشەکانی لێدروستبوە دەکۆڵێتەوە"( Fromkin, 2011:41). یاخود بەشێکە لە ڕێزمانی زمان، کە لە ڕۆنانی وشە دەکۆڵێتەوە، واتە ڕێگاکانی دروستبونی وشەی زمان، دەبێتە تەوەرەی ئەم زانستە و بە دانەی سادەی شیتەڵکاری دەوترێت مۆرفیم (سەعید، ٢٠١٣: ٧). لە دوایین پێناسەدا هاتوە، مۆرفۆلۆژی ئەو زانستەیە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکی کەرەستەکانی خۆی کە وشە و مۆرفیمەکانن دەتوێژێتەوە (ڕەسوڵ، ٢٠٢٣: ٢٧).

زمانەوانان بەگشتی لە پێناسەی وشەسازیدا بۆچونەکانیان لە یەکترەوە نزیکن بەوەی کە وشەسازی لەپێکهاتەو گۆڕانی  وشە دەکۆڵێتەوە، کەواتە لەکۆی ئەو پێناسانەوە دەکرێ بڵێین: مۆرفۆلۆژی ئەو زانستەیە، کە لێکدانەوەی وشەمان بۆ دەکات و لە گۆڕانی وشە و پێکهاتەی ناوەوەی وشە و یەکە پێکهێنەرەکانی دەکۆڵێتەوە، واتە لە  وشەسازیدا فێردەبین ئەو وشانەی کە لە زماندا هەن بەچ دەستورێک سازکراون و ئەو گۆڕانکاریانەش چین، کە بە درێژایی مێژو بەسەر وشەکاندا هاتون. مەوداو بوارێکی مۆرفۆلۆژی پۆلێنکردن و هەڵاوێرکردنی وشەکانە، لە ڕوانگەی جیاواز و بەپێی بنەمای جیاجیا. یەکێک لەو بنەمایانە جیاکردنەوەی وشەکانە بەپێی کەتیگۆری، کە دەکرێن بە ناو و ئاوەڵناو و ژمارە و ... هتد. دوای جیاکردنەوەیان هەریەک لەم پۆلانە سروشت و پێکهاتەیان لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە دەکەوێتە چوارچێوەی لێکدانەوەی مۆرفۆلۆژییانە.

### ١-٢: مۆرفیم و جۆرەکانی:

چەمکی مۆرفیم و جۆرەکانی فرەڕەهەندە و ئاڵۆزە، چونکە ڕوانگەی ناساندنی مۆرفیم جۆراوجۆرە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. جۆرەکانیش هەمەچەشن و پۆلێنی جیاجیایان هەیە، بەپێی سروشت و دەرکەوتەیان، ئەرک و واتایان، گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە لێرەدا بەجیا هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین.

**١-٢-١: بیری مۆرفیم و سەرهەڵدانی:**

بیری مۆرفیم لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە ڕێزمانی تەقلیدی نەیتوانی پێناسەیەکی تەواو بۆ وشە بدۆزێتەوە، واتە بەهۆی وشەوە نەتوانرا زۆربەی یەکەکانی زمان جیابکرێنەوە، بۆیان دەرکەوت، کە پێناسەکردنی وشە ئاسان نییە، زۆربەی پێناسەکانی وشە پێناسەیەکن ناتوانن لەگەڵ بیری زمانەوانانی ئەم سەردەمەدا بگونجێن "ڕێزمانی تەقلیدی وشەی بە بنج داناوە بۆ شیکردنەوەی زمان، بەڵام نەیتوانیوە پێناسینێکی پڕ بە پێست بۆ چەمکی وشە داڕێژێ و بشێ تیۆرێکی گشتی لەسەر دابنرێ" (ئەمین، ٢٠٠٩ : ٣٦٣). چونکە لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا بۆیان دەرکەوتوە، کە یەکەی وا هەیە بەر وشە ناکەوێت، لەبەرئەوە وشە دەتوانرێت بۆ پارچەی بچوکتر لە خۆی کەرت بکرێت، کە واتاو شێوەی سەربەخۆیان نییە. لە ڕێزمانی دێریندا بەشێوەیەکی گشتی قوتابخانە زمانەوانییەکان کۆک بون لەسەر ئەوەی وشە بە بچوکترین دانەی واتاداری زمان دابنێن "وشە بە بنج دادەنرا بۆ شیکردنەوەی زمان" (حەمەد، ٢٠١٣: ٣٥) لەدوای ئەوە بەهۆی پێشکەوتنە زمانەوانییەکانەوە بۆچونی جیاواز لای لێکۆڵەران دروستبو، زیاتر کەموکورتییەکانیان دۆزییەوە، کە وشە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە و پێویستی بە کەرتکردنە بۆ دانەی بچوکتر، هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی  "زانایانی زمان ڕویان لە وشە وەرگێرا و جێگرەوەیەکی تریان دۆزییەوە، کە مۆرفیم بو، وردەوردە بیرۆکەی مۆرفیم لە ئەمریکا، پاشان لە ئەوروپاوە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییدا لە لایەن (بلۆم فیڵد)ەوە لە ساڵی (١٩٣٠)ەوە سەری هەڵدا، پاش ئەم مێژوە بەهۆی مۆرفیمەوە لە زمانە جیاوازەکان کۆڵرایەوە و باڵی بەسەر لێکۆڵینەوەی زمانە جیاوازەکاندا کێشا، لە زمانی کوردیشدا لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکانەوە بیرۆکەی مۆرفیم هاتە ناو لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی کوردییەوە" (شوانی، ٢٠١١ : ٦٩).

کاتێک سەیری کارەکانی ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان دەکەین، دەبینین "ئەو ڕاستیەیان سەلماند، کە وشە بۆ پارچەی وردتر کەرت دەکرێت، پارچەی وەها، کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت، بەم

جۆره ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆژییان کرد بە بەشێک لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆرفیمیان لەناو چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد" (فتاح، قادر، ٢٠٠٦: ٧) .

ڕۆنانکارەکان لە توێژینەوەکانیاندا ڕاستەوخۆ نەچونەتە سەر دۆزینەوەی مۆرفیم، بەڵکو "بەدوای داهێنان و ناسینەوەی بیری فۆنیم لە کۆتایی سییەکاندا، زمانەوانەکان کەوتنە گەڕان بەدوای دانەیەکی ڕێزمانییدا، کە هەمان دەوریان بۆ ببینێ، ئەوەبو لە سەرەتای چلەکاندا بیری مۆرفیم هاتە کایەوە، بەپێی ئەم بیرە هەمو کەرەستەیەکی ڕێزمانی شیدەکرێتەوە بۆ چەند دانەیەکی بچوک، کە پێی دەوترێت مۆرفیم" (فتاح، ٢٠١١: ٨٤) .

دەتوانین بڵێین "نەک هەمو کەرەستەیەکی ڕێزمانی، بەڵکو بەشێکی زۆری کەرەستە فەرهەنگیەکانیش شیانی ئەوەیان تێدایە بۆ دانەی بچوک شیبکرێنەوە کە پێیان دەگوترێت مۆرفیم" (خۆشناو، ٢٠١٦ : ١٩).

کەواتە بیری مۆرفیم و سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە لە یەکەیەکی تری بچوکتر لە وشە دەکات تاوەکو ئەمڕۆ چەندین قۆناغی جیاوازی بڕیوە"بەتایبەتی گەشەکردنەکەی لەگەڵ هەنگاوەکانی پەرەسەندنی قوتابخانەی بونیادگەری ئەمریکی هاوتەریب بوە، بەتایبەتی کارەکانی ساپێر" (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٩). لێرەوە وردەوردە زانستی زمان بەرەوپێشچونی بەخۆیەوە بینی و بیری مۆرفیمیش جێگە و پێگەی گرنگی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا کردەوە و لقێکیش لە زمانەوانیدا تەرخانکرا بۆ توێژینەوە لە مۆرفیم و چۆنیەتی لێکدانیان لە دروستەی وشە و پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانی تردا.

لەدوای ئەمەوە لێکۆڵینەوە لە مۆرفیم چوە قۆناغێکی نوێوە و ڕێگەی خۆشکرد بۆ زیاتر ئاشنابونمان بە مۆرفیم و پۆلێنکردنە جیاوازەکانی مۆرفیم و مەرجەکانی بون بە مۆرفیم و چەمکی مۆرفیم، واتە ئەم دانە زمانییە بۆ ئەوە دۆزرایەوە، کە بەشێوەیەکی زانستی و ورد بنەماکانی زمانی لەسەر شیبکرێتەوە.

### ١-٢-٢: چەمک و پێناسەی مۆرفیم:

مۆرفیم ئەو چەمکەیە، کە لە مێشکی مرۆڤدا هەیە، یەکەیەکی هۆشەکی بێ قەبارەیە یان دەتوانین بڵێین نابەرجەستەیە و تەنها لە مێشکدایە "نیشانەی بەرجەستەکراوی مۆرفیم، مۆڕفە" ( کلباسی، ١٣٩١: ٢١). یاخود وشەیەکی گریکییەو چەمکی فۆڕم ئەدا" (ڕەسوڵ، ١٩٩٥: ٧١). لە هەمو زمانەکانی جیهانیشدا هەستی پێ دەکرێت و بەهۆی مۆڕفەوە چەمکەکەی دەردەکەوێت و خاوەن چەمکە. لە زماندا هەر دانەیەک یان هەر داهێنانێکی زمانەوانی سەرهەڵبدات، بێگومان دەبێتە جێگەی مشتومڕی زمانەوانان و ڕای جیاوازی لێ دەکەوێتەوە، چونکە زمان خۆی دیاردەیەکی ئاڵۆزە و بەپێی کات بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەر بۆیەش لە پێناسەکردنی مۆرفیمدا چەندین پێناسەی جۆراوجۆر دەبینین:

هەر لە ئاشکراکردنی بیری مۆرفیم و سەرهەڵدانیەوە جارێکیتر زمانەوانان لەسەر خودی دەستنیشانکردنی پێناسەیەک بۆ مۆرفیم بۆچونەکانیان جیاوازبون و چەندین پێناسەی بۆ کراوە، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەکەی بلۆم فیڵد، کە دەڵێت:"مۆرفیم بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە" (Bloomfield, 1954: 161). ئەم پێناسەیەی (بلۆم فیڵد) بو بە بناغە و دەستپێکێکی مۆرفۆلۆژیانە بۆ مۆرفیم. هەروەها (ساپێر)یش هەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مۆرفیم "بچوکترین ڕەگەزی واتایی زمانە" (پیترا، ١٣٨٨: ١٢١). هەروەها کریستاڵ دەڵێت"مۆرفیم بچوکترین کەرەستەی زمانە کە واتای هەبێت" (Crystal, 1980:231). لێرەدا دەبینین سەرنجدان و تێڕوانینەکانی ئەم سێ زمانەوانە بۆ مۆرفیم لەیەک نزیکیەکی زۆری تێدایە و بەپێی پێناسەکانیان چەمکی مۆرفیم هەمان شت دەگەیەنێت، کە بچوکترین یەکەی واتاداری زمانە و واتا بە بنەما دادەنێن بۆ جیاکردنەوەی مۆرفیمەکان. هەر لەسەر بنەمای ئەم پێناسانە و بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری چەمکی مۆرفیم، پێناسەی تر بۆ چەمکی مۆرفیم خراونەتەڕو، لەوانە: ستاگە بێرگ دەڵێت: "

بچوکترین دانەی زمانی کە واتای هەبێت و دابەش نەبێت بۆ دانەی بچوکتر، شیاوی دوبارەبونەوەی هەبێت پێی دەوترێت مۆرفیم" (Stageberg, 1981:83).

بەسەرنجدان لەو پێناسانە دەبینین لە سەرەتاوە زمانەوانان جەختیان لەسەر واتا بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرتنەبون بۆ پارچەی وردتر بەبێ تێکچونی واتا وەک یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی مۆرفیم باسی لێ کراوە. کاتامبا دەڵێت: "مۆرفیم دانەیەکی بچوکی کەرت نەکراوی زمانە، دەبێت واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت و بەشداربێت لە دروستکردن و پێکهێنانی وشە" ( Katamba, 2006:20). محەمەد علي الخولي، دەڵێت: مۆرفیم بچوکترین دانەی زمانە کە واتای هەیە (الخولي، ١٩٩١: ١٧٤).

زمانەوانانی کوردیش دەربارەی پێناسەکردنی مۆرفیم لەبەر تیشکی کارتێکردنی بۆچونەکانی زمانەوانە ڕۆژئاواییەکان بەگشتی، پێناسەی مۆرفیمیان کردوە، هەندێکیان دەخەینەڕو:

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف)، دەڵێت: مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە (مارف،١٩٧٧: ٢٣).

(صادق بهاالدین ئامێدی)، دەبێژێت: "مۆرفیم بریتییە ژ بچوکترین پرتا مەعنادارە زمانی" (ئامێدی، ١٩٧٦: ١٤٩).

ئەگەر سەرنجێکی کورت لەبارەی ئەم پێناسانەوە بدەین، دەتوانین بڵێین تەنیا باسیان لەلایەنی واتایی مۆرفیم کردوە و لایەنی ئەرکی و ڕێزمانییان پشتگوێ خستوە، لەکاتێکدا مۆرفیمە بەندەکان بەشێکیان تەنیا ئەرکیان هەیە و واتایەکی فەرهەنگییان نییە، بۆ نمونە مۆرفیمی بەندی (ەکە) یان مۆرفیمی (ان) لەم وشانەدا:

کوڕ + ەکە = کوڕەکە          کچ + ان = کچان

- (ەکە) مۆرفیمێکی ڕێزمانی ناساندنە، (ان) مۆرفیمێکی ڕێزمانی کۆیە.

واتە بە لای ئەمانەوە زاراوەی مۆرفیم بۆ بچووککردنەوەی یەکەی واتا بەکاردێت، کە وشە پێکبهێنێ و بچوکتر نەکرێتەوە. (وریا عمر ئەمین)، دەڵێت: مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنیمێ یان زیاتر پێکدێت و دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە بە گۆڕین و لابردنی هەر فۆنیمێکی یا بە لەت لەت کردنی، مانا و دەورە ئەسڵییەکەی تیا ئەچێ (ئەمین، ٢٠٠٩ : ٣٦٤).

هەروەها "مۆرفیم یەکەیەکە، ناتوانرێت لەڕێی شیتەڵکردن و جیاکردنەوەوە بکرێت بەیەکەی گچکەتری خاوەن واتا یان هەڵگری واتا" (مەحوی، عومەر، ٢٠٠٤: ٦٢). پێناسەکان تاڕادەیەک لە یەکەوە نزیکن و خاڵی هاوبەشی نێوانیان پێداگرییە لەسەر ئەوەی هەیە، کە ناتوانرێ مۆرفیم بۆ دانەی بچوکتر کەرتبکرێ و واتاش لەدەست نەدات.

(یوسف شەریف سعید) دەڵێت: مۆرفیم بچوکترین یەکەی واتایی یان ئەرکداری زمانە، کە لە زنجیرەی ڕێکخستنی یەکەی ڕێزمانی زمان لە ڕۆنانی وشەدا بەکاردەهێنرێت (سەعید، ٢٠١٣: ٨).

(سعید کەرەمی) دەڵێت: مۆرفیم بریتییە لە بچوکترین کەرتی مانادار یان ئەرکداری زمان، وەک: چیا، من، ترس، ان، – ەوە، چ (ڕەگی دەچم) ( کەرەمی، ١٣٩٦: ٥) .

(محەمەد معروف فتاح و صباح ڕەشید قادر) دەڵێن: مۆرفیم بریتییە لە بچوکترین جیاوازی لە فۆرمدا (واتە لە شێوەی وشەدا) کە بچوکترین جیاوازی لە واتای وشە یان ڕستە یان لە ڕۆنانی ڕێزمانیدا دروست بکات، جا مۆرفیم خۆی واتای هەبێت (وەک هەندێ جار هەیەتی) یان هەر نەیبێت لە بارەکە ناگۆڕێت (فەتاح، قادر، ٢٠٠٦: ١٤).

ئەوەی ئەمان گرینگی پێ دەدەن، ئەوەیە کە مۆرفیم جیاوازی دروست بکات واتە دوو وشە یان ڕستە یان دوو ڕۆنان لە یەکتری جیابکاتەوە.

هەروەها (محەمەد معروف فتاح) دەڵێت: هەمو کەرەسەیەکی ڕێزمانی بۆ چەند دانەیەکی بچوک شیدەکرێتەوە کەپێی دەڵێن مۆرفیم (فتاح، ٢٠١١: ٨٤). (حاتم ولیا محەمەد) دەڵێت: مۆرفیم

بچوکترین جیاوازییە، لە شێوەی وشەیەکدا کە پەیوەستە بە بچوکترین جیاوازی لە واتای وشە یان ڕستە یان ڕۆنانی ڕێزمانیدا (محەمەد، ٢٠١٩: ٥٩).

ئەم پێناسەیە لەگەڵ پێناسەکەی (محەمەد معروف فتاح و سەباح رەشید) نزیکیەکیان هەیە بەوەی کە بچوکترین جیاوازی ئەنجامێکی گرینگ بەدەستەوە دەدات، پێیان وایە کە گرنگ ئەوەیە مۆرفیم جیاوازی دروست بکات کە دوو وشە یان دوو ڕستە یان دوو ڕۆنان لە یەکتری جیابکاتەوە .

لەناو پێناسەکاندا جۆرێک لە کۆکبون و جەختکردنەوە لەسەر مەرجی بوونی واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەیە، بۆ نمونە (شەهاب شێخ طیب) واتا و ئەرک بەیەکەوە یان هەر یەکێکیان بە جیا وەک مەرجێکی دەستنیشانکردنی مۆرفیم دادەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش وشەی (شەوە) ڕوندەکاتەوە کە وشەیەکە لە دوو مۆرفیم پێک دێت، (شەو) واتای خۆی هەیە و ناوە، بەڵام (ە) هیچ واتایەکی نییە، بەڵام خاوەن ئەرکە، ئەرکەکەش ئەوەیە کە وشەیەکی نوێی داڕشتوە (تەیب، ٢٠١٤: ٩١).

هەروەها (شێروان حوسێن خۆشناو) سەرەڕایی جەختکردنەوە لەسەر واتا و ئەرکی ڕێزمانی مۆرفیم، هەردوکیان لە چوارچێوەی چەمکدا کۆدەکاتەوە و دەڵێت: پێویستە مۆرفیم چەمکی هەبێت، هەندێکیان چەمکی ڕێزمانی و هەندێکی تریان چەمکی فەرهەنگی، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە بۆچونێکی واتایی (فاروق عمر صدیق) دەبەستێت، کە دەڵێت "واتا بەشێکە لە چەمک و لە هەر وشەیەکدا بەشێک لە چەمک وەک واتا دەردەکەوێت" (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٢ – ٢٣).

لەکۆی ئەو پێناسانەی بۆ مۆرفیم کراوە، دەبینین زمانەوانان نەگەیشتونەتە ڕایەکی هاوبەش لەبارەی پێناسەی مۆرفیمەوە، بەڵام لێکنزیکییەک دەبینرێ لەڕوی واتاو ئەرکەوە، بەجۆرێک ئاماژە بە بونی واتا یان ئەرکی ڕێزمانی دەکەن، هەندێکیشیان واتا و ئەرک بەیەکەوە دەبەستنەوە بۆبونی مۆرفیم، دەشێت گونجاوترین پێناسە بۆ مۆرفیم دەستنیشان بکرێت، کە مۆرفیم بچوکترین دانەی زمانە، کە واتای فەرهەنگی هەبێت، یان خاوەنی ئەرکێکی ڕێزمانی بێت، یان لەیەک کاتدا واتا و

ئەرکی هەبێت، یاخود مۆرفیم بچوکترین جیاوازی لەشێوەی وشەیەکدا، کە بچوکترین جیاوازی لە واتای وشە یان ڕۆنانی ڕێزمانیدا دروست بکات، بۆ نمونە: کچان، کچەکە، کچێک، مەنوسە، بنوسە.

## ١-٢-٣: پۆلێنکردنی مۆرفیم:

سەبارەت بە پۆلێنکردن و دابەشکردنی مۆرفیم، زمانەوانان بە چەند شێوە و چەشنێک پۆلێنی جیاواز بۆ مۆرفیم دەکەن، هەندێکیان لەسەر بنەمای دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی مۆرفیم، وەک دانەیەکی سەربەخۆ، هەروەها بون و نەبونی واتا دابەشیان کردون بۆ مۆرفیمی سەربەخۆ و بەند، هەندێکی تر لەسەر بنەمای چەمک و واتا مۆرفیمەکانیان پۆلێنکردوە و دابەشکراون بۆ مۆرفیمی فەرهەنگی (لێکسیکی)و مۆرفیمی ئەرکی، بەڵام هەمویان لەشێوە گشتییەکاندا هاوبەشن. کەواتە زمانەوانان لە دابەشکردنی جۆرەکانی مۆرفیمدا شێوازی جۆراوجۆریان هەڵبژاردوە، چەند جۆرێکیان خستوەتەڕو. لەبەرئەوەی پۆڵێنکردن کارێکی وردە و پێویستی بە بنەمای تایبەت هەیە، تاکو پۆلەکان لەیەکتری جیابکەینەوە، بۆیە ئێمە بەر لەوەی هیچ یەکێک لەو پۆلێنانەی لە ڕابردودا کراون، پەسەند بکەین، لێرەدا پێداچونەوە بە هەندێ لەو پۆلێنانەدا دەکەین، تاکو بزانین لەیەکتری نزیکن، بەتایبەتی ئەو پۆلێنانەی کە لە زمانی کوردیدا کراون:

**یەکەم:** ئەورەحمانی حاجی مارف مۆرفیمی بەسەر سێ جۆردا دابەشکردوە:

ا– مۆرفیمی ڕیشەیی: بچوکترین بنکەی وشە، کە مانای سەرەکی وشە هەڵگرێ، لە زانستی زماندا بە مۆرفیمی ڕیشەیی ناسراوە، وەک: (هێز) لە وشەی(بەهێز)دا بنکەیە و مۆرفیمی ڕیشەییە، ئەم مۆرفیمە بە (مۆرفیمی سەربەخۆ)ش ناودەبرێ.

ب – مۆرفیمی وشەداڕێژ: ڕەگی وشە و وشەی سادە بەیاریدەی پێشگر و پاشگر دەتوانن مۆرفیمی وشەداڕێژ دروست بکەن، سەدان وشە و سەدان مانا و مەبەست دەرببڕن، وەک نیسکێنە، نەرمین، بەهێز، پێخەف...هتد

ت – مۆرفیمی وشەگۆڕ:

ئەو مۆرفیمەیە، کە دەچێتە سەر وشە و حاڵەتی ڕێزمانی پێکدێنێ، وەک: کوڕەکە، کچان.

مۆرفیمی وشەداڕێژ و وشەگۆڕ بە شێوەی سەربەخۆ کارناکەن و واتا نابەخشن، لەبەرئەوە هەندێک جار لە زانستی زماندا بە هەردوکیان دەڵێن: (مۆرفیمی بەند) (مارف:١٩٧٧: ٣٠-٣٤).

**دووەم:** کەوسەر عەزیز ئەحمەد بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەک جۆرەکانی مۆرفیمی بەپێی هاتن بەم شێوەیەی خوارەوە دەکات بە چەند جۆرێکەوە:

١- مۆرفیمی سەربەخۆ: لە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆدا دەبینرێ یان بە تەنیا دێت و ئاسایی واتایەکی هۆشەکی هەیە، وەک: جوان، دار، سێو.

٢- مۆرفیمی بەند: ئەوەیە هەرگیز وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێ و ئەبێ لەگەڵ مۆرفیمێکی تر بەکاربێت، وەک (ەکە، ان، هەڵ، نە)، هەروەها مۆرفیمی بەندیشی دابەشکردوە بەچەند جۆرێکەوە:

ا – مۆرفیمی داڕشتن: ئەوەیە دەچێتە سەر مۆرفیمی تر بۆ دروستکردنی وشەی نوێ یان گۆڕینی بەشە ئاخاوتنی وشەیەک.

ب – مۆرفیمی ڕێزمانی: ئەوەیە دەچێتە سەر وشە بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوان ئەم وشەیە و وشەکانی تر لەناو چوارچێوەی ڕستەدا، واتە پێویستییەکی ڕێزمانیی دەیانهێنێتە ئاراوە، وەک مۆرفیمەکانی (کۆ، تاک، ناسیاوی، نەناسیاوی...هتد).

هەروەها مۆرفیم بەپێی شوێن لە ڕستەدا دەکات بە دو بەشەوە لە کوردیدا: ا – پێشگر ب– پاشگر

هەروەها لە شوێنێکی تردا ئاماژەی بۆ جۆری تری مۆرفیم کردوە، کە بریتین لە:

ا – **مۆرفیمی ڕەگ:** ئەو بەشەی وشەیە دوای لابردنی هەمو گیرەکەکان دەمێنێتەوە، وەک: (خەو) لە (خەوتندا)، (خوێند) لە (خوێندنەوە)دا

ب – **مۆرفیمی ڕیشەیی:** بریتییە لە مۆرفیمێکی ڕەگ و گیرەکە دارِشتنەکان یان بچوکترین بەشی وشەیە کە مانای سەرەکی وشەهەڵدەگرێ، وەک: سەوز لە(سەوزایی) جام لە(جامولکەکان) (ئەحمد، ١٩٩٠ ٢٧-٣٠).

**سێیەم:** محەمەد عومەرعەول، جۆرەکانی مۆرفیمی لە ڕوی دارِشتن و پێکەوەهاتنیان لە فۆرمێکدا بەپێی سروشت و تایبەتی بەشداریکردنیان بەسەر چەند جۆرێکی سەرەکیدا دابەشکردوە، بەم شێوەیە:

**١ – ڕەگ:** مۆرفیمی ڕەگیشی لەڕوی سەربەخۆیی بەکارهێنانەوە لە شێوەی سەربەست و بەندا دەرخستوە.

**٢ – لاگر:** ئەو مۆرفیمە بەندەیە، کە بەشێوەی سەربەست دەرناکەوێت و بە تەنیا واتا نابەخشێ، بەڵکو بە جۆرەکانی تری مۆرفیم (ڕەگ، بناغە)ەوە بەندە، بۆ نمونە:

(گەر) لە وشەی (ئاسنگەر )و (ی) لە وشەی (جوانی)، (وەر) لە(وەرگرتن)، (دە) لە (دەکرِین)، (تر) لە (جوانتر) هەروەها (لاگرەکان)ی بەپێی شوێنی دەرکەوتنیان بەگوێرەی مۆرفیمی ڕەگ دابەشکردوە بە سێ شێوە:

ا – پێشگر ب – ناوگر ج – پاشگر

**٣ – بناغە:** ئەو یەکەیەیە، کە هەرچۆنێک بێت بتوانێت لاگر وەربگرێت، ئەو لاگرانەی دەچنە سەر بناغەش لە هەر دو جۆری دارِشتن و گەردانکردنن. (عەول:٢٠٠١: ٦-١٠).

**چوارەم:** ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، جۆرەکانی مۆرفیمی بە دوو شێوە دابەشکردوە:

١- بە پێی گەیاندنی واتا دابەشی کردون بۆ دوو پۆل:

**ا – مۆرفیمی سەربەست:** ئەو مۆرفیمەیە بە تەنها دەردەکەوێت و واتایەکی سەربەخۆی هەیە.

**ب– مۆرفیمی بەند:** ئەو مۆرفیمەیە بە تەنها ناوترێت و واتا نابەخشێت، دەچێتە سەر وشە یان

مۆرفیمێکی دیکە و واتا دەبەخشێت. مۆرفیمی بەند بەپێی ئەو ئەرکەی لە زماندا دەبینێت، دو جۆرن:

**ا – مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی:** ئەوانەن ئەرکی ڕێزمانی دەبینن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان وشەکان.

**ب – مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ:** ئەوانەن ئەرکی داڕشتن دەبینن.

٢ – بەهۆی شوێنی پێوەلکانیان دابەشی کردون بۆ: (پێشگر، ناوگر، پاشگر) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ٢٥-٢٦).

**پێنجەم:** وریا عمر ئەمین مۆرفیمی دابەشکردوەتە سەرسێ جۆر:

١ – مۆرفیم (سەربەست)ە یا (بەند): مۆرفیمی سەربەست ئەوەیە، کە بە تەنیا وەک وشەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت، مۆرفیمی بەندیش ئەوەیە، کە هەرگیز وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێ و ئەبێ لەگەڵ مۆرفیمێکی تر دەربکەوێت.

٢ – مۆرفیم (ڕەگ)ە یا (ئەفێکس )ە: ئەو بەشەی وشەیە کە دەمێنێتەوە دوای لابردنی هەمو ئەفێکسەکان.

٣ – مۆرفیم (مۆرفۆلۆژی ) یە یا(ڕێزمانی)یە: مۆرفیمی مۆرفۆلۆژی ئەوەیە، کە دەچێتە سەر مۆرفیمی تر بۆ دروستکردنی وشەی تازەی خاوەن مانای تازە، وەک ( هەڵ،ڕا...هتد). مۆرفیمی ڕێزمانیش ئەوەیە، کە دەچێتە سەر وشە بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوان ئەم وشەیە و وشەکانی تر لەناو چوارچێوەی ڕستەدا. (ئەمین: ٢٠٠٩ : ٣٦٥ -٣٦٦ ).

**شەشەم: ڕەفیق شوانی:**

بەپێی بونی ئەو کەرەسانەی لەزمانی کوردیدا هەن و بەکاردێن، ئەم مۆرفیمە جیاوازانەی دیاریکردوە، کە پێشتر بەم شێوەیە لە زمانی کوردیدا دیارینەکراوە:

١ – مۆرفیمی سەربەخۆ (وشە):

٢ – یەکەی زمانی بێ مۆرفیمی دیاریکراو:

مەبەست لەو یەکانەن، کە لە ئاستی وشەسازیدا لەڕوی پێکهاتنی وشەی لێکدراوی ئاڵۆزە و هەست بە بوونیان لەناو پێکهاتەی ئەم جۆرە وشانەدا دەکرێت و کەرەسەیەکی وشەداڕێژی بێ مۆڕفن، چونکە شێوەکەیان بەر هیچ کام لە مۆرفیمی بەندی وشەسازی وەکو گیرەک ناکەوێت و مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیش نین، چونکە بەشداری پێکهاتنی وشە دەکەن و واتایان بەتەنها دیار نییە و شێوەی سەربەخۆیان هەیە و واتایان لەناو وشە پێکهێنراوەکەدا دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

(هەرچی و پەرچی) وشەیەکی لێکدراوە لە دوو بەشی بێ واتا پێکهاتوە.

کەش و فش = بێواتا + واتادار.

٣ – مۆرفیمی بەند: ئەم جۆرە مۆرفیمە، بەندن و بەتەنها ئەرک و واتایان دەرناکەوێت، ئەمیش دو جۆرە:


ا – مۆرفیمی بەندی وشەسازی (مۆرفیمی وشەداڕێژ): گیرەکێکە بۆ داڕشتن و پێکهاتنی وشە بەکاردێت کاتێک دەچنە سەر وشە یا ڕەگ و قەد، وشەی نوێی لێوە پێکدێت.

ب – مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (مۆرفیمی ئەرکی): مۆرفیمێکە لە ئاستی وشەسازی ئەرک دەبینێت و دەچێتە سەر وشە و شێوەی دەگۆڕێت و ئەرکی ڕێزمانی پێدەبەخشێت، وەک (گوڵەکە، گوڵێک) (شوانی، ٢٠١١ : ٧٢).

**حەوتەم:** عەبدولواحید مشیر دزەیی: بە پێویستی دەزانێت بەپێی سروشتی زمانەکە، دابەشکردن بۆ مۆرفیمەکانی زمانی کوردی بکرێت و بەپێی ئەوەی دەبێت مۆرفیم خاوەن ئەرک و واتا بێت. مۆرفیمی بەم شێوەیە دابەشکردوە:

١ – مۆرفیمی سەربەخۆ: ئەمیشی کردوە بە دو جۆر: ا – لێکسیکی ب – ئەرکی

٢ – مۆرفیمی بەند: ئەمیشی کردوە بە دو جۆر و لە هێڵکاریەکدا نیشانی داوە:




**هێڵکاری ژماره (١):** پۆلێنی مۆرفیم (دزەیی، ٢٠١٥- أ: ٥٧).

**هەشتەم:** شێروان حوسێن خۆشناو دەربارەی پۆلێنکردنی مۆرفیم لەڕوانگەی دەرکەوتنیان دابەشی کردون بەسەر:

ا – مۆرفیمی سەربەخۆ: ئەوەیە دەبنە بناغە و بنکە بۆ مۆرفیمە بەندەکان سەربارەی ئەوەی ژمارەیان لە مۆرفیمە بەندەکانیش زیاترە، هەر مۆرفیمێکی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا دەروازەیەکی سەربەخۆی هەیە.

ب – مۆرفیمی بەند: بەو چەشنەی مۆرفیم دەوترێت، کە ناتوانێت بەتەنیایی و سەربەخۆ بەکاربهێنرێت.

هەروەها لەڕوانگەی چەمک و واتاوە دابەشی کردون بەسەر:

ا – مۆرفیمە فەرهەنگییەکان: مەبەست لەو مۆرفیمانەیە، کە چەمک و واتایەکی فەرهەنگییان هەیە. دەشێ لەشێوەی سەربەخۆدابن یان بەند.

ب – مۆرفیمە ئەرکییەکان: ئەم پۆلە زیاتر ڕۆڵیان نیشاندانی ئەرکێکی سینتاکسییە، بۆیە مۆرفیمی ئەرکیان پێدەگوترێت، چونکە تەنها ئەرکی سینتاکسی ڕادەپەڕێنن و ناچنە ناو پێکهاتەیەکی فەرهەنگییەوە. ئەمانەش بەهەمان شێوە لەڕوی دەرکەوتنەوە، لە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ و بەندا دەبینرێن. (خۆشناو: ٢٠١٦ : ٢٥ –٣١)

ئەگەر هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم جۆرانەی مۆرفیم بکەین، کە باسمان کردون، دەبینین لەم پۆلێنەدا جێگەی زۆرترین جۆری مۆرفیمەکان کراوەتەوە، چ بەپێی پێوەری دەرکەوتن چ بەپێی پێوەری چەمک و واتا.

**نۆیەم:** حاتەم ولیا لەبارەی جۆرەکانی مۆرفیمەوە دەڵێت:

مۆرفیم لە ڕوی دارشتن و پێکەوەهاتنیان لە فۆرمێکدا و بەپێی سروشت و تایبەتیی بەشداریکردنیان، بە سەر چەند جۆرێکدا دابەشی کردون:

**أ – رەگ** :

ئەو بەشەی وشەیە، کە دوای لابردنی هەمو گیرەکەکان دەمێنێتەوە و لە هەمو شێوە جۆربەجۆرەکانی لێکسیمێکدا دەردەکەوێت، وەک : باخچەکە – چە–ەکە=باخ

**ب – قەد** :

ئەو بەشەی وشەیە، کە پێش ئەوەی هەر گیرەکێکی گەردانی(ڕێزمانی) بچێتە سەر یان پێوەی بلکێت.

**ج – بنج (بناغە)** :

ئەو یەکەیەیە، کە هەر چۆنێک، هەر جۆرە گیرەکێکی بۆ زیاد بکرێت، واتە ئەو مۆرفیمەی پێش ئەوەی گیرەکێکی گەردانی (ڕێزمانی یان داڕشتن)ی بۆ زیادبکرێت بنجە. (محەمەد، ٢٠١٩: ٦٧–٧٠).

**دەیەم:** نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو مۆرفیمی بەمشێوەیە دابەشکردوە:

١ – مۆرفیمی سەربەخۆ:

آ– مۆرفیمی لێکسیکی (فەرهەنگی)　　ب – مۆرفیمی ئەرکی

٢- مۆرفیمی بەند:　١- مۆرفیمی ڕەگ (بنکە)　　٢- نوسەک (نیشانە)　٣- گیرەک

گیرەکیشی دابەشکردوە بەسەر:


آ- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (نیشانە ڕێزمانییەکان)　　ب – مۆرفیمی بەندی داڕشتن (پێشگر، پاشگر، ناوگر، ناوبەند) (خۆشناو،٢٠٢٣: ٢٤).

ئەو پۆلێنانەی بەشێوەیەکی گشتی خستماننەڕو مۆرفیمی دابەشی سەر هەردو جۆری سەربەخۆ و بەند و دواتریش فەرهەنگی و ئەرکی، ڕێزمانی و وشەداڕێژ دەکرد، کەمتر لەم زمانە کەڵکی لێدەبینرێ. یەکێک لەو کەموکوڕیانەی لە زۆربەی پۆلێنەکاندا هەیە، ئەوەیە کە هەندێ جیاوازی لە مۆرفیمە بەندەکان و جیاکردنەوەیان بەپێی شوێنیان لە وشەکاندا گرنگی پێنادەن، وەک پێشگر و پاشگر و ناوگر و جوتگر." واتە ئەو مۆرفیمە بەندانەی بە گرێوە دەنوسێن (نوسەک)، جیاناکەنەوە لەوانەی کە بە وشەوە دەلکێن (گیرەک)، هەروەها بنکەکە لە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی مۆرفۆلۆژییە، شوێنی نەدراوەتێ لە زۆر لەپۆلێنەکاندا" (فتاح، قادر، ٢٠٠٦ : ٢٩).

کەواتە پێویستە لە هەڵاوێرکردن و پۆلێنکردنی جۆرەکانی مۆرفیمدا " بێجگە لەدەرکەوتن و دەرنەکەوتن و واتا و ئەرک، شوێنی مۆرفیمەکانیش لە دووتوێی فۆڕمە ڕێزمانییەکاندا بکرێتە سیمای جیاکەرەوە و پۆلێنکردنیان بەتایبەتی لە پێکهاتەی کاردا، چونکە پێوەرەکانی دەرکەوتن و دەرنەکەوتن، ئەرک و واتا ناتوانن بەتەنیا جۆری مۆرفیمەکان دەستنیشان بکەن" (خدر,٢٠١٠: ٥١). ئەمەش بەزۆری کاتێک بە دەردەکەوێت، کە ڕەگی بەند (ڕەگی کار) لەزمانە تێکچرژاوەکاندا بەپێی پێویستی ڕستە مۆرفیمی بەندی دەچێتە سەر، بۆیە پۆلێنەکانی پێشو کەمتر سودیان لێ دەبینرێ.

سەرەڕای ئەمەش ئەو دابەشکردنانەی جۆرەکانی مۆرفیم هەریەکەیان کەلێنێک پڕ دەکەنەوە و شوێنی خۆیان دەگرن، بەڵام بەشێکیان لە هەندێ شوێن لەگەڵ تایبەتمەندییە مۆرفۆمۆلۆجییەکانی زمانی کوردی ڕێکناکەون، بە تایبەت لە بونی ناوگردا کە لە زمانی کوریدا نییە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ناوگر لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی بەتایبەتی و زمانە لکاوەکان بەگشتی وەک، کردەیەکی زیندو و بەرهەمهێن نابینرێت (دزەیی، ٢٠١٥– أ: ٥٢).

**یازدەیەم:** محەمەد معروف فتاح و سەباح ڕەشید: بە هێڵکارییەک جۆرەکانی مۆرفیمیان بەم شێوەیە دابەش کردوە.




**هێڵکاری ژمارە (٢):** جۆرەکانی مۆرفیم.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ئەم پۆلینە ئەوەیە، کە فۆڕمە بەندەکان لێکجیادەکاتەوە بۆ گیرەک و بنکەی بەند و نوسەک. ئەم جیاکردنەوەیەش بۆ ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا ڕەگی کار لەکاتێکدا هەمیشە فۆڕمێکی بەندە وەک بنکەیەکی بەند دەردەکەوێ و مۆرفیمە بەندەکانی دیکەی دەچنە سەری.

هەروەها ئەم پۆلێنە، نوسەکیش وەک فۆڕمێکی بەند لە بنکەی بەند و گیرەک جیادەکاتەوە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە گیرەکەکان، کەواتە تەنیا "ئەو پۆلکردنانە لە کوردیدا پەسەند دەبن، کە دەتوانن بیرۆکەی بنکە و نوسەک و گیرەک و بنکەی ئازاد و بەند لەیەکتری جیابکەنەوە" (فتاح، قادر: ٢٠٠٦: ٢٩). دوای خستنەڕوی هەمو ئەو پۆلێنانە، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان جۆرێک لە تێڕوانین دەکەنە بنەما بۆ جۆرەکانی مۆرفیم و تاڕادەیەک هاوبەشی لە نێوانیاندا هەیە، سەرباری بونی هەندێ جیاوازی، بەڵام ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە چەمکی ژمارەیە، کە بە هەردو ڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆ و بەند لە زمانی کوردیدا دەگەیەنرێت. بەنمونە چەمکی کۆ لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی (ان) و ئەوانی تر دەگەیەنرێت. هەروەها چەمکی تاک لەڕێگەی مۆرفیمەکانی (ەکە،ێک) سەرباری ئەوەی کە چەمکی ناساندن و نەناساندن پیشاندەدەن دەگەیەنرێت. ئەمە و سەرەڕای ئەوەی ژمارە سادەکان لە یەک مۆرفیمی سەربەخۆ پێک دێن. هەندێ جاریش چەمکی ژمارەیەک بە زیاتر لە مۆرفیمێک پیشان دەدرێت، وەکو ژمارە لێکدراوەکان و تێکەڵەکان.

## ١-٣: تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم:

لای زۆرینەی زمانەوانان بەشێوەیەکی گشتی ڕای جیاواز دەبینرێت لە دەستنیشانکردنی سیماکانی مۆرفیم، هەروەک ئاشکرایە "مۆرفیم خاوەنی سیما و سیفەتە" (محمود،٢٠٠١: ٢٨). لێرەدا هەوڵدەدەین تایبەتمەندییەکان بخەینەڕو:

**یەکەم: واتاداربون:**

ئەم تایبەتمەندییە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری مۆرفیم و دواتر ناساندنی (مۆرفیم) لەلایەن بلۆمفیڵدەوە، کە دەڵێ: (مۆرفیم) بچوکترین یەکەی واتاداری زمانییە، تاوەکو ئێستاش ناسراوترین و دیارترین تایبەتمەندی بوە. بەپێی ئەمە دەبێت هەمو مۆرفیمێک واتاداربێت، شێوەی سەرەکی لە مۆرفیمدا بونی واتایە. کەواتە واتاداربون بە گرنگترین تایبەتمەندی مۆرفیم دەرکەوتوە، هەروەها دەگوترێ"بچوکترین دانەی واتاداری زمانە" (مارف، ١٩٧٧ :٢٣).

بەپێی ئەم تایبەتمەندییە تەنیا وشە فەرهەنگییەکانی زمان وەک: یەک، دوو، سێ. چوار، کەم، زۆر، گەرم، سەوز، زستان، بزن، دار، گوڵ، چیا، شاخ، سەر ...هتد بە مۆرفیم دادەنرێن، بەڵام مۆرفیمە ئەرکییەکان هەست بە بونی واتایان ناکرێت، بەڵکو چەمکێک جێگەی واتاکە دەگرێتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم تایبەتمەندییە کۆنترین تایبەتمەندی مۆرفیمە، کە باسکرابێت زۆرینەی زماناسەکان لەسەری کۆکن.

**دووەم: بونی فیزیکی :**

یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەی بۆ مۆرفیم دیاریکراوە، بونی قاڵبی فیزیکییە، بەشێوەیەک هەندێ لە زمانەوانان دەرکەوتنی فیزیکی مۆرفیم بە مەرج دادەنێن، واتە "دەبێت بونێکی هەستپێکراوی هەبێت و خاوەن زمان بەئاسانی بیناسێتەوە" (خۆشناو، ٢٠١٦: ٣٦).

کەواتە بەپێی ئەم تایبەتمەندییە مۆرفیمی سفر, کە "مۆرفیمێکە شێوەی نییە، بەڵام ئەرکدارە, واتە مۆرفیمێکی بێ شێوەیە" (شوانی، ٢٠١١: ١٣٢). ئەوەی بونی فیزیکی نەبێت , بە مۆرفیم دانانرێت، وەک نمونەی (خەوت Ø) کە کەسی سێیەمی تاک دەرنەکەوتوە, واتە سفرە, بە مۆرفیم دانانرێت. یەکەی فیزیکی لە نوسیندا مەبەستمان پیتە و لە درکاندندا دەنگە.

**سێیەم: دوبارەبونەوە لەژینگەی زمانی جیاوازدا:**

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم ئەوەیە، کە دەبێت لە ژینگەی جیاجیادا دوبارەبێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر مۆرفیمی(نەرێ) وەربگرین لە وشەی وەکو (ناڕەوا)، (ناکۆک)، ئەوە هەردو(نا)یەکە پێشگرن و مۆرفیمی نەرێن، بەڵام لە وشەی وەکو (ناوک، نایاب، ناوەڕاست) دەبنە بەشێک لەو ئەرکە و بە یەک مۆرفیم دادەنرێن، چونکە بەشی دووەمی وشەکە لە ژینگەی جیاوازی زمانەکە جیانابنەوە. ئەم خاسیەتەی مۆرفیم لە هەندێ چەشندا زۆر و بەرچاون، بەتایبەتی لە مۆرفیمی ئەرکی (سینتاکسیدا، بەڵام لە مۆرفیمی فەرهەنگیدا، ئەمە کەمتر دەبێتەوە)، کەواتە ئەگەر دەنگێک یان چەند دەنگێک توانای دوبارەبونەوەی لە نمونەی جیاوازدا هەبێت، ئەو کاتە بە مۆرفیم دادەنرێت.(فتاح،قادر،٢٠٠٦ :٨ )

**چوارەم: کەرتنەبون:**

تایبەتمەندییەکی تری مۆرفیم ئەوەیە، کە کەرت ناکرێت بۆ پارچەی بچوکتر، کە دەگوترێ "بچوکترین پارچەی واتاداری وشەن و ناکرێت بچوکتر بکرێنەوە و مانا ببەخشن" (مارف،٢٠١٤-أ: ٢٦٨).

هەروەها ئەگەر سەیری وشەیەکی وەک (هونەرمەند) بکەین، دەبینین بە دوو مۆرفیم دادەنرێ، نەک هەر لەبەر ئەوەی (هونەر، مەند) "واتایان هەیە و لە دەوروبەری تردا دوبارەدەبنەوە؛ بەڵکو لەبەرئەوەی ئەم دو کەرتە نابن بە پارچەی وردتر بەبێ تێکچونی واتاکانیان" (فەتاح، قادر، ٢٠٠٦: ١٠)

کەواتە بەپێی ئەم تایبەتمەندییە مۆرفیم کەرتبونی نییە، ئەگەر کەرتیشکرا، مەرج ئەوەیە واتاکەی تێکنەچێت، وەک: گوڵ ، لە ، چی ، ان

مندال ، بۆ ، ستان ، ێک

دار ، من ، وان ، تر

دوای ڕوونکردنەوەی چەند تایبەتمەندییەکی مۆرفیم، دەردەکەوێت ئاسان نییە، تایبەتمەندییەکی یەکلاکەرەوە بۆ مۆرفیم دابنێین و بیکەینە مەرجی بنەڕەتی، هەرچەندە چەمک و واتا لەزۆربەی لێکۆڵینەوە مۆرفۆلۆژییەکاندا پلەی پێشەوەی دراوەتێ، جگە لە دابەشکارییەکەی (محەمەد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر) نەبێت، کە واتا پلەی کۆتایی دراوەتێ"هەر مۆرفێک بۆ ئەوەی پلەی مۆرفیم بونی هەبێت، پێویستە بەشێوەیەکی گشتی، هەریەک لە سیمای واتاداربون، دووبارەبونەوە، بونی قاڵبی فیزیکی، کەرتنەبونی تێدابێت، بەڵام دەشێت ناوێزەیی بکەوێتە هەریەک لە سیماکان، کە لە هەندێ مۆرفیم و باردا نەبینرێن" (خۆشناو،٢٠١٦: ٤١). واتە مەرج نییە هەمو تایبەتمەندییەکان بەسەر هەمو مۆرفیمێکدا جێبەجێ ببن، یان بە واتایەکی تر لەگەڵ لەدەستدانی هەر سیمایەک ئەم یەکە زمانییە لە مۆرفیم بکەوێت، واتە لە کۆی ئەو چوار سیمایە دەشێت یەکێکیان نەبێت.

## ١-٤: شوێنی ژمارە لەنێو جۆرەکانی مۆرفیمدا:

بەگشتی لە هەمو زمانێکدا، دارشتن و پێکهاتنی وشەی نوێ لە ڕێگەی وشەی بنەڕەتیی و مۆرفیمی وشەداڕێژەوە دروست دەبێت، چونکە وشەداڕێژراوەکە لە مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی وشەداڕێژ دروست دەبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین ژمارە جۆرێکە لە جۆرەکانی مۆرفیمی سەربەخۆ لە زماندا، چونکە مۆرفیمی سەربەخۆ بەو مۆرفیمانە دەگوترێت، کە "دەتوانرێت بە تەنها و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکاربهێنرێن، هەربۆیەش بە وشەیەکی سەربەخۆ دادەنرێن". (کلباسی، ١٣٨٠: ٢٢). یاخود بە تەنیا دێت و واتایەکی سەربەخۆی هەیە "هەر مۆرفیمێکی سەربەخۆش لە فەرهەنگدا دەروازەی تایبەتی خۆی هەیە و لە ڕوانگەی چەمک و واتاکانیانەوە لێکجیادەکرێنەوە" (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٦). هەروەها لەنێو مۆرفیمە سەربەخۆکانیشدا بەشێوەیەکی گشتی ژمارەکان واتایەکی فەرهەنگی هەڵدەگرن و بەشێکن لە مۆرفیمە فەرهەنگییەکان، مۆرفیمە فەرهەنگییەکانیش (دەشێ لە شێوەی سەربەخۆدا بن، یان بەند، لە چوارچێوەی مۆرفیمی سەربەخۆدا، بەو مۆرفیمانە

دەگوترێت فەرهەنگی، کە واتایەکی سەربەخۆیان هەبێت، هەرچی مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییەکانیشن، زیاتر بە گیرەکی وشەدارێژ دەناسرێن، چونکە کاتێک دەچنە سەر وشە یان هەر بنکەیەکی تر، وشەی نوێ بە واتا و چەمکی نوێ دادەڕێژن و دەروازەیەکی فەرهەنگی نوێ بۆ وشەکان دەکەنەوە و بەهۆی ئەوانەوە فەرهەنگی هەر زمانێک دەوڵەمەند دەکرێت) (خۆشناو، ٢٠١٦ :٢٩-٣٠). واتە دەتوانین بڵێین ژمارەکان واتایەکی فەرهەنگیان هەیە و بەشدارییەکی کارا و چالاک لە دروستکردن و داڕشتنی چەمک و واتا و وشەی نوێدا دەکەن. بەتایبەتی ژمارەی بنجی (کە لە دروستکردنی وشەی نوێدا چالاکە، ژمارەکان چ بە دووبارەکردنەوە یان بە وەرگرتنی مۆرفیمی وشەدارێژ، یاخود بەیەکگرتنی لەگەڵ وشەی بەشە ئاخاوتنەکانی تردا توانایەکی باشیان بۆ دروستکردنی وشەی نوێ هەیە، ژمارە هیچ جۆرە پێشگرێک وەرناگرێ، بەڵکو تەنیا پاشگر وەردەگرێ، کە مۆرفیمی وشەدارێژە) (نوری، ٢٠١٢: ٧٩). بۆ نمونە ژمارەی بنجی وەک بنکە بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێدا دەکات، وەک:

حەفت + ە = حەفتە        دوو + دڵ = دوودڵ        دوو + انە = دوانە

دوو + ڕو = دووڕو        دوو + زمان = دووزمان        سێ + دار+ ە = سێدارە

چوار + پەل = چوارپەل        پێنج + یەک = بێنج یەک        شەش + پاڵو= شەش پاڵو.

هەروەها ژمارەی بنجی لەگەڵ مۆرفیمی وشەدارێژ وشەی نوێ دروست دەکات، وەک:

یەک + ێتی = یەکێتی        چوار + ینە = چوارینە        پێنج + ی = پێنجی

شەش + ەڵان = شەشەڵان    نۆ + مینە = نۆمینە

هەروەها ژمارەکان لەگەڵ گیرەکەکاندا ژمارەی ڕێکخستن دروست دەکەن، وەک: یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، ... هتد، یان ژمارەی کەرتی دروست دەکەن، وەک: چواریەک، پێنجییەک، شەش یەک، ... هتد.

وەک ئاشکرایە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی سەربەخۆ ئەوەیە، کە دەبنە بنکە بۆ مۆرفیمە بەندەکان، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە ژمارەیان لە مۆرفیمە بەندەکان زیاترە، چونکە "هیچ زمانێک ئەو توانایەی نییە، تەنیا بە ڕەگ و وشەی سادە مەبەست دەرببڕێ" (مارف، ١٩٧٧: ٣١). لە کۆی ئەو ڕونکردنەوەیەدا، دەردەکەوێ، کە ژمارەکان بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمیان تێدایە و وەک مۆرف دەردەکەون. ئەگەر ژمارە (دوو) بە نمونە وەربگرین و لە ڕوی مۆرفیمەوە شیبکەینەوە دەبینین:

١ – مۆرفیمی سەربەخۆی (دوو) کەرت ناکرێت بۆ پارچەی وردتر بەبێ شێواندنی واتاکەی.

٢ – لە دەوروبەری تر، بە هەمان واتا دوبارەدەبێتەوە، وەک: (دوازدە، بیست و دوو، دوو سەد، دوو هەزار، ... هتد).

٣ – (دوو) بوونێکی فیزیکی هەیە، کە بە دوو فۆنیم نوێنراوە.


٤ – لە ڕوی واتاوە هەمو ژمارەیەک واتای هەیە و ژمارە بنجییەکانیش وشەی فەرهەنگین. (نوری، ٢٠١٢: ٧٨).

بەشە ئاخاوتنی ژمارەش وەک هەر بەشە ئاخاوتنێکی تر، مۆرفیم و مۆڕفی تێدا بەدیدەکرێت و تایبەتمەندییەکانیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت. ژمارەکان، وەک هەر مۆرفیمێکی تر لەسەرەتادا وەک بیرێکی نابەرجەستە لەناو مێشکماندان و بە چاو نایانبینین و قەبارەیان نییە، تەنیا لە هزری ئاخێوەردا بونیان هەیە و هەستیان پێدەکرێت، بۆیە (هەمو ژمارەکان لە سەرەتادا مۆرفیمن، بەڵام کاتێ دێنە زەمینگەی بەکارهێنان، بونی فیزیکی و قەبارەیان دەبێت و دەبن بە مۆڕف ) (نوری،

٢٠١٢: ٧٧). هەروەها لە زۆربااردا مۆرفیمی ژمارە تەنیا یەک مۆرف نوێنەرایەتی  دەکات، وەک ژمارەکانی:  (یەک)          (سێ)          (چوار)          مۆرفیم

/ یەک/          / سێ/          / چوار/          مۆرف

بەڵام مۆرفیمی (کۆکردنەوە) زیاتر لە مۆرفێکی هەیەو هەر یەکەیان بۆ ژینگەو جێگەیەک بەکاردێن، وەک:




**هێڵکاری ژمارە (٣):** مۆرفیمی کۆ و ئەلۆمۆرفەکانی.

بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت بەگشتی چەمکی ژمارە لەڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆ دەگەیەنرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا چەند مۆرفیمێکی بەندمان هەن، کە چەمکی ژمارەیان تێدایە، بەتایبەتی چەمکی تاک و کۆ، ئەوانیش مۆرفیمەکانی (ان) و ئەلۆمۆرفەکانی بۆ کۆ، و (ەک،ێک،ێ) بۆ تاک. هەریەک لە جێناوە لکاوەکان کە چەمکی ژمارەیان تێدایە، بەشێوەی مۆرفیمی بەند دەردەکەون. کەواتە ژمارە لەنێو مۆرفیمە سەربەخۆکان و مۆرفیمە بەندەکانیشدا جێدەگرێت.

## ١-٥: چەمکی ژمارە لە زانستەکانی تردا

ژمارە بریتییە لەو وشانەی ژمێردراوێک دیاریدەکەن، واتە کەرەستەی پێژماردنی شتەکانی دەوروبەری مرۆڤن. هەر کاتێک مرۆڤ بیری لەوە کردەوە، کە شتەکانی دەوروبەری پۆلێن بکات

و بیانژمێرێت، پەنای بردوەتەبەر ئەم بەشە ئاخاوتنە. بۆیە دەتوانین بڵێین ژمارەکان ئەو گوتنانەن، کە مرۆڤ لە سەردەمی زوەوە بەدرێژایی ژیان کەڵکیان لێوەرگرتوە و بە تێپەڕینی کات بڕوای تایبەتییان پێ هێناون. هەندێ لە ژمارەکانیش جێگە و پێگەی تایبەتییان بۆ خەڵک هەیە و لەڕیزی ژمارە پیرۆزەکاندان. هەروەها دەگوترێت: نهێنی و سحری ژمارەکان خەڵکی لێی بێ ئاگان، لە حاڵێکدا هیچ شتێک لە جیهاندا ڕونتر و ئاشکراتر لە ژمارەکان نییە، کە شتەکان بە ئەوان ببژێرن وحیسابی پێ بکەن (نیاعمران، قیومی زادە، ١٣٩٦ :٢٦). لەبەر زۆربەکارهێنان و گرینگبونی ژمارە، مرۆڤ لە بیروباوەڕ و بیرکردنەوەکانیدا، زۆر بایەخی بەم چەشنە وشەیە داوە، بۆیە لە ئایین و فەلسەفەدا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوە.

**١-٥-١: چەمکی ژمارە لە ئاییندا:**

ژمارە لەڕوی ئایینییەوە هەر لە سەرەتای دروستبونی کەونەوە تایبەتمەندی زۆری پێدراوە، وەک پرسێکی گرنگی ناو داستان و چیرۆک و بەسەرهاتە ئاینییەکان ڕۆڵ و کاریگەیی و شوێن پەنجەی لەسەر تەواوی ڕوداوە ئایینییەکان جێهێشتوە بەگشتی، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناواخنی پەڕاوی کتێبە ئایینییەکان، ژمارە ڕەنگداوەی زەقی لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا هەیە، واتە بەگشتی نەتوانراوە ژمارە لە ڕاستینەی ڕوداوەکان دەربکرێت و بەبێ ژمارە ڕوداوەکان باسبکرێن.

ژمارە لە مێژو و فەرهەنگی ئیسلامیدا پێگە و مەکانێکی بەرزی هەیە، گرنگی تایبەتی پێدراوە، لە جیهانی ئیسلامیدا خودای باڵادەست بە ماتماتیک ئەم گەردونەی دروستکردوە، کە بەئاسانی مرۆڤ ناتوانێ سەری لێدەربکات، لە دونیای ئیسلامیدا هیچ شتێک نییە بەناوی ڕێککەوت، بەڵکو بەڕێککەوتن بوە، کاتێکیش سەیری هەندێک ژمارە دەکەین ئەوکات تێدەگەین کەوا ڕێککەوت نییە، بۆنمونە (خودای پایە بەرز، حەزرەتی موسا و محەمەدی لە تەمەنی چل ساڵی بانگهێشت کرد،

پەیمان لەگەڵ حەزرەتی نوح چل ڕۆژ دوای تۆفانی نوح ڕویدا، حەزرەتی موسا چل ڕۆژ لەسەر توری سینا مایەوە، ماوەی ئامۆژگاری حەزرەتی عیسا چل مانگ بو لە ماوەی چل ڕۆژدا، هەروەها زیندوبونەوە لە قەبردا دوای چل ساڵ ڕویدا، بێجگە لەمانەش، چلەی ئیمام حسێن لە مێژوی ئیسلام و شیعەدا گرنگی زۆری هەیەو دەستپێکی بزوتنەوە و وەرچەرخانێکی فەرهەنگی دینی و ڕامیارییە) (زادە،١٣٩٢؛٢٣٢).

هەر لەم ڕوانگەیەوە لە دونیای ئیسلامییدا، ژمارە (حەوت) گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە هەمو ژمارەکانی تر زۆرتر لەگەڵ چیرۆک و بیروباوەڕە ئایینییەکاندا ئاوێتە بوە و هەر لە سەرەتای دروستبونی کەونەوە ژمارە حەوت پیرۆزی خۆی هەبوە، ئەگەر سەرنج بدەین: ئاسمان لە حەوت تەبەقە پێکدێت و زەویش حەوت تەبەقەیە، هەروەها بەپێی بڕوا ئایینییەکان بەهەشت و دۆزەخیش لە حەوت تەبەقە پێکدێت، حەفتەیەکیش لە حەوت ڕۆژ پێکدێت و ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەش لە حەوت ڕەنگ پێکدێن، هەروەها حەوت جار سوڕانەوەی حاجیانی ماڵی خودا بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا یەکێکی ترە لە ئاماژەکان بە گرنگیدان بە ژمارە حەوت، ئەگەر سەیری کەللەی سەری مرۆڤ بکەین، دەبینین لە حەوت کون پێکدێت، کە بریتین لە: (کونی گوێکان، چاوەکان، کونەکانی لوت، کونی دەم)، هەروەها ئەم دونیایەی ئێمەی تێدا دەژین لە حەوت کیشوەر پێکهاتوە، ئەوانیش کیشوەری (ئاسیا، ئەوروپا، ئەمریکای باشور، ئەمریکای باکور، ئوسترالیا، ئەفریقیا، ئەنتراکتیکا) (زادە،١٣٩٢ :٢٢٦ ).

هەر لەبارەی ژمارەوە ئیبن عەباس دەگێڕیتەوە: " هەرکەس بەتەمەنی چل ساڵی بگات و کارە باشەکانی بەسەر کارە خراپەکانیدا زاڵ نەبێت، خۆی بۆ ئاگری دۆزەخ ئامادەبکات. هەر لەم ڕوانگەوە ئیمام سادق دەفەرموێت: مرۆڤ تا تەمەنی چل ساڵی ماوەی هەیە، کاتێک گەیشتە چل ساڵ، خودای گەورە بۆ دوو فریشتەکەی ئاشکرادەکات کە ژیانێکی گونجاوم بە بەندەکەم داوە، کەواتە لە کارەکانیدا توند بن و کارەکانی بە بچوک و گەورە بنوسن" (زادە، ١٣٩٢، ٢٣٣).

هەروەها لە زۆربەی نەتەوە و ئایینەکاندا، بەتایبەت لە نێو قەومی سامییەکان ژمارە (چل) گرنگییەکی بەرچاوی هەبوە، هەروەک لە میسری کۆن، خولی ئەستێرەناسی بەپێی خولی چل ساڵە حیساب دەکرا، هەروەها بابلییەکان پێیانوابو گەر ئەستێرەی پەروین چل ڕۆژ بزربێت، سەردەمێکی مەترسیداری بەدواوەیە، ئەو بەڵا و نەهامەتییەش بۆ ژمارە چلیان دەگەڕاندەوە، جگە لە ئاینی ئیسلام لە ئایینی جولەکە و یۆنانی کۆندا ژمارەکان گرنگیان پێدراوە، بەمەش شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی لۆژیکی- عیرفانی، دەقی ئایینی جێگە و پێگەی بەنرخی هەیە، بە جۆرێک لە نێوان زانستەکانی ئیسلامی، زانستێک بە ناوی (جەبر) کە لەسەر بنەمای ژمارە و پیتەکان سازکراوە، بە نهێنی شاراوە لە ژمارە و پیتەکان دەکۆڵێتەوە، بەرەو دیتنەوەی ئەو شتانەی نەناسراوبون هەنگاوی هەڵهێناوە (زادە، ١٣٩٢: ٢٢٦-٢٢٧).

جگە لەوەی ژمارە لە ئایینی ئیسلام و هەندێ ئایینی تر باسکرا و گرنگییەکەیان خرایە ڕوو، لەلای کۆمەڵێک ئایین و ئەدیانی تریش گرنگی و تایبەتمەندی و پیرۆزی خۆی هەیە، بۆ نمونە: لای دیانەکانیش کچە دایک (ام العزراء) حەوتن، گیانی پیرۆز ئامۆژگارییەکانی کەنیسە حەوتن، لەلای یەزیدییەکانیش، دروستکەری گێتی خودایە و حەوت جار جلیوەی کردوە و سەرجەم حەوت مەلەکەکانیش پەیوەندییەکانی نێوان دروستکەرو دروستکرا و دابین دەکەن. پەیڕەوکەرانی ئەهلی حەقیش لەسەر ئەو باوەڕەن، کە خواوەند چۆتە حەوت جەستەی خاوێن. بە هەمان شێوە لە ئایینی زەردەشتدا، خوای خێر و چاکە حەوت سیفەتی هەیە، لەوانەش: (هۆش، ڕاستی، سوڵتان، ... ).

هەروەها هەمو ئایینەکان بەگشتی باسی یەکتاپەرستییان کردوە، لە ئایینی ئیسلامیشدا، خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا باسی یەک و یەکتاپەرستی کردوە، بۆ نمونە خوای گەورە لە سورەتی ئیخلاسدا دەفەرموێت، (قل هوالله احد، الله الصمد،... ) ژمارە یەک یەکێکە لەناوە پیرۆزەکانی خوا و هێمای سەرەتاو دەستپێکردن و یەکێتییە. (نوری، ٢٠١٢: ٥١ – ٥٤ – ٥٥).

کەواتە ژمارە لەڕوی ئایینییەوە  هەر لەسەرەتای دروستبوونی گەردونەوە گرنگی پێدراوە، وەک پرسێکی گرنگی ناو باس و خواسی گشت چیرۆک و بەسەرهاتە ئایینییەکان، هەروەک خودای پایە بەرز لە ئایەتی (١٥)، سورەتی (ئەحقاف) بە ئاماژە بە چل ساڵەیی، گرنگی و هەستیاری ئەو قۆناغە لە تەمەنی مرۆڤدا بە گوێی خەڵکدا دەدات: (حتی اذا بلغ اشده وبلغ اربعین سنة) و واتە (هەتا کاتێک ئینسان دەگاتە حاڵەتی توندوتۆڵی و توانایی و تەمەنی چل ساڵی) (کاکە محمود،٢٠٠٩: ٩٧٢). کەواتە بەکارهێنانی ژمارەکان لە ئایینە جیاجیاکاندا ڕیشەیەکی دێرینی هەیەو بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و بەڕێگەی جۆراوجۆر ژمارەکان دەربڕاون.

## ١-٥-٢: چەمکی ژمارە لە فەلسەفەدا:

ژمارە لە فەلسەدا هەمیشە سەرنجڕاکێش بوە و سەرنجی فەیلەسوفانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە، دەوترێت کاتێک ژمارە قسە دەکات، هەموان بێدەنگ دەبن، چونکە ژمارەکان بە زمانێک دەدوێن، کە هەڵە هەڵناگرن، لە زۆر کۆنیشەوە ژمارەکان بەکارهاتون بۆ هەژمارکردنی بەرهەمەکان و ئەستێرەناسی، لەلای بابلی و میسری و یۆنانیەکان، ژمارەکان تەنها هێمایەکی بیرکاریش نەبون، بەڵکو لە زۆربەی کلتورەکاندا هەندێ ژمارە پیرۆزکراون، یان بە شوم دانراون، وەک ژمارە سێزدە، فیساگۆرس بۆ یەکەم جار لەبارەی ژمارەکان دواوە، کە یەکێکە لە بیرکاریزان و فەیلەسوفە مەزنەکان، ژمارە لای فیساگۆرسەکان پیرۆز بوە، خودای فیساگۆرس ژمارەی هێندە لا پیرۆز بوە، کە سوێندی بە ژمارە (دە) خواردوە. فیساگۆرس دەڵێت: هەمو شتێک بریتییە لە ژمارە، هەروەها لە فەلسەفەی فیساگۆرسیدا ژمارە بنەڕەتی بونە. بە گوتەی فیساگۆرس حەقیقەت جگە لە ژمارە شتێکیتر نییە. بابەتی ژمارە ئەوەندە  پیرۆز کراوە، کە هەر ژمارەیەک هێما بوە بۆ شتێک، بۆ نمونە ژمارە حەوت تایبەت بوە بە ئیلاهی عەقڵ، واتە(آتنا)، لە بەرانبەردا بە پێچەوانەی فیساگۆرسییەکان، دەوترێت ژمارە هیچ شتێک نییە، نە فیزیکییە نە هزری، بەڵکو بابەتێکی کۆمەڵایەتییە، وەک: قانون، فەلسەفە و هەر بابەتێکی تر لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵگادا پێکهاتون.

دەكرێ بڵێین ژمارەكان بابەتێكی فەرهەنگی و كۆمەڵایەتین، بەڵام لە قوتابخانەی ئەفلاتونیدا ژمارە و هێما بیركارییەكان سەربەخۆن و لە هزر و ئەندێشەی مرۆڤگەرایی و ماد، كەواتە بمانەوێت و نەمانەوێت ژمارە لە فەلسەفەدا ڕۆڵ و كاریگەری بەرچاوی هەبوە لەسەر ئەو شتانەی لە ڕوی ئەستێرەناسی و گەلێك بواری تر كاریان لەسەر كردوە. (مصلحيان، ١٣٨٤: ١١٩- ١٢٤).

فەلسەفەی ژمارە فەلسەفەیەكی میتافیزیكی لە دڵی بیركردنەوە و فێركارییەكانی فیساگۆرسدابون، تێگەیشتنی ئەو لە ژمارەكان تەواو جیاوازبو لە تێگەیشتنی ئەمڕۆ، بۆ فیساگۆرس و شوێنكەوتووانی، بیرۆكەی ژمارە ڕاستییەكی زیندو و چۆنایەتی بو، كە دەبو ئەزمون بكرێ، بۆ ئەوان شتێك نەبو كە بەكاربهێنرێ، بەڵكو شتێك بو كە سروشتی خۆی بدۆزێتەوە ( Silvano Leoeesi, 2009: 2). هەروەها بۆ فیساگۆرسییەكان توخمەكانی ژمارە جوت و تاك، یان سنوردار و بێسنورن، ئەمەش لەبەرئەوەیە، كە ژمارەكان لە یەكەوە وەرگیراون، ئەرستۆ پێمان دەڵێت كە فیساگۆرسییەكان بێسنوریان وەك خراپە و سنورداریان وەك چاكە دەبینی، ژمارە (یەك)یان لەگەڵ سنوردار و ژمارە (دوو)شیان لەگەڵ بێسنوردا دەستنیشانكردبێت، بە لای فساگۆرسییەكانەوە ژمارە كۆی سروشت بەرهەم دەهێنێت، هەر لەم سۆنگەیەوە ئەنشتاین دەڵێت: گەردون بریتییە لە ژمارە، كە لەگەڵ دیدگای كۆنی فیساگۆرسدا دەگونجێت ( Silvano Leoeesi, 2009: 3) . لە بیری ئیسلامیشدا، (برایانی صەفا یەكەمین كەس بون، كە ژمارەیان خستە ناو فەلسەفەوە، بە لای ئەوانەوە ژمارە هێمایە بۆ ڕوت لە بیر و باوەڕدا، وای بۆ دەچن، كە ژمارە یەكێكە لە شتە زۆر كەڵەكەبوەكانی هزری مرۆڤ، لەگەڵ جیاوازی سەرهەڵدانی ئەم شتە ڕوتانە لە لای مرۆڤ بەپێی سەردەمەكان، ئەم شتانە خۆی لە دژەكان دەگرێتەوە، وەك: (چاكە و خراپە، ... هتد)، كەواتە ژمارە چەندێتییە نەك چۆنییەتی) (الدقاق، ٢٠٠٦: ١٢).

كەواتە پەیوەندی ژمارە بە فەلسەفەوە لەو كاتەوەی تێكەڵ بە ئەندێشە و شتگەلی پیرۆز و بیروباوەڕە ئایینییەكان كراوە پەیوەندی ژمارە بە فەلسەفەوە دروست بوە، یۆنانییە كۆنەكان

زانستی ژمارەیان بۆ خۆیان قۆرغکردبو، ژمارەیان تێکەڵ بە ئەندێشە و فەنتازیا کردوە کە جۆرە پیرۆزییەک بە هەندێ ژمارە دراوە، کە پێشتریش باسمان لەوەکردوە، گریکییەکان لە هەمو شارستانییەکانی تر زیاتر چونە بنج و بناوانی ژمارەو زیاتر لێیان ورد بونەتەوەو گرنگی زۆریان پێداوە، بۆیە ژمارە و فەلسەفە دووڕوی یەک دراون و ناتوانین لە یەکیان جیابکەینەوە، چونکە ژمارە لە فەلسەفەدا چەمکێکی گەلێ گەورە و واتادارە، کە کێشە و ململانێی زۆری لە ناوەندە فکری و قوتابخانە فەلسەفییەکان دروستکردوە.

## ١-٦: چەمکی ژمارە و ڕێگاکانی دەربڕینی لە زماندا:

وەک ئاشکرایە، هەندێک ژمارە چەمکی جیاواز دەگەیەنن، کە بە مۆرفیمی سەربەخۆ ناژمێردرێن و مۆرفیمی بەند دەگەیەنن، هەرچەندە ئەو مۆرفیمە بەندانە ژمارەنین، بەڵام بەشێوەیەکی نادیار واتای ژمارە نیشان دەدەن، وەک:

١ – مۆرفیمی بەندی ناسیاوی (ەکە): لەزمانی کوردیدا ئەم مۆرفیمی بەندە بە دوای ناو و ئاوەڵناوەوە دەلکێنرێ، بەڵام لەگەڵ ناودا چالاکترە، بەتایبەتی لەگەڵ ناوی گشتیدا (مارف، ٢٠١٤- أ: ٣٠٤). وەک (کچەکە، کوڕەکە، منداڵەکە). ئەوەی جێگەی تێڕامانە لەم مۆرفیمە بەندە، لە زمانی کوردیدا توانەوەی چەمکێکی ترە لە هەمان کات و دەوروبەردا، ئەویش چەمکی ژمارەیی تاکە، چونکە هەمو ئەو ناوە گشتیانەی ئەم مۆرفیمە بەندە وەردەگرن، دەبن بە ناسراو و تاکیش، وەک:

کچ+ / – ە کە / = کچەکە (ناسراوە، تاکە)

کوڕ + / – ەکە/ = کوڕەکە (ناسراوە، تاکە)

منداڵ + / – ەکە/ = منداڵەکە (ناسراوە، تاکە)

کەواتە مۆرفیمی بەندی (ەکە) دوو چەمک نیشان دەدات، ئەوانیش، ناسراو و تاکییە. بەشێوەیەکی گشتی بنکەی ئەو مۆرفیمە بەندە ناوە، بەڵام جارو باریش، ئاوەڵناو و چاوگیش دەتوانن بەهەمان

چەمک و ئەرکەوە ببن بە بنکە بۆی، وەک: کاتێک بە ئاوەڵناوەوە دەلکێت، ئەگەر ناوێک، بە هۆی ئامرازی دانەپاڵی (ە) درابنە پاڵ یەکتر، وەک:    کچە جوانەکە هات

بەڵام ئەگەر لەو نمونەیە وردبینەوە، دەبینین مۆرفیمی(ەکە) هی ناوەکەیە، تەنها نیشانەکە چوەتە سەر ئاوەڵناوەکە، بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەکە لابدرێت و بڵێین: (جوانەکە هات)، ئینجا مۆرفیمی(ەکە)  وەردەگرێت، لەو کاتەشدا دەبێ دیارخراوەکە لە لای ئاخێوەر و گوێگر ڕون و ئاشکرا و دیار بێت.

سەبارەت بە چاوگیش، چونکە هەمو تایبەتمەندییەکانی ناو وەردەگرێت و ئەرکەکانی ناویش دەبینێ، هەر بۆیەش دەکرێت مۆرفیمی بەندی (ەکە)ی ناسیاوی وەربگرێت، وەک:

نووسین + / - ە کە /  =   نووسینەکەم تەواو کرد

هەڵبژاردن + / - ە کە / =   هەڵبژاردنەکەمان ئەنجامدا. (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٥١- ٢٥٢).

٢ – مۆرفیمی بەندی نەناسیاوی (ێک): تایبەتێتی مۆرفیمی بەندی نەناسیاوی لە زمانی کوردیدا لە وەدایە کە جگە لە نەناسراوی، تاکایەتیش نیشان دەدات و لە ژمارەی (یەک)ەوە پەیدا بوە (مارف، ٢٠١٤- أ: ٣٠٥). هەروەکو مۆرفیمی بەندی ناساندن، ئەم مۆرفیمەش توانەوەی چەمکی تێدا بەرجەستە دەبێت، کە جگە لە چەمکی سەرەکی کە نەناساندنە، چەمکی تاکیش نیشان دەدات، وەک پۆلی ئاخاوتنیش تایبەتە بە ناو، بەڵام هەندێ جار دەکرێ شوێنی سەرەکی خۆی بگۆڕێ (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٦٠). وەک:    کچ + ێک = کچێک ( نەناسراوە، تاکە )

کوڕ + ێک = کوڕێک( نەناسراوە، تاکە )

منداڵ + ێک = منداڵێک( نەناسراوە، تاکە )

لەمەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە نیشانەکانی (ەکە، ێک)ی ناسیاوی و نەناسیاوی لە زماندا چەمکی تاک دەگەیەنن و بە تەنیا واتایان ڕون نییە، تاوەکو نەچنە سەر ڕەگ یاخود وشەیەک تاکییەتی نیشان نادەن.

٣- نیشانەی (ان)ی کۆکردنەوەی ناو، کە چەمکی ژمارە دەگەیەنێت، بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا ئەم نیشانەیە بۆ یاسای دروستکردنی (کۆ) بەکاردێت، چەمکی کۆ بە چەند ڕێگەیەک دەردەبڕێت، بۆ دەربڕینی ئەو چەمکە / - ان/ بە سەرەکیترینیان دادەنرێت و لە ڕوی توانا و بەرهەمەوە، / - ان/ بە مۆرفیمی سەرەکی کۆ دادەنرێت، چونکە لەگەڵ هەموو ئەو ناوانەدا بەکاردێت کە کۆتاییان بە نەبزوێن یان بزوێنی (ە) هاتوە و لە هەموویان زیاتر دەردەکەوێت، وەک: کچان، کوڕان، منداڵان، ...هتد. بەگشتی مۆرفیمی کۆ تایبەتە بە ناو، بنکەکەی هەر ناو دەبێت، بەڵام بەزۆربەی بەشە ئاخاوتنەکانی ترەوە دەلکێ، وەک: جێناو، هاوەڵکار، ژمارە، بۆ نمونە:

- بە جێناوی خۆییەوە دەلکێ، وەک: خۆمان، خۆتان، خۆیان
- بە جێناوی لکاوەوە دەلکێ، وەک: مان، تان، یان
- بە ئاوەڵکارەوە دەلکێ، وەک: ئێواران، شەوان، دواینیوەڕۆیان
- بە ژمارەوە دەلکێ، وەک: یەکان، دەیان، سەدان (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٦٧ – ٢٧١).

بە شێوەیەکی گشتی بنکەی ئەو مۆرفیمە بەندە (شوێنی چەسپاوی خۆی هەیە، کە کۆتایی ناوە، ناوەکەش ناسراو بێت یان نەناسراو بێت) (عومەر، ٢٠٠٣: ٣٨). بەڵام ئەگەر ناوێکی دیارخراوی کۆ بە هاوەڵناوی چۆنییەتی درابنە پاڵ یەکتر، ئەوا مۆرفیمەکە بنکەی خۆی بە جێدەهێڵێ و دەچێتە سەر هاوەڵناوەکە، وەک ئەم نمونەیە: خوێندکاران خەڵاتکران.

خوێندکارە زیرەکەکان خەڵاتکران.

جگە لە نیشانەی (ان)ی کۆ لە زمانی کوردیدا نیشانەگەلێکی تریش هەن، بەتایبەتی لەزاری کوردی کرمانجی نێوەڕاست، وەک: ( ات، وات، یان، هات، جات، ەها، گەل ، ... هتد)

باخات، سەوزەوات، هەڵۆیان، دێهات، میوەجات، ساڵەها، کوڕگەل.

هەندێک دەربڕینی تر لەزمانی کوردیدا هەیە کە مانای کۆ دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی وشەکە نیشانەی کۆی پێوە نییە، وەک: گاوگۆل، مەڕومالاٌت، گاڕان، پۆل، لەشکر، هۆز، تیرە، سوپا، گەل، میللەت ...هتد هەمو ئەو نمونانەی باسکران ئاماژەن بۆ ناوێکی کۆ، واتە لە یەک ژمارە بەرەو سەرەوە.

٤- (ین) لە هەندێ شوێن بە ئەلۆمۆرفی کۆ دانراوە، کە مۆرفیمی بانگکردنی (ە) دەچێتە سەر و بە هەردووکیان پاشگرێک پێک دەهێنن، کە (ینە)، وەکو: کچینە، کوڕینە، منداڵینە (نوری، ٢٠١٢: ٨٩ ). جگە لەم حاڵەتە، لە وشەی (چەندین) یشدا هەیە، کە واتای ( چەندان ) دەدات (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٧١).

## ١-٧: بەبەرهەمیی لە زماندا:

بەبەرهەمی بەگشتی ڕەهەندێکی فراوانی هەیە، لەپێناو داهێنانی ژمارەیەکی دیارینەکراو، کە پەیوەندی بەگشت زانست و بوارەکانی ژیانەوە هەیە و وابەستە نییە بە زانستێکی دیاریکراوەوە، بەلاٌم لە زماندا بەبەرهەمی پێویستە وابەستە و تایبەتمەند بێت بە بواری زمانەوانییەوە و بڕیار لەسەر ڕێژەی بەبەرهەمی لە زماندا بدرێت. بۆ ئەوەی لە ناواخنی بەبەرهەمی بگەین، پێویستە خوێندنەوەیەک بۆ بەرهەمهێنان بکەین.

بەرهەمهێنان یەکێکە لە ڕوە دیارەکانی گەشە و گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کارا و جولاٌوە، لەگەڵ زیادبونی چالاکی و ئارەزوەکانی بۆ گۆڕان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، ویستەکانی مرۆڤیش زیادیکردوە، کە بەردەوام بە شوێن کون و کەلەبەر و سەرچاوەی نوێدا گەڕاوە، بۆ دەستگەیشتن بەسەر شتەکاندا و بەدەستهێنانی دەستکەوت و بەرهەمی نوێ و زیاتر، بۆ نمونە بەرهەمهێنانەکەی لەسەر بنەمای

گەشەکردنی عەقڵ و هۆشی بوە و بیری فراوان بوە و شتی نوێی دۆزیوەتەوە، کە لەم بوارەدا بەرهەمەکەی دەچێتە خانەی (داهێنان)ەوە، واتە بەرهەمهێنانی شت لە نەبوونەوە، یاخود لەسەر بنەمای کەرەسە و شتەکانی دەوروبەری جارێکیتر  بەبەرهەمی نوێ و دارشتەی تازەی لێ دروستکردوەتەوە (مستەفا ،٢٠١٩ : ٢١). هەروەها بەرهەمهێنان "پرۆسەی گەشەکردن، یان دروستکردنی خۆراک و کەلوپەل و مادده بەتایبەتی، بەشێوەیەکی فراوان، وەک بەرهەمی گەنم، ڕۆن، ئۆتۆمبێل، یاخود کارو پرۆسەی دروستکردنی شتێکە بەشێوەیەکی سروشتی" (Wehmeier,2006:1203). بەرهەمهێنان لە بواری زماندا بە باوەڕی( کریستاڵ)، بریتییە لە: "چالاکی بەکارهێنانی زمان  لە قسەکردن و نوسین و دانانی هێماکاندا" (Cristal,1992: 314). واتە بەکارهێنانی زمان لەلایەن قسەپێکەرانییەوە بۆ تەواوکردن و پڕکرنەوەی  پێداویستییەکانی مرۆڤ و دەربڕین و گواستنەوەی بیروباوەڕەکان لە نێوان یەکتردا.

هەروەها بەرهەمهێنانی زمانیی بە تێڕوانینی چۆمسکی لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بریتییە لەوەی کە "هەر کەسێکی ئاسایی خاوەن زمان چەند یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراوی ڕێزمانی  لە مێشکیدا هەیە، کە بە یارمەتی ئەوانە دەتوانێت ژمارەیەکی بێکۆتا لە ڕستە دروستبکات و بیانڵێت و لێیان تێبگات و ڕستەی ڕاست لەڕستەی ناڕاست جیابکاتەوە" (باتینی، ٢٠١٢: ٤٩).

هەوڵدەدەین ڕاوبۆچونی تری زمانەوانان دەربارەی بەبەرهەمی لە زماندا بخەینەڕو: "بەبەرهەمی بریتییە لە توانای بەکارهێنەری زمان  لە ئافراندن و تێگەیشتنی ژمارەیەکی بێکۆتا لە وشەی نوێی زماندا " (ناوخۆش،٢٠١٤: ٢٦٦). هەروەها (فاسۆڵد) دەربارەی بەبەرهەمی دەڵێت: "تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی زمانی مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتواندرێت ژمارەیەکی بێکۆتا لە مانای نوێ، بە لێکدانی ئەو فۆڕمانەی لە زمانەکەدا هەن، بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمانەکە ڕۆبنرێن" (Fasold, 2006:512).

هەر دوو زمانەوان (سەلام ناوخۆش)و (فاسۆڵد) لە بارەی ناساندنی بەبەرهەمی لێکنزیکییەک لە پێناسەکانیاندا بەدیدەکرێت بەوەی، کە هەردووکیان ئاماژە بە ژمارەیەکی بێسنوری بەبەرهەمی لە واتا و وشەی نوێ دەکەن. دەتوانین بڵێین: "چەمکی بەبەرهەمی چەمکێکی ڕەها نییە، بەڵکو دەشێت بەزۆر و کەمی پلەبەندی بکرێت، بۆنمونە بگوترێت زۆر بەرهەمهێن و کەم بەرهەمهێن"(کەرەمی، ١٣٩٦: ٤٦).

چەمکی بەبەرهەمی چەمکێکی بەرفراوانە و زۆر ڕوانگەی جیاواز لە زماندا دەگرێتەوە. هەروەها بە لای چۆمسکییەوە، "بەبەرهەمی یاخود بەرهەمداری پەیوەست بە چۆنێتی ڕونکردنەوەی زمانپژاندنی  منداڵ گرنگی و بایەخی پێدراوە، کە هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا، لە باریدایە ئەو دەربڕاوانە بەرهەمبهێنێ، کە لەوەوپێش بە هیچ جۆرێک نەیبیستون"(مەحوی، ٢٠٠١: ٤٠). کریستاڵ بەمشێوەیە بەبەرهەمی دەناسێنێت: "زاراوەیەکی گشتی زمانەوانییە، ئاماژەیە بۆ توانای داهێنەرانەی بەکارهێنەرانی زمان لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ژمارەیەکی زۆر و دیارینەکراوی ڕستەکان" (Crystal, 2003: 374). بەشێوەیەکی گشتی زمان بە سەرجەم ئاستە جیاوازییەکانییەوە بەبەرهەمە، بەڵام "توانای بەرهەمهێنانی دەربڕاوە نوێیەکان بۆ نرخاندنی ڕژێمەکانی زمان سەنگی مەحەک نییە و ڕۆڵی سەرەکی نابینێت، نەگوتراوە و ناشگوترێت، ئەم زمانە چالاکترە لەم زمانە، چونکە هەمو زمانەکان بەبەرهەمن" (مەحوی، ٢٠٠١ :٤٠). جگە لەوەش "بەبەرهەمی بەشێکە لە زانیاریی زمانیی قسەکەر" (Haspelmath,2002 :101). ئەوەی سەرنجە ئەوەیە، کە "بەبەرهەمی تایبەتییەکی زمانی مرۆڤە و لە زمانی گیانەوەرانی تردا نییە، بە جۆرێک مرۆڤ بەهۆی ئەو تواناو سیستەمە زمانییەی لە مێشکیدا هەیە، دەتوانێت کۆمەڵێک کردەی لێکدانی دانەکانی زمان لە ئاستە جیاوازەکاندا ئەنجامبدات و بەڕێژەی جیاواز فۆڕمی جیاواز بەمانای نوێوە بەرهەمبێنێت" (قادر، ٢٠١٧: ٥). کەواتە بەبەرهەمی لە زماندا ئاماژە بەو توانایە دەکات، کە بەشێوەیەکی سروشتی مرۆڤ هەیەتی لە کردەی لێکدان و خستنەپاڵی دانەکانی زمان لە سەرجەم

ئاستە جیاوازەکاندا بەپێی چەند یاسایەکی تایبەتی، کە لە مێشکی مرۆڤدا هەڵگیراون، بەڵام مەرج نییە سەرجەم ئاستەکان لە زمانێکدا ڕادەی بەبەرهەمییان وەکیەک بێت، واتە دەگونجێ ئاستێکی زمان لە ئاستێکی تری زمان بەبەرهەمتربێت یان کەم بەرهەمتربێت یاخود لە یەک ئاستدابن.

### ١-٧-١: بەبەرهەمی لە ئاستی دەنگدا (فۆنۆلۆژی)

کاتێک باسی بەبەرهەمیی زمانی دەکەین، ناکرێت هیچ ئاستێک فەرامۆش بکەین، چونکە هەمو ئاستەکانی زمان تەواوکەری یەکترن و هەر ئاستە و تایبەتمەندییەتی خۆی هەیە، واتە کاتێک دەوترێت زمان بەبەرهەمە، ئەوا سەرتاپای زمان دەگرێتەوە بەگشت ئاستە جیاوازییەکانییەوە، کە پەیوەستن بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاخاوتنی ئاخێوەران بۆ دەربڕین و گواستنەوەی بیرەکان لە نێوان ئاخێوەراندا.

لە بەبەرهەمیی فۆنۆلۆژیدا" توانا و لەبارێتی و نەرمی بێسنوری فۆنیمەکانی زمان بۆ نواندنی مۆرفیم و وشەکانی زمان، بەبەرهەمداری ئاستی فۆنۆلۆژی دەسەلمێنێ" (مستەفا، ٢٠١٩: ٢٨). واتە دەتوانرێ لەسەر بنەمای لێکدانی فۆنیمەکان، مۆرفیم و وشەی نوێ بەرهەمبهێنرێ، کە زمان و یاسای تایبەتی خۆیان هەیە. هەروەها توانای ئەو کەرەستەیە دروستکردنی کەرەستەی لەخۆی گەورەترە، هەروەها "توانای چەند بارەبونەوەی فۆنیمەکانی زمان، بەرهەمداریی ئاستی فۆنۆلۆژی پیشاندەدات، لەبەرئەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی بەبەرهەمی بریتییە لە چەندبارەبونەوە" (مستەفا، ٢٠١٩: ٢٨). کەواتە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا ڕێژەی دروستکردن و زۆر بەکارهێنانی فۆنیمەکان، دەبێتە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی بەرهەمییان. یان بەکارهێنانی قاڵبەکانی بڕگە و ڕێژەی دوبارەبونەوەی پێکهاتە و دروستەی هەر بڕگەیەک ڕادەی بەرهەمداری ئەم دروستەیە پیشان دەدات.

**١-٧-٢: بەبەرهەمی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا:**

بەبەرهەمی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستی توێژەراندان، هەروەها مەودایەکی فراوانیشی لە توێژینەوەکاندا داگیرکردوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە سەرچاوەکاندا ڕای جیاواز لەبارەی وشەی بەبەرهەمی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ببینرێت، بۆ نمونە هەندێک لە توێژەران پێیانوایە پێشگر و پاشگرەکان بەبەرهەمن، هەندێکی تریان ڕایان وایە یاساکان بەبەرهەمن، بەشێکی کەمیش بۆچونیان وایە، کە ئەوە وشەکانن بەبەرهەمن، لەگەڵ هەمو ئەو بۆچونانەشدا هەندێکی تریان دەڵێن بەبەرهەمی سیفەتێکی گشتی سیستەمی زمانە (مستەفا، ٢٠١٩: ٣٠).

سەبارەت بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا فرۆمکین دەڵێت: "بەبەرهەمی ئاماژە بۆ ئەو یاسا مۆرفۆلۆژیانە دەکات، کە دەتوانرێ بەشێوەیەکی سەربەست، بەسەر هەمو فۆرمەکانی زمانەکەدا بە مەبەستی پێکهێنانی وشەی نوێ، جێبەجێ بکرێن" (Fromkin, Rodman, 2003: 592)

هەروەها دەگوترێت: (بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا بەشێکە لە توانست و داهێنانی یاسا جڵەوگری زمان. باوەر(Bauer) بۆچۆنی وایە کاتێک دەڵێت بەبەرهەمی، ئەوا مەبەست لە گشت ڕێزمانە، بەتایبەت، کە مۆرفۆلۆژیش بەشێکە لە ڕێزمان، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لە ناساندنی بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا بۆ زمانەوانان گرنگە، زیاتر جیاکردنەوەی بەبەرهەمییە لە داهێنانی یاساگۆڕ و زۆرکاتیش لەو ڕوانگەیەوە بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیدا دەکرێت بەمجۆرە پێناسە بکرێت، کە ڕادەی گونجاوی لاگرێکە بۆ بەکارهێنانی لەداڕشتنی وشەی نوێ لە زماندا) (ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٣). هەروەها (باوەڕ) بەکورتی دەربارەی بەبەرهەمی دەڵێت: "بەبەرهەمی لە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا توانای فرەجارییانە" (Bauer, 2001: 98). دەتوانین بڵێین: گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ژیان لە ڕووی پێداویستییەکانی ڕۆژانە و کەرەستە و بیرە نوێیەکان، بێگومان

پێویستی بەهاتنە ئارای وشەی نوێ دەبێت، دروستکردنی وشەی نوێش زۆرجار بەوەرگرتنی وشە ڕاستەوخۆ لە زمانی بێگانەوە دەبێ یان بە داڕشتن، یاخود لێکدانی وشە و مۆرفیمەکان، بە هۆی یاساکانی مۆرفۆلۆژییەوە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی چەندین وشەی نوێ لە زماندا، بەڵام دەبێت بزانین هەمو یاساکان و وشەکانی زمان وەکیەک بەبەرهەم نین. لەم کورتە ڕونکرنەوەیەدا کە ئاماژەی پێدرا و دەردەکەوێت، کە بەبەرهەمی مۆرفۆلۆژی کاتێک دێتە ئاراوە، کە ژمارەیەکی زۆر وشەی نوێ بەرهەم بهێنرێت، ئەمەش بە هۆی ئەو یاسایانەوە دەبێت، کە لە مۆرفۆلۆژی زمانەکەدا توانای بەرهەمهێنانی وشەی نوێیان هەیە، بەتایبەتی یاساکانی وشە داڕشتن و وشەلێکدان.

### ١-٧-٣: بەبەرهەمی لە ئاستی سینتاکسدا:

" بەبەرهەمیی سینتاکسی، کە بە داهێنانی سینتاکسیش ناودەبرێت، بریتییە لە توانای قسەپێکەرانی زمان بۆ بەرهەمێنان و تێگەیشتن لەو ڕستانەی پێشتر نەیگوتون یان نەیبیستون، ئەمەش بۆ توانستی زمانیی ئەو قسەپێکەرانە دەگەڕێتەوە و لەو بۆچونە سەرچاوەی گرتوە، کە زانینی تاکە زمانێک زانینی سەرجەم یاساکانی ئەو زمانەیە" (ئەحمەد، ٢٠١٠ :١١). هەروەها لەبارەی بەبەرهەمیی سینتاکسی دەگوترێت: "یاسا سینتاکسییەکان بەرهەمدارن، بەڵام شارەزایانی بواری سینتاکس کەمێک نیگەرانن لەوەی، کەچۆن بەبەرهەمیی پێناسە بکەن و دیاریبکەن، بۆیە هیچ زمانەوانێک بەشێکی تەواوی لە کتێبە سینتاکسییەکان بۆ بەبەرهەمیی تەرخان نەکردوە، واتە لە سینتاکسدا زمانەوانەکان ڕستە گونجاوەکان دەخوێنن و گرنگی زیاتر نادەن بەوەی کە ئایا ڕستەکان ڕاستەقینەن یاخود نا " (Hasplemath, 2010: 114). لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەوەی لە بەبەرهەمیی سینتاکسیدا گرنگە بۆ زمانەوانەکانی، ئەم بوارە چۆنییەتی بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێیە لە یاسا سینتاکسییەکاندا، هەروەها چۆنییەتی جێبەجێکردنی یاساکانە بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانی دروست و واتا دروست. هەر سەبارەت بەبەرهەمیی سینتاکسی

مستەفا ڕەزا  دەڵێت: " بەبەرهەمیی سینتاکسی لەلایەکەوە پەیوەستە بە توانای مرۆڤ لە بەکارهێنانی ئەو چەند یاسا سنوردارەی زمانەکەی بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕێزمانی، لەلایەکی تریشەوە پەیوەستە  بە لەبارێتی و کورتی و پوختی ژمارەی یاساکان و دەسەڵاتشکانەوەی مرۆڤ بەسەر یاساکاندا، بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕاوی نوێ لە هەرکات و شوێنێکدا بێت بەپێی پێویست" (مستەفا، ۲۰۱۹: ۲۹). واتە لە ڕێگەی دەربڕینی ڕستەی گونجاوەوە، مرۆڤ دەتوانێت گوزارشت لە ناخ و بیری خۆی بکات و پەیوەندی و قسەکردن لەگەڵ چواردەوری خۆی دروست بکات، هەربۆیە (نەرمین عومەر ئەحمەد) لەمبارەیەوە دەڵێت: " یاسابەندیی و فراوانکاریی، دوو چەمکی سەرەکی بەبەرهەمیی سینتاکسن. چەمکی یاسابەندیی بە یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەوە بەندە. مەبەست لە فراوانکاریش بەکارهێنانی تەرزەکانە بە چەشنی نوێ، مەبەست بەکارهێنانی تەرزە سینتاکسییەکانە بۆ گوزارشتە نوێ و داهێنراوەکان" (ئەحمەد،۲۰۱۰: ۱۱ ). بەم پێیە بەبەرهەمی سینتاکسی پەیوەستە بەبەرهەمی توانای یاساکان و ڕادەی بەکارهێنانی قاڵبە جیاوازەکان لە دروستکردنی یەکە جیاجیاکانی ئەم ئاستە.

### ١-٧-٤: بەبەرهەمی لە ئاستی سیمانتیکدا:

ڕونی واتایی یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی بەبەرهەمی، چونکە ڕونی واتایی هۆکارێکە بۆ زیاتر ئاشنابون و تێگەیشتن لە واتا و مەبەستی وشە و دەربڕاوەکانی زمان لە لایەن قسەپێکەرانی زمانەوە، هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کردەی لەیەکترگەیشتنەوە هەیە، تا دەور و ڕۆڵی لە یەکترگەیشتن لە کۆمەڵدا زیاتربێت، ئەوەندە گرنگی واتا و ڕۆڵی واتا زیاتر دەبێت.

هەروەها (بەبەرهەمیی واتا دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکانەوە، بۆ نمونە بەهۆی پەیوەندییە واتاییەکانەوە مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی واتای وشەکانی تر بدۆزێتەوە، لە کاتێکدا ئەگەر واتای وشەی (جوان) بزانین، ئەوا واتای وشەی (ناشیرین)یش، کە

دژواتای وشەی یەکەمە بەئاسانی دەزانین) (مستەفا، ٢٠١٩: ٣٠). کەواتە "بەبەرهەمیی سیمانتیکی لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکاندا دەردەکەوێت، بەتایبەت لە هاوواتایی و فرەواتاییدا" (ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٢).

هەر پەیوەست بەبەرهەمیی واتا، دەکرێ بڵێین لە ئیدیۆمەکانیشدا جۆرێک لە بەبەرهەمیی و داهێنان لەزماندا دەبینرێت، واتە بونی چەند ئیدیۆمێک بۆ یەک جۆر واتا، بەبەرهەمیی ئیدیۆمەکانە، واتە دەربڕینی ئیدیۆمی هەیە، کە دەتوانرێت هاوواتاکانیان بە چەند شێوەیەک دەرببڕێت و هەمان واتاش بگەیەنێت، وەک: ئیدیۆمی (لە پەلوپۆ کەوتوە)، واتە زۆر ماندوە، زۆر نەخۆشە، زۆر پیرە، لەدەست و قاچ کەوتوە، یاخود لەپێ کەوتوە. هەروەها ئیدیۆمی (زمانی سوا)، واتە هێندەی لەگەڵ گوت سودی نەبو، زمانی کول بو (عومەر، ٢٠٠٩: ٥٩).

کەواتە لە ئاستی سیمانتیکدا کاتێک دانەیەکی واتایی بەبەرهەم دەبێت، کە واتاکەی ڕون و ئاشکرا بێت، هەروەها ئەم واتایە لە بەکارهێناندا بڕشت و توانایەکی زۆری هەبێت. هەر یەکەیەکی زمانیش تاوەکو ڕێژەی بەکارهێنانی زیاتربێت، ئەوا ڕادەی ڕونی واتایشی زیاتر دەبێت.

**١-٧-٥: بەبەرهەمی لە ئاستی پڕاگماتیکیدا:**

هەروەک دیارە بەبەرهەمی توانای زمانە مرۆییەکان دەگرێتەوە، لەپێناو داهێنانی ژمارەیەکی بێسنور لە دەربڕاو. بەبەرهەمی پڕاگماتیکی دەتوانرێت ببەسرێتەوە بە زمانی دەربراو و لایەنی چالاکی زمانەوە، واتە بەندە بە چالاکییەوە. بەشێک لە بەبەرهەمی پراگماتیکی لە زماندا لە ئیدیۆمەکاندا دەردەکەوێت (لەگەڵ ئەوەی بونی ئیدیۆم جۆرێک لە داهێنان و بەبەرهەمییە لە زماندا و بونی چەند ئیدیۆمێک بۆ هەمان واتا، (بەبەرهەمی ئیدیۆمەکانە) (ئەحمەد، ٢٠١٠: ١٢). ئەمەش لە کاتێکدا کە بۆ لێکدانەوەی واتاکەیان پێویستییان بە دەوروبەر و چوارچێوەی گوتن و مەبەستی قسەکەر هەیە.

هەروەها بەبەرهەمی پڕاگماتیکی لە میتافۆڕیش وەک لایەنێکی پڕاگماتیکی دەردەکەوێت. ئەوەی بۆ بەبەرهەمی پڕاگماتیکی گرنگە چۆنیەتی بەکارهێنانی واتای نوێیە، کە پەیوەندی بەو دەوروبەرەوە هەیە، کە گوتنەکانی تێدا شیدەکرێتەوە.

## ١-٨: بێ بەرهەمی لە زماندا :

پرۆسەی پێکهێنانی وشەی نوێ لە زماندا بەبەرهەم ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسەیە بە پێچەوانەوە بو و بەکار نەهات یاخود زۆر کەمبوەوە لە بەکارهێنانی وشەدا، ئەواپێی دەگوترێت بێ بەرهەم یان (کەمبەرهەم)، ئەگەر مۆرفۆلۆژی بە نمونە وەربگرین لە زمانی کوردیدا دەبینین لە پرۆسەی دارشتندا چەند پاشگرێکمان هەن، وەک ( /- گار / ، /- جار / ، /- ە مەنی/ ، ... هتد ) لە ئێستای زمانی کوردیدا بەبەرهەمیان ئەگەر بەیەکجاریش نەمابێت، ئەوا زۆر کەمبوەتەوە و دەکرێ لە نمونەی پاشگرە بێ بەرهەمەکان ئەژماریان بکەین. هەروەها لە پرۆسە ڕێزمانییەکانی، وەک کۆکردنەوەی ناو بەهۆی پاشگرەکانی (هات، وات، جات، ە ها، یەها)، بەرانبەر بەبەرهەمی مۆرفیمێکی وەک/- ان/ ی کۆ ئەوا بەرهەمیان زۆر کەم و سنوردارە، دەکرێ وەک مۆرفیمی بێ بەرهەم ئەژماریان بکەین(مستەفا، ٢٠١٩: ٤٤). هەروەها لە فۆنۆلۆژی زمانی کوردیشدا دەبینین هەندێ فۆنیم بێ بەرهەمترن، بۆ نمونە فۆنیمی(ڤ) لە زمانی کرمانجی ناوەڕاستدا فۆنیمێکی بێ بەرهەمترە لە بەرانبەر فۆنیمەکانی تری زمانی کوردی.

## ١-٩: چەمک و پێناسەی ژمارە:

چەمکی ژمارە لە ئەنجامی دیرۆکێکی دور و درێژی پێشکەوتنی ڕەوتی زانست و زانیاری مرۆڤەوە وردەوردە پەیدابوە. ژمارە یەکێکە لەو چەمکە زانستیانەی بیرکاری، کە ئالۆزە و قسە و باسی زۆری دەربارەی کراوە، لە کۆنەوە مایەی بیرلێکردنەوە و تێڕامان و گرنگیپێدان بوە. (ف. ئینگلیس) دەڵێ: ( مەفهومی ژمارە و تەنەکان لە شوێنێکی نادیارەوە وەرنەگیراون، بەڵکو لە واقعیی دەوروبەرەوە هاتووە (مارف، ٢٠١٤-ب: ٥٨). لێرەدا مەبەست لە واقعی دەوروبەر ئەوەیە بۆ نمونە  مرۆڤ دە پەنجەکانی بۆ ژماردن و فێرکردنی ژماردن بەکاردەهێنا، بۆ ئەو شتانەی لەدەوروبەریدا بون.

(کەمال میراودەلی) دەڵێ: ژمارە زاراوەیەکی ڕێزمانییە، پەیوەندی بە ژمارەی بابەتە ژمێرەکانەوە هەیە لەسەر زەمین. لە کوردیدا گرنگی ڕێزمانی بەکارهێنانی ژمارە لەگەڵ ناودایە. بەشێوەیەکی گشتی ناو دوو شێوەی جیای ژمارە دەردەخات: بەشێوەی تاک و شێوەی کۆ.(تاک): بوونی یەک دانە لە شتەکە، ناوەکە دەردەخات.(کۆ): بوونی زیاتر لە یەک دانە دەردەخات.(میراودەلی، ٢٠٠٧ :٩٠).

هەروەها (عەبدولواحید مشیر) دزەیی لەبارەی پێناسەی ژمارەوە دەڵێت: ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، ئەرکی ڕوتی ناوی ژمارە یان چەندێتی یان کەرتێکی شتی دیاریکراو یان پلەی شتێک لە ڕیزدا دەگەیەنێ و خاوەنی خاسیەتی واتای ژمارەیە، واتە بەتەنها یان ژمارەی شتێک (دزەیی،٢٠١٥- أ: ٨١ ).

لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە دەتوانرێ بگوترێ:  ژمارە وەک بەشە ئاخاوتنێک خاوەنی خاسییەتی واتای ژمارەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەسەر بنەمای دابەشکردنی بەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاوازدا، ئەوەیە  پێویستە پەیوەندی هاوخاسییەتی ڕێزمانی لەنێوان وشەکانی هەر گروپێکدا هەبێ، کە هەندێ جار ئەم لایەنە لەبەرچاو ناگیرێ و تەنیا لەڕوی خاسییەتی واتاوە بەشە ئاخاوتنی ژمارە

جیادەکەنەوە، بۆ نمونە هەندێ وشەمان هەیە واتای ژمارەیان تێدایە، دەکەونە ئەم بەشە ئاخاوتنەوە، بەڵام ئەمجۆرە وشانە تەنیا واتای ژمارەیان تێدایە، ئەگەرنا ژمارە نین، بۆ نمونە وشەی (حەفتە) جیاوازی لەگەڵ هیچ ناوێکی ئاساییدا نییە، چۆن دەگوترێ (چوار منداڵ) هەربەم جۆرەش دەگوترێ (چوار حەفتە)، چۆن دەگوترێ (منداڵێک) بەم جۆرەش دەگوترێ (حەفتەییێک) (مارف، ٢٠١٤- ب: ٥٢).

هەروەها (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو) لەبارەی پێناسەی ژمارەوە بەکورتی دەڵێت: ژمارە بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە ڕێژە و ئەندازە و ژمارەی کەرەستەکان لە ڕستەدا دیاریدەکات (خۆشناو:٢٠١١، ١٢٩).

(ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەڵێت: بەشە ئاخاوتنی ژمارە ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کەوا ئەرکی تەجریدی ناوی ژمارە (دوو+ سێ= پێنج) دەگەیەنێ، یان چەندێتی بەسەریەکەوە (هەشت کراس) یاخود کەرتێکی شتی دیاریکراوی هاوڕەگەز(سێ یەکی گەنمەکە) نیشاندەدات یان پلەی شتێک لە ڕیزدا(نهۆمی سێیەم) دیاری دەکات (مارف، ٢٠١٤- ب :٥١).

(ڕەفیق شوانی) لەبارەی ژمارەوە دەڵێت: بابەتێکە بۆ دیاریکردنی ناو یان ڕاناو لەڕوی چەندییەتی ژمارەییەوە. واتە دەبێتە تەواوکەری ناو و ڕاناو بۆ دەرخستنی ڕادەکەیان. ( شوانی، ٢٠١١ : ٥٩).

یەکێکی تر لەو پێناسانەی بۆ ژمارەکراوە، ئاماژە بەوە دەدات، کە ژمارە بەو کۆمەڵە بەهادارانە دەگوترێ، کە ئاماژەدەداتە نرخ یان بەهای کۆمەڵە شتێک، کە زیاتر لە دانەیەکە(موسا، ٢٠١٠: ١٢٣). هەروەها ژمارە "بنەمایەکی بنەڕەتییە، کە بێجگە لە کەڵکی سەرەکی و ئاسایی، کاریگەرە بەرفراوانەکانی لە پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکانی مرۆیی، لە زۆربەی بابەتەکان لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا، چەمکی هێمایی جیاوازی بەخۆیەوە گرتوە. (راد، ١٣٨٦: ١٧). لە کۆی ئەم

پێناسانەی بۆ ژمارە کراون، بە ڕای ئێمەش دەکرێ بڵێین: ژمارە بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن و ئاماژەیەکە بۆ چەندیەتی شتە یان ناوە ژمێردراوەکە و دەبێتە تەواوکەری ناو یان جێناو.

## ١-١٠: مێژوی سەرهەڵدانی ژمارە:

مرۆڤ لەو ساتەوەی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، ویستویەتی خۆی لەگەڵ ژینگەدا بگونجێنێت، و بەپێی قۆناغەکانی ژیان دەستی بە داهێنان کردوە، لێکۆڵینەوە و داهێنانیش مێژویەکی دورودرێژی هەیە لەلای مرۆڤ، ژمارەش یەکێکە لە هەوڵ و کۆشش و داهێنانەکانی مرۆڤ، کە بەردەوام لەگەڵ مرۆڤ هاتوە. تەمەنی زمانی ژمارەیی، بەڕێکی مەزەندە نەکراوە و ناتوانین دیاریبکەین، کە لە چ سەردەمێکدا وشەگەلی پەیوەندیدار بە ژمارەکان بەدی هاتون، بەڵام وەک دیارە ئەم سەردەمە لانی کەم دەگەڕێتەوە هەزار ساڵ پێش مێژوی  نوسین و دەتوانین بڵێین ژمارەکان لە سەرانسەری شارستانییەتی کۆندا هەبون، شایەنی باسە ئەژماری وشەکان گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بەسەردا نەهاتوە، بەڵام ئەو وشانەی هۆکاری پێکهاتەکانیان بون، لەژێر کاریگەری کاتدا، ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتوە (نامورفرگی، ایبراهیمی، شیما، ١٣٩١: ٨٢٦). هەروەها بە زۆر ئاستەنگدا تێپەڕیوە، کە لە زماندا وەکو شتێکی شاراوە و نامۆ سەیر دەکرێت، بەڵام دەکرێت سود لە مێژوی ژمارە لە زمانی کۆندا وەربگیرێت و لە چوارچێوەی فەلسەفە ڕزگار بکرێ و بەدواداچون و شیکردنەوەی بۆ بکرێت و وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بناسرێت.

(خەزاعی و مومتەحێن) (١٣٩٠) لە توێژینەوەیەکدا لەژێر ناوی (نگارەهای نمادین اعداد در قرأن، استورە و ادبیات) نیشانیاندا، کە لەسەرەتای ئافراندنی جیهانەوە لەگەڵ ژماردن سەر و کارمان هەبوەو ناتوانین پێشینەی ژماردن تەنیا بە دۆزینەوەی ژمارەکان ببەستینەوە، چونکە تەنانەت مرۆڤە سەرەتاییەکانیش بۆ تێپەڕکردنی بچوکترین پرسەکانی  ژیانیان،  پێویستییان بە ژماردن بوە، بۆیە ناتوانرێت بە شێوەی حەتمی کاتێکی تایبەت تەنانەت بۆ دۆزینەوەی ژمارەکان دیاری

بکرێت، بەڵام دەتوانرێت پێکهاتن و کامڵبونی ژمارەکان لە فەرهەنگی مرۆڤ  لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شارستانییەتەکاندا دابنرێت، چونکە پێکهاتن و کامڵبونی ژمارە لەگەڵ دروستبونی  شارستانییەتەکانی  جیهان، وەک میسر، ئێران، هیند، چین و لەو چەشنانەدا بوە، لە لایەکی دیکەشەوە هەر لەبەرئەو هۆکارەیە دەتوانین بڵێین کامڵبونی ژمارەکان لەگەڵ ئایین و ئەفسانەکاندا پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە، ژمارەکان بەشێکی گرێدراو بە هزری مرۆڤن، کە لەگەڵ یەک گەشەیان کردوە، ئایین، ئەفسانە و هەقایەتەکانیش نمونەی بەرچاوی ئەو دەرکەوتنەن، لە لایەکی دیکەشەوە هۆی دەوڵەمەندبونی بیر و فەرهەنگی نەتەوە و شارستانییەتەکانن.( نیا عمران، زادە، ١٣٩٦: ٢٦).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناواخنی مێژو، مرۆڤ لە دێر زەمانەوە ژمارەی بەکارهێناوە، جا چ بۆ هەژمارکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان بووبێت یان مەڕ و ماڵات و ڕەشەوڵاخ بوبێت بۆ نمونە، وەک: (خەروار)، کە کێشێکە بەرانبەر بە سێ سەد کیلۆ بەکاردێت (هەژار، ١٣٧٦: ٢٦٣ ) هەروەها وشەی (باتمان)، بەرانبەر بە شازدە کیلۆ بەکارهێنراوە (هەژار، ١٣٧٦: ٣٨)، هەروەها وشەی (تەغار)، بەرانبەر بە حەوت پوت گەنم بەکارهێنراوە، وشەی (پوت)یش بەرانبەر بە شازدە کیلۆ بوە، وشەی (مەن)یش یەکێکی ترە لەو سەنگانەی بۆ شت پێکێشان بەکارهێنراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی مەنێک بۆ سێ کیلۆ بەکارهێنراوە. وشەی (هۆقە)ش سەنگێکە بۆ شت پێکێشان بەکارهێنراوە (هەژار، ١٣٧٦: ٩٥٨).

دەتوانین بڵێین مرۆڤ بەپێی پێشکەوتنی ڕۆژگارو سەردەم ژمارەی بەکارهێناوە ، کە لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی زانست خۆی گونجاندوە، تاوەکو گەیشتوە بەو سەردەمەی ئەمڕۆمان .

بە بۆچونی ئێمە و زمانەوانەکان تەواوی زمانەکانی دونیا ژمارەیان تێدایە و بەدیدەکرێت و بۆ گفتوگۆی ڕۆژانە و ژماردنی شتەکان سودیان لێ بینراوە، بەڵام کاتێک قوڵ دەبییەوە لە لایەنە شاراوەکانی ژمارە، دەبینین تەنها زمانی (پیراها – Piraha) نەبێ، کە "تاقە زمانێکە لە خێزانی

زمانەکانی (مۆرا – Mura) و دەکەونە سەر کەناری دەریای (مەیسی) لە ناوچەی ئەمازۆنی بەرازیلیدا، کە ژمارەیان لە قسەکردندا بەکارنەدەهێنا، لە ساڵی ١٩٩٧ ژمارەی قسەپێکەرانی ئەم زمانە دووسەد و بیست کەس بون، ئەمانە تەنانەت لە جێناوەکانیشدا ژمارەیان بەکارنەدەهێنا، ئەم زانیاریانەش لە لایەن زمانەنەوانێکەوە بە ناوی (ئێڤریت) تۆمارکراوە، ئەم زمانەوانە چواردە مانگ لە لایان ماوەتەوە و لەگەڵیان ژیاوە" (نوری ،٢٠١٢ : ١٣ – ١٤). کەواتە دەتوانین بڵێین ژمارە دیاردەیەکی گشتی و جیهانییە لەناو زۆربەی زمانەکانی دونیادا ڕیشەیەکی زۆر دێرین و لەمێژینەی هەیە.

### ١-١١: شوێنی ژمارە لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا :

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ژمارە بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن و ئاماژەیەکە بۆ چەندییەتی شتە یان ناوە ژمێردراوەکە و دەبێتە تەواوکەری. سەبارەت بەڕای ئەو ڕێزمان نوسانەی ژمارە سەر بە بەشە ئاخاوتنەکانی تردا دەنێن گیروگرفتێکی زۆری لەسەرە و تاکو ئێستاش کۆدەنگی تەواوی لای ڕێزماننوسەکان دروست نەکردوە و یەکلایی کردنەوەی ژمارە بە دانانی لە بەشە ئاخاوتنێک کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە شەن و کەو و لێوردبونەوەی زیاترە.

ئەوەی شایەنی گوتنە، ئەوەیە هەندێک لە ڕێزمان نوسەکان ژمارە بە بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ دانانێن " زۆربەی قوتابخانە زمانەوانییە نوێیەکان بەتایبەتی (ئەمریکی و بەریتانی) لەسەر ئەو باوەڕەن، کە ژمارە بەشێکە لە بەشە ئاخاوتنی هاوەڵناو" (خۆشناو،٢٠١١ :١٢٩ ). هەر پەیوەست بەمە هەندێک لە ڕێزمان نوسە کوردەکان ژمارەیان بە جۆرێک لە جۆرەکانی ئاوەڵناو داناوە و لەژێر ناونیشانی ئاوەڵناوی ژمارەدا باسی لێوەدەکەن، ئەمانە لەسەر شێوازی چاولێکەری زمانی ئینگلیزی، کاریگەربون بە قوتابخانەی ئەوروپی، وەک: (تۆفیق وەهبی) ژمارەی بە (سیفەتی ژمارەیی) ناوبردوە و دەڵێت: "سیفەتی ژمارەیی ئەو سیفەتانەن، کە بۆ ژماردنی کەسێ یان شتێ

ئەخرێتە پاڵ ناوەکەیەوە" (وەهبی،١٩٢٩: ٧٤). هەروەها (سادق بەهائەدین ئامێدی) لەژێر ناونیشانی (هاڤەڵناڤێ چەندی هەژماری- ژمارەییدا ژمارەی بەجۆرێک لە ئاوەڵناو داناوە و دەڵێت: " هاڤەڵناڤێ چەندی ئەو هاڤەڵناڤە یێ کو ژ بۆ هەژمارا کەسەکی یان ژی تشتەکی بەری ناڤی تێتە دانان" (ئامێدی، ١٩٧٦: ٢٨٠). هەندێکی تر لە ڕێزمان نوسەکان ژمارەیان بەجۆرێک لە ناو ئەژمارکردوە و لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی ناودا باسیان لێوەکردوە، ئەمانیش کاریگەربون بە زمانی عەرەبی و هەر لەژێر ڕۆشنایی ڕێزمانی عەرەبیدا ژمارەیان بە ناو داناوە (نوری، ٢٠١٢: ٦٥). بۆ نمونە (سەعید سدقی کابان) دەربارەی ژمارە دەڵێت: " اسم عدد- اسمێکە ژمارە نیشان دەدات" (کابان، ١٩٢٨: ١٢). هەروەها جگەر خوێنیش ژمارەی بە (ژمارە ناڤ) لەقەڵەم داوە (جگەرخوێن، ١٩٦١: ٣٢).

کۆتا بۆچونیش سەبارەت بە بەشە ئاخاوتنی ژمارە ئەوەیە ، کە بەشێکی تری ڕێزمان نوسەکان ژمارە بە بەشە ئاخاوتنێک دادەنێن، بەتایبەتی ئەو ڕێزمان نووسە کوردانەی کە کاریگەرن بە قوتابخانەی ڕوسی و ژمارەیان بە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ داناوە، چونکە لە قوتابخانەی ڕوسیدا ژمارە وەک بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ باسی لێوەکراوە (نوری، ٢٠١٢: ٦٦). هەر لەم بارەیەوە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) ئاماژەی بەو بەشە ئاخاوتنانە داوە، کە ئەو نوسەرانەی سودیان لەڕێزمانی ڕوسی وەرگرتوە، دە بەشە ئاخاوتنیان دیاریکردوە، وەک: (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، ژمارە، کردار- چاوگ، ئاوەڵکردار، پریپۆزیشن، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگهێشتن، پارتیکڵ) (مارف، ٢٠١٤-أ: ٥٦). لە ڕێزمان نوسە دیارەکانی کوردیش، کە ژمارەیان بە بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ داناوە، بریتین لە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف)، کە دەڵێت: ڕاستە نزیکی لە نێوان ژمارە و ئاوەڵناودا هەیە، بەڵام لە ڕوی مانای ڕێزمانی و گۆڕان و بەکارهێنانی سینتاکسییەوە لە یەک جیا دەبنەوە، ئەمانەش مەرجی سەرەکین بۆ ئەوەی ژمارە بە بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ دابنرێت. (مارف، ١٩٧٩: ٩). هەروەها محەمەد ئەمین هەورامانی و ساڵح حوسێن حەسەن پشدەریش لە پەیڕەوکەرانی ئەو بۆچونەن، هەرپەیوەست بەم بابەت و بۆچونەش

(باباڕەسوڵ نوری) بیروبۆچونی وایە، کەوا ژمارە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە و ئاماژەی بەوە کردوە، هەرچەندە بەشە ئاخاوتنی ژمارە و ناو لە هەندێ ڕووەوە لێکنزیک دەبنەوە، بەتایبەتی لە ڕوی واتاوە، بەڵام نابێت بەتەنیا خاسیەتی واتایی بکەینە پێوەر بۆ دانانی ژمارە بە بەشێک لە ناو (نوری،٢٠١٢: ٦٦).

سەبارەت بە بۆچونی ئێمەش لەبارەی بەشە ئاخاوتنی ژمارە دەڵێین: ژمارە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە و خاوەن تایبەتمەندیی ڕێزمانی خۆیەتی، هەرچەندە بەشە ئاخاوتنی ژمارە و ناو لە ڕوی واتاوە لێکنزیک دەبنەوە، بەڵام لایەنی واتایی بەتەنیا ناتوانرێ بکرێتە پێوەر، واتە هەر وشەیەک واتای ژمارەی تێدابو، ناتوانین بڵێین سەر بە بەشە ئاخاوتنی ژمارەیە، بۆنمونە وشەی (حەفتە)، ڕاستە وشەی حەفت ژمارەیە و سەر بە بەشە ئاخاوتنی ژمارەیە، بەڵام کە دەڵێین: (حەفتە) لە ژمارەوە بوە بە ناو، جیاوازی لەگەڵ ناوی ئاساییدا نییە و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی ناو وەردەگرێ، دەتوانین بڵێین (حەفتەییێک، حەفتەکان، حەفتەی یەکەم...).

### ١-١٢: پەیوەندی ژمارە بە بەشە ئاخاوتنەکانی ترەوە:

وەک پێشتر گوتمان ژمارە لە پۆلە ئاخاوتنی جیاجیا هەژمارکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و تایبەتمەندیی ژمارە خۆی، چونکە لە هەندێ باردا لەناودەچێت یان وەک ناو مامەڵەدەکات، لە هەمان کاتدا هەندێ خاڵی هاوبەشی لەگەل ئاوەڵناو هەیە، ئەویش لەوەدایە کە هەردووکیان بەزۆری دەبێت لەگەڵ دیارخراو یان ژمێردراودا دەربکەون، بەڵام ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی بەهاوەڵناوی هەژماربکەین، یان بە ناوی دابنێین، بۆیە بەکورتی پەیوەندی ژمارە بەم دوبەشە ئاخاوتنەوە باس دەکەین.

### ١-١٢-١:پەیوەندی ژمارە بە ناوەوە:

کاتێک باس لە پەیوەندی ژمارە بە ناوەوە دەکەین، مانای ئەوە نییە، ژمارە بەشێک بێت لە ناو بەڵکو هەریەکەیان بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆن و هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی ڕێزمانی خۆیانن، هەرچەندە بەشە ئاخاوتنی ژمارە و ناو لە هەندێ ڕووەوە لێکنزیک دەبنەوە، بەتایبەتی لەڕوی واتاوە، نابێت هەر تەنیا خاسیەتی واتایی بکەینە پێوەر بۆ دانانی ژمارە بە بەشێک لە ناو، هەروەها نابێت هەر وشەیەک واتای ژمارەی تێدابێت، یان پلەی ژمارەیی ڕابگەیەنێ بە ژمارەی دابنێین. بۆ نمونە ئەگەر سەیری وشەکانی (چلە، سەدە، حەفتە) بکەین، دەبینین ئەم وشانە واتا و ناوەڕۆکی ژمارەیان تێدایە، بەڵام بەهۆی (ە) بزوێنی پاشگرەوە وەکو ناوێکی داڕێژراو هەژماردەکرێن و ژمارە نین، چونکە ئەو تایبەتمەندییە ڕێزمانییەی هەیانە، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ناوێکی ئاسایدا نییە، واتە تایبەتمەندی ڕێزمانی ناویان تێدایە، نەک ژمارە، هەروەک چۆن دەگوترێت (منداڵێک، منداڵەکان، یەک منداڵ، سێ منداڵ) ئاواش دەگوترێت (حەفتەیێک، حەفتەکان، سەدەیێک، سەدەکان، ...) ئەگەرچی لە ڕوی چەندێتییەوە (حەفتە) لەگەڵ (حەفت) و (سەدە) لەگەڵ (سەد) و (چلە) لەگەڵ (چل) وەکیەکن، بەڵام (حەفت) و (سەد) و (چل) ژمارەن و (حەفتە، سەدە، چلە)ش ناون و لە ژمارەوە بون بە ناو. ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە وشەی (چلە) ئەگەرچی واتای چەندێتی هەڵگرتوە، بەڵام مانای لە سنورێکی بەرین و فراوندا پەیوەندی بە زۆر شتەوە هەیە، وەک: ١ – بە ژماردنی چلەوە. ٢ – تێپەڕبونی چل ڕۆژ بەسەر لەدایکبونی منداڵێکدا یان مردنی یەکێکدا یان هێنانی بوکێکدا. ٣- چل ڕۆژ لە ناوەڕاستی هاوین و زستاندا... (مارف، ٢٠١٤-ب: ٥٢-٥٣).

ژمارە کاتێک لەگەڵ ئەو جۆرە ناوانەدا دێت، کە لە ژمارەوە وەرگیراوە، دەبێتە دیارخەری، وەک: چوار حەفتە- حەفتەی چوارەم، بیست سەدە- سەدەی بیستەم.

هەروەها لەڕوی پێکهاتنەوە ژمارە خاوەنی تایبەتییەکی دیاریکراوی وەهایە، کە لە بەشە ئاخاوتنەکانی تری جیادەکاتەوە. ژمارەکانی زمانی کوردی لەڕێگەی هەمەجۆرەوە دەردەبڕدرێن. ڕێگەی هەرە باو ڕێبازی (کۆکردنەوە) و (لێکدان)ە، ڕێبازی کۆکردنەوە بۆ سازبونی ژمارەکانی (١١– ١٩) و هەمو ئەو ژمارانەی بەهۆی مۆرفیمی پەیوەستی (و) پیکدێن بەکاردەهێنرێن.(نوری، ٢٠١٢: ٦٨).

واتە ژمارە خاوەنی تایبەتییەکی دیاریکراوە، کە لە پۆلەکانی تری ئاخاوتنی جیادەکاتەوە، ژمارەکانی زمانی کوردی لە هەر دوو ڕێگەی باوی ڕێبازی (کۆکردنەوە، لێکدان) پێکدێت، بەم شێوەیە: کۆکردنەوە بۆ سازکردنی ژمارەکانی (١١–١٩) دەبێت، وەک (چواردە= چوار + دە) هەروەها ڕێبازی لێکدانیش بۆ هەمو ئەو ژمارانە دەبێت، کە بەهۆی مۆرفیمی (و) پێکدێت، وەک (چل و دوو، بیست و یەک، ...)، بەڵام پێکهاتنی ناوی کۆکراوە لەسەر بناغەی کۆکردنەوە بە ئەنجام ناگەیەنرێت، وەک (کۆبوونەوەی خزمان)لە بارەی واتاوە ئەوەناگەیەنێ، کە لە (کۆبوونەوە+خزمان) سازبوبێ. هەرچی ژمارەکانی (سێ سەد) ، (دووهەزار) ، (یەک ملیۆن)ە لەڕێگەی لێکدانەوە سازبون، واتە: سێ سەد = ٣ X ١٠٠، دووهەزار = X٢ ١٠٠٠، یەک ملیۆن= X١ ١٠٠٠٠٠٠، ...هتد، کە ئەمە جیاوازە لەگەڵ لێکدانی ناودا، لە لایەکی ترەوە ژمارە پێشگر وەرناگرێ، بەڵام (بابارەسوڵ نوری) نمونەیەکی بۆ ئەمجۆرە هێناوەتەوە، کە بریتییە لە وشەی (بەهەشت) کە پێکدێت لە (پێشگر+ژمارە) (نوری، ٢٠١٢: ٦٦)، پاشگریشی لە شێوەی مۆرفیمی وشە داڕێژ بە بەراورد لەگەڵ ناودا بە کەمی وەردەگرێ، هەرچەندە ناو لە وەرگرتنی پێشگرو پاشگردا زۆرچالاکە. لە لایەکی تریشەوە ژمارە مۆرفیمەکانی (ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ) وەرناگرێ، چونکە ئەم دیاردانە لە واتاکەیدا هەیە، بەڵام ئەگەر ژمارە وەکو هاوڵکارێکی کاتی بەکارهات ئەوا دەکرێت نیشانەکانی ناسراوی و کۆ وەربگرێت، وەکو: (لە سییەکانی سەدەی ڕابردو، لە چلەکانی سەدەی بیستەم، ... هتد)، هەروەها ناوەکانی دوای ژمارەی بنجی بە واتای کۆ بەکاردێن، جگە لە ژمارە (یەک) نەبێت،

که واتای کۆ ناگەیەنێت، هەروەها ژمارە ڕەگەز و دۆخی نییە، چونکە واتای شت ناگەیەنێت، بەڵام لە ناودا ڕەگەز و دۆخ بونی هەیە، بەمشێوەیەی کە باسکرا بەهیچ جۆرێک ناتوانرێ ژمارە بە ناو دابنرێت. کەواتە بەمشێوەیەی کە ڕونکرایەوە ناتوانین ژمارە بە بەشێک لەناو دابنێین، چونکە ژمارە خاوەنی خاسییەتی تایبەتی خۆیەتی کە لە ناودا نین و ژمارە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیە.

**١-١٢-٢: پەیوەندی ژمارە بە ئاوەڵناوەوە:**

ژمارە و ئاوەڵناو دوو پۆلی سەربەخۆن و هەریەکەیان وەک بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ بەشداری لە دروستکردنی ڕستەدا دەکەن، هەروەها ژمارە و ئاوەڵناو لەپاڵ ناوێکدا دێن و دەبنە دیارخەری ناوەکە. (ژمارە دەبێتە دیارخەری چەندێتی ناوەکە یان پلە و کەرتی ناوێک دیاریدەکات، هەرچی ئاوەڵناویشە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات و چۆنییەتی و خاسییەت دەگەیەنێت، ئاوەڵناو چۆنیەتی و خاسیەتی ناوەکە یان جێناوەکە ڕادەگەیەنێ، بەڵام ژمارە ئەرکی ڕوتی ناوی ژمارە (چوار+ پێنج= نۆ) ڕادەگەیەنێ، یا چەندییەتی ناوێک یا پلەی شتێک دیاریدەکات). (عەزیز،عەزیز، ٢٠١٩: ٢٢٨).

دەتوانین بڵێین: ژمارە و ئاوەڵناو هەریەکەیان ئەرکی جیاواز دەبینن، هەر بۆیە نابێت ڕای ئەو ڕێزمان نوسانە وەربگرین، کە لەسەر شێوازی چاولێکەری زمانی ئینگلیزی، کاریگەربون بە قوتابخانەی ئەوروپی، کە ژمارەیان بە جۆرەکانی ئاوەڵناو داناوە، چونکە ژمارە لەگەڵ ئەوەی هەندێ ڕوی لێکچوی لەگەڵ ئاوەڵناودا هەیە، بەڵام ناتوانێت لە هەمو بارێکدا وەک ئاوەڵناو مامەڵە بکات.

ئاوەڵناوی لێکدراو بە چەند ڕێگەیەک دروست دەبێت، وەک: (بەژن چنار، گوڵبەدەم، دوودڵ، لێوئاڵ، تێروپڕ، خێرخواز، ... هتد). کە دەڵێین (بەژن چنار)، ئەوە ناگەیەنێ کە لە (بەژن + چنار) یان ( بەژن X چنار) پێکهاتبێ، کەچی لە ژمارەدا پەیڕەوی ڕێبازی کۆکردنەوە و لێکدان دەکرێت بۆ دروستبونی ژمارەی لێکدراو، وەک: (سی + سێ = سی و سێ) (دوو + هەزار = دوو هەزار). لە

بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناودا، ئاوەڵناوی چۆنیەتی بە یارمەتی مۆرفیمی (تر، ترین) پلەی بەراورد و باڵا وەردەگرێت، بەڵام لە بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا ئەمە نییە. ئاوەڵناو لەدوای ناو دێت و دەبێتە دیارخەری ناوی ناسراو و نەناسراو، بە هۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) یان (ە)، وەک: (کچی جوان، خوێندکاری زیرەک، کچەجوانەکە، خوێندکارە زیرەکەکە)، بەڵام ژمارە بە هەمو جۆرەکانییەوە لەپێش ناو دێت، وەک: ژمارەی بنجی (چوارنەمام)، یان ژمارەی کەرتی (نیوەی مەڕەکان) تەنها ژمارەی ڕێکخستن نەبێت، کە لەدوای ناو و پێشناویش دێت، ئەگەر کەوتە دوای ناو، ئەوە پێویستی بەئامرازی دانەپاڵی (ی) هەیە، وەک: (خوێندکاری چوارەم)، ئەگەر کەوتە پێش ناو پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نییە، وەک: (چوارەم خوێندکار)، دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی و لە زۆربەی کاتدا، ئەگەر ژمارە پێش ناو بکەوێت و لە سەرەتادابێ، ئەوا بە بێ ئامرازی دانەپاڵ دەبێتە دیارخەری ناوەکە، بەڵام لە ژمارەی کەرتییدا جیاوازە و لە هەمو کاتێکدا لە سەرەتادا دێت و پێش ناو دەکەوێت و پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ هەیە، " ژمارە یان ناوی ژمارەکان بە نوسین و بە ڕەنوسی (ژمارە) دەنوسرێت، بەڵام ئاوەڵناو یان ئاوەڵناوی پێکهاتو لە (ژمارە و کەرەستەیەکی تر)، تەنیا بە نوسین دەنوسرێن" (١،٢،٣،...هتد) (یەک، دوو، سێ، ...هتد ) (نوری، ٢٠١٢: ٧١). کچێکی سێزدە ساڵانە (کچێکی ١٣ ساڵانە)، مرۆڤی دووڕوو ( مرۆڤی ٢ ڕوو)، ... لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە بڵێین ژمارە بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتنە و ناتوانین بە جۆرێک لە ئاوەڵناوی دابنێین. هەرچەندە هەندێ جاریش وەکو ئاوەڵناو دەربکەوێت بەتایبەتی لە ئەرکی دیارخەری ناودا.

## ١-١٣: ڕێگاکانی پۆلێنکردنی ژمارە لە زماندا:

ئەوەی شایەنی باسە ڕێزمان نوسانی کورد بیروباوەڕی جیاوازیان هەبوە دەربارەی جۆرەکانی ژمارە، هەندێ لە ڕێزمان نوسان تەنیا لە ڕوی ناوەڕۆک و واتا و تایبەتییەوە باسیان لە جۆرەکانی

ژمارە کردوە، هەندێکی تریشیان  لەڕوی ڕۆنان و پێکهاتنەوە لە ژمارە دواون، کەمێکیش لە ڕێزمان نوسان ڕۆنان و پێکهاتنیان تێکەڵ بە واتا و ناوەڕۆک کردوە، بۆ نمونە: (محەمەد ئەمین هەورامانی) ژمارەی بۆ چوار جۆر دابەشکردوە، ئاماژەی بەوە داوە کە ژمارە لەڕوی قەبارەوە دەکرێ بەم بەشانەوە (ژمارەی ساکار، ژمارەی لێکدراو، ژمارەی کەرتی، ژمارەی ڕیزی)، دەبینین تێکەڵییەک لە ڕوی واتا و ناوەڕۆکەوە هەیە (هەورامانی،١٩٧٤: ١٦٧- ١٦٨). هەروەها (ک.ک.کوردییڤ) پێنج جۆر ژمارەی دیاری کردوە، کەئەمانەن: (بنجی، پلەیی، دابەش، لێکدەر، کەرتی) ( کوردییڤ،١٩٨٤: ١١٤-١٢٩). هەر پەیوەست بەم بابەتە (سەعید سدقی کابان) و (ئەحمەد حەسەن ئەحمەد)یش ژمارەیان دابەشی ئەم چوار جۆرە کردوە: (ڕیشەیی، تەرتیبی، تەوزیعی، کەسری).هەروەها (نوری عەلی ئەمین)یش بە هەمان شێوە چوار جۆر ژمارەی دیاریکردوە، کە بریتین لە ژمارەی (ڕیشەیی، تەرتیبی، تەوزیعی، کەسری) (ئەمین، ٢٠١٥: ١٤١-١٤٤). هەر لەم ڕوانگەییەوە (عەبدولواحید مشیر دزەیی) چوار جۆر ژمارەی دیاریکردوە، کە بریتیین لە (ژمارەی ڕیزکراو، ژمارەی ڕیشەیی، ژمارەی دابەش، ژمارەی کەرتی) (دزەیی، ٢٠١٥-أ: ٨١).

هەر تایبەت بەم بابەتە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ژمارەدا کردونی و بەپێی بۆچون و لێکدانەوەی توێژینەوەی تایبەتی خۆی و بەهۆی کەڵک وەرگرتن لە تیۆری زمانناسییەوە، لە زمانی کوردیدا سێ جۆر ژمارەی دیاریکردوە (ژمارەی بنجی، ژمارەی پلەیی، ژمارەی کەرتی) (مارف، ٢٠١٤-ب: ٥٩).

ئەم دابەشکردنەی ئەوڕەحمانی حاجی مارف، لە هەموو ڕێزمان نوسەکانی  پێش خۆی گونجاوتر بۆ ئەم لایەنە چوە و بە شێوەیەکی دروست لە ڕوی ناوەڕۆک و پێکهاتنەوە ژمارەی دابەشکردوە، لەڕوی واتاوە ژمارەی بۆ (بنجی، پلەیی، کەرتی) دابەشکردوە، هەروەها لە ڕوی پێکهاتنیشەوە ژمارەی بۆ (سادە، ناسادە، پێکەوەبەستراو) دابەشکردوە. بۆچونی (باباڕەسوڵ نوری)ش دەربارەی دابەشکردنی ژمارە لەڕوی واتا و ناوەڕۆکەوە هەر هەمان ئەو دابەشکردنەی (ئەوڕەحمانی حاجی

مارف)ەو ئەویش تەنیا ئەم سێ جۆرەی دیاریکردوە (بنجی، پلەیی، کەرتی) لە ڕوی واتا و ناوەڕۆکەوە، لەڕوی ڕۆنانیشەوە ژمارەی بۆ (سادە، ناسادە) دابەشکرووە، تەنیا جیاوازییەک کە لەگەڵ دابەشکردنەکەی (ئەورەحمانی حاجی مارف)دا هەیبێت، ئەوەیە کە (ئەورەحمانی حاجی مارف) لە ڕوی ڕۆنانەوە ژمارەی دابەشی سەر (سادە، ناسادە، پێکەوەبەستراو ) کردوە. بە بۆچونی ئێمەش ژمارە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە دابەش دەبێت بەسەر سێ جۆردا (بنجی، ڕێکخستن، کەرتی) لەڕوی ڕۆنانیشەوە دوو جۆرە: (سادە، ناسادە).

**١-١٣-١: جۆرەکانی ژمارە لەڕوی ناوەڕۆکەوە**

مەبەست لە ناوەڕۆکی ژمارەکان، ئەو چەمکەیە کە ژمارەکە نیشانی دەدات، دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە:

**١-١٣-١-١: ژمارەی بنجی و تایبەتمەندییەکانی:**

ژمارەی بنجی جگە لەم زاراوەیە، چەند زاروەیەکی تریشی بۆ بەکاردێت، لەوانە: (ئەسڵی، ڕیشەیی، چەندی، نەژادی، ڕاستەقینە، سروشتی) (نوری، ٢٠١٢: ٩٧). ژمارەی بنجی بریتییە لەو ژمارانەی بەگشتی لە تەواوی دانەکاندا تجریدی ژمارە ڕادەگەیەنێ (١+٢=٣) یان (٢X٢=٤) یان چەندییەتی ناوە ژمێردراوەکەی بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا نیشاندەدات (چوار پەرتوک)، دەکرێت بڵێین ژمارەی بنجی ئەوەیە کە هەر ژمارەیەک کەرتی و پلەیی تێدا نەبو، ئەوا ژمارەی بنجییە. هەمو ژمارەکان بە ژمارە سروشتییەکان دەستپێدەکەن و هەمو جۆرەکانی تری ژمارە لە ژمارەی بنجییەوە سازبون و پێکهاتون، بۆیە بە ژمارەکانی ژماردنیش ناونراون و ناودەبرێن، چونکە تەنیا ژمارە بنجییەکان بۆ ژماردن بەکاردەهێنرێن. هەر بۆیە زانای بیرکاری ناسیی ئەڵمانی (Kronecker) دەڵێت: خوای گەورە ژمارە سروشتییەکانی داهێناوەو هەمو جۆرەکانی تری ژمارە دەستکردی مرۆڤن. (نوری، ٢٠١٢ :٩٧). هەمو ژمارەیەکی بنجی لە ژمارەکانی (٠-٩) پێکهاتون و دروستکراون، ژمارە بنجییەکانیش ئەمانەن:

١- ژمارەی بنجی سادە:  (٠- ٩) ئەمانە ژمارەی سەرەکین و هەمو ژمارە بنجییەکانی تر لە ئەمانەوە دروستدەکرێن.

٢- ژمارەی بنجی تێکەڵ:  (١١ – ١٩) ئەمانە ژمارەی بنجی تێکەڵن، بە یاسای کۆکردنەوە لە ژمارە(١- ٩) و ژمارە (دە) ئامادەدەکرێن.

٣- ژمارەی بنجی لێکدراو: ئەو ژمارە بنجیانەی بەهۆی مۆرفیمی (و) سازدەکرێن، وەک: (بیست و دوو، چل و شەش)، ... هتد.

٤- ژمارەی بنجی سەرەگرێ: بە ژمارەکانی (دە، بیست، سی، چل، ... هتد.) دەگوترێت سەرە گرێکان.

٥- ژمارە (دە) و دەجارەکانی لە زمانی کوردیدا ( دە، سەد، هەزار، ... هتد. ئەمانەی باسکران ژمارەی بنجین.

**ژمارەی بنجی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:** (مارف، ٢٠١٤-ب: ٥٩- ٦٣).

**١**- ژمارەی بنجی خاوەنی حاڵەتی (تاک، کۆ، ...) نییە، چونکە لە واتایدا ئەو دیاردەیە هەیە. تەنیا ژمارە (دە) و دەجارەکانی نیشانەی (ان) یان (ەها) یان (یەها) دەتوانن وەربگرن: (دەیان، سەدان، دەها، سەدەها، ...)، چونکە وەرگرتنی نیشانەی کۆ لە لایەن ژمارەوە دەستورێکی گشتی نییە و ژمارە (دە)و دەجارەکانیشی، وەک (دە، سەد،هەزار،...هتد)، کاتێک نیشانەی کۆ وەردەگرن، دوو گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا دێت:

ا- واتای چەسپیویان نامێنێت، واتە لە چەندێتی دیارەوە دەبنە چەندێتی نادیار، بۆ نمونە کە دەوترێت (سەد پیاو)، ئەوە مەبەست (سەد پیاوە) بێ کەم و زیاد، واتە نە (٩٩)یە نە (١٠١)ە، بەڵام کە دەوترێت (سەدان پیاو)، دەشێت (پێنج سەد)بن، یان دەشێت (هەشت سەد)بن.

ب- له بەشە ئاخاوتنی ناو نزیک دەبنەوە. هەرچی ژمارەی (دوو،سێ)شە کاتێک (ان) وەردەگرن، کە ناوەکە لابرێت و جێیبگرنەوە، وەک ( دوو پیاو هاتن ← دوان هاتن)، ( سێ پیاو هاتن ← سیان هاتن).

٢- ژمارەی بنجی لە زمانی کوردی دۆخی نییە، چونکە واتای شت ناگەیەنێ.

٣- ژمارەی بنجی ئەگەر بەبێ ناو بەکاربهێنرێ، ئەوە تەنیا ژمارەیەک ڕادەگەیەنێ، بەڵام کاتێک لەگەڵ ناوێک دێت، ئەوا دەتوانێ ببێتە دیارخەری چەندێتی ناوەکە، ناوەکەش دەبێتە دیارخراوی ژمارەکە، وەک: (یەک دار، دوو خوێندکار، سێ پەرتوک،...)، ژمارە لەم بارەدا نە دەبێ بە ئاوەڵناو نە دەشتوانێ ببێ بە دیارخەری ئاوەڵناو، ئاوەڵناویش نابێ بە دیارخەری شتی ژمارەکە.

٤- ژمارەی بنجی نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی وەرناگرێ، بەڵام ئەگەر ناوەکە لابرێ، ئەوا ژمارەکە نیشانەکان وەردەگرێ و دەوری ناو دەبینێ، وەک: (چوارەکە هاتن، چوارەکە کەوتنەڕێ).

٥- ژمارەی بنجی ژمارەی ناوێک ڕادەگەیەنێ، دەشێ ناوەکە بێ هیچ نیشانەیەک بێت و دەشگونجێ نیشانەی لەگەڵدابێت، وەک:

| | | |
|---|---|---|
| چوار کچ | چوار کچەکە | چوار کچان |
| دوو ڕۆژ | دوو ڕۆژێک | دوو ڕۆژان |

کاتێ نیشانەی نەناسیاوی (ێک) بە ناوی ژمێردراو دەلکێ، ئەوا نزیکی ئەو ژمارەیە دەگەیەنێ، وەک: (چوار ڕۆژێک، بیست پیاوێک).

٦- ژمارەی بنجی لەپێش ناو دێت و دەبێتە دیارخەری ناوەکە (دوو خوێندکار، سێ مامۆستا، یەک پێنوس...). جگە لە ژمارە یەک نەبێت، کە دەگونجێ لە دوای ناویش بێت، واتە ژمارە (یەک) زۆر جار لەگەڵ ناودا لە شێوەی نیشانەی (- ێک)، (- ەک) دێت، وەک: (شوانێک، شوانەک، بزنێک، بزنەک. ...). ناوی دوای ژمارەی بنج، ناوێکی گشتی ڕوتی ژمێردراوە و هەردەبێ بە واتای کۆبێت،

جگە لە ناوی دوای ژمارە (یەک) نەبێت،  دەگونجێ ژمارەی بنجی لە ڕستەدا لەپێش جێناوی لکاویش بێت، ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت، کە جێناوە لکاوەکە لە شوێنی ناوی ژمێردراو دێت و جێی ناوە ژمێردراوەکە دەگرێتەوە، وەک: (چواریان هاتن، پێنجیانم فرۆشت،...)، بەڵام ژمارەی بنجی لەگەڵ ناوی نەژمێردراودا نایەت: (سێ گەنم، چوار زەوی، ...).

٧- ژمارە بنجییەکان بە نوسین و بە ژمارە دەنوسرێن: (٢، ٣، ٥، ١٤، ١٥، ...) (دوو، سێ، پێنج، چواردە،پازدە،...).

٨- ژمارەی بنجی و ڕادە بەیەکەوە نایەن و ناتوانین بڵێین (هەندێ دوو، دوو هەندێ، ...)، بەڵام وشەی(ئەوەندە) لەگەڵ سەرە گرێکان دێت و بەواتای (١- ٩) دێت، وەک: سی و ئەوەندە، ...).

ژمارە بنجییەکان وشەی فەرهەنگین و ژمارەی ڕێکخستن و کەرتیش لەئەوەوە دروستکراون. هەروەها ژمارە بنجییەکان لە ڕوی واتا و ئاماژەوە دابەش دەبن بۆ ژمارەی تاک (١، ٣، ٥، ... )، ژمارەی جوت (٢، ٤، ٦...). ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کە هەر دوو کۆمەڵەکە بە زیادکردنی ژمارە(٢) زیاد دەبن، لە ڕوی کرداری دابەشکردنەوە، ژمارە جووتەکان زۆر چالاکترن لە ژمارە تاکەکان. هەروەها کردە بیرکارییەکانی ژمارە بنجییەکان بریتین لە (+، - ، ÷، × ). کۆکردنەوە و لێکدانی هەمو ژمارەیەکی بنجی یا زیاتر ئەنجامەکەی  ژمارەی بنجی دەردەچێتەوە (٢ + ٣ = ٥ )، (٢ × ٣ = ٦)، ... بەڵام لە کردارەکانی لێدەرکردن و دابەشکردندا، دەگونجێ ژمارەی بنجی دەربچێت و، دەشگونجێ ژمارەی بنجی دەرنەچێت: (٤ – ٢ = ٢) ، ( ٣-٥= -٢)، ...هتد (٨ ÷ ٢ = ٤)، (٢ ÷ ٤= ٢/١)،...هتد (نوری، ٢٠١٢: ٩٩).

دەربارەی ژمارە (سفر)یش، دەگوترێ: بە تەنها هیچ بەهایەکی نییە، واتە کاتێک دەڵێین (سفر) واتا هیچ، کەواتە سفر نە لەگەڵ ژمارە موجەبەکاندایە نە سالبەکان، بەڵکو کەوتووەتە نێوان هەردوکیانەوە، ژمارەی سفر سنوری ناوەندە، تەنها نرخی شوێنەکەی هەیە و لە دەرەوەی شوێنی خۆی هیچ نرخێکی نییە، بەشداری لە دروستکردنی سەرەگرێیەکان دەکات (١٠، ٢٠، ٣٠، ٤٠، ...

هتد). کەواتە سفر ژمارەیەکی بنجییە، ژمارەش نرخی خۆی هەیە، هەر ژمارەیەک وەربگرین دوو نرخی هەیە، یەکێکیان بەهای خۆی (١،٢، ٣، ... هتد) و ئەوی تریان نرخی شوێنەکەی، واتە نرخی ژمارە بەپێی شوێن دەگۆڕێ، بۆ نمونە : ژمارە (شەش) لەم نمونانەی خوارەوەدا ئەم نرخانەی هەیە :

| ٦ | ٦٢ | ٦٢٩ | ٦١٢٣ |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| شەش | شەست | شەش سەد | شەش هەزار |

واتە دەتوانین بڵێین تەنها سفر بەهای خۆی نییە و هەر نرخی شوێنەکەی هەیە، واتە نرخی سفر تەنیا لەلای ڕاست و چەپی ژمارەکەیە، وەک: (١٠، ١٠٠، ١٠٠٠، ٤٠٥٠، ٠/٦٠٠٠ ، ٠/٤٥٠ ... هتد) (عەزیز، عەزیز، ٢٠١٩: ٢٣٥).

**١-١٣-١-٢: ژمارەی ڕێکخستن و تایبەتمەندییەکانی:**

ژمارەی ڕێکخستن جگە لە زاراوەی ڕێکخستن زاراوەکانی (پلەیی، تەرتیبی، ڕێکخراو، ڕیزی، ...هتد) بۆ بەکاردێت، بە چەنەد شێوەیەکیش پێناسە کراوە: "ژمارەی پلەیی بەو وشانە دەوترێ، کە لە ژماردندا ڕیزی شتی هاوڕەگەز ڕادەگەیەنن، وەک: (پرسیاری یەکەم، کتێبی دووەم، کوڕی چوارەم، ... هتد)". (مارف، ٢٠١٤-أ: ١٩٥) یاخود "بەو ژمارانە دەوترێت، کە ئەندازە و ڕێکخستنی کەرەستەیەک دەگەیەنێت" (خۆشناو، ٢٠١١: ١٣٢). لە زمانی کوردیدا ژمارەی ڕێکخستن بە یاریدەی نیشانەی (- ەم) ، (- ەمین) کە دەخرێتە سەر ژمارەی بنجی ساز دەبێت (مارف، ٢٠١٤-أ: ١٩٦) . بۆ نمونە: یەک+ ەم = یەکەم ، دوو+ ەمین = دووەمین.

ئەگەر ژمارە بنجییەکە لێکدراو بێت، پاشگرەکانی (ەم، ەمین) دەچنە سەر ژمارەی کۆتایی، وەک : (بیست و یەکەمین، چل و پێنجەم)، هەرچەندە هیچ یاسایەکی تایبەت لە زمانی کوردیدا بۆ چۆنیەتی

بەکارهێنانی پاشگری (ەم ، ەمین) نییە، بەڵام ڕایەکی وا هەیە، کە دەڵێن وا پەسەندترە ئەگەر ژمارەی ڕێکخستنەکە بە پاشگری (ەمین) دروستبو، ئەوا لەو کاتەدا دەبێت ژمارەی ڕێکخستنەکە لەپێش ناوەکە بێت، وەک: (چوارەمین خوێندکار)، بەڵام ئەگەر ژمارە ڕێکخستنەکە بەهۆی (ەم) دروست کرابو پەسەندترە ژمارەکە بکەوێتە دوای ناوەکەوە، وەک (خوێندکاری چوارەم). هەر پەیوەست بەمە ئەگەر ژمارە ڕێکخستنەکە لەپێش ناو بێت ، ئەوا هیچ ئامرازێک ناکەوێتە نێوان ژمارەکە و ناوەکە، وەک: (یەکەم خوێندکار)، هەروەها ئەگەر ژمارە ڕێکخستنەکە لەدوای ناو بێت، ئەوا ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەکەوێتە نێوان ژمارەکە و ناوەکە، وەک (خوێندکاری یەکەم).

هەر لەم ڕوانگەیەوە ژمارەی ڕێکخستن تەنیا بە نوسین دەنوسرێ، واتە بە ژمارە نانوسرێت، ژمارەی ڕێکخستن بە هیچ شێوەیەک نیشانەکانی ناسیاوی و نەناسیاوی و کۆ وەرناگرێت، واتە ناتوانرێت بگوترێ (یەکەمەکە خوێندکار، یەکەمەکان خوێندکار، یەکەمێک خوێندکار، ... هتد) ، لەکاتێکدا دەتوانرێت نیشانەکان وەربگرێت، ئەگەر ناوەکە لادرا و ژمارەکە ئەرکی ناوی بینی، بۆ نمونە یەکەمەکە ئامادەبو، یەکەمەکان ئامادەبون ، یەکەمێک ئامادەبو (نوری، ٢٠١٢: ١٠٢)

**١-١٣-١-٣: ژمارەی کەرتی و تایبەتمەندییەکانی :**

ژمارەی کەرتی جگە لە زاراوەی کەرتی، زاراوەی (کەسری)یشی پێ دەگوترێ، ئەو ژمارەیەیە کە ڕێژە و ئەندازەی کەرتەکە دیاری دەکات، واتە چەندییەتی ئەم یان ئەو بەشی دانەکە نیشان دەدا و دەردەخا، وەک (چوار یەک، پێنج یەک)، واتا ژمارەی کەرتی بەشێک لە شتێک نیشان دەدات، کە هەر بەشێکیان کراوە بە چەند بەشێکی یەکسانەوە. لە زمانی کوردیدا ژمارەی کەرتی (سێ یەک ، چوار یەک، ... هتد) جۆری هەرە دیاروباون، وشەی لێکدراون، کەواتە هەمو ژمارەیەکی کەرتی لە دوو ژمارەی بنجی پێکهاتون، ئەم دوو ژمارەیە (چوار+یەک، شەش+ یەک) یەکێکیان سەرەیە و ئەوی تریان ژێرە(مارف، ٢٠١٤-أ: ١٩٧).

**بەگشتی ژمارەی کەرتی بە چەند شێوەیەک دەردەکەوێت:**

١- کەرتی ئاسایی: ئەو کەرتانەن کە ژمارەی تەواویان لەگەڵدا نییە و لە زمانی کوردیدا جۆری هەرە باون، وەک ($\frac{١}{٣}$، $\frac{١}{٤}$، $\frac{٢}{٨}$، $\frac{٣}{٨}$، ... هتد) ( سێ یەک ، چوار یەک ، دوو لەسەر هەشت ، سێ هەشت یەکی، ...هتد) ئەگەر ژمارەی سەرە نیوەی ژمارەی ژێرە بێت، ئەوا بەشێوەی (نیو) یان (نیوە) دەنوسرێن.

٢- کەرتی دەیی: مەبەستمان کەرتی دەیی و سەدی و هەزارییە، کە تیایدا ژمارەی تەواوی لەگەڵدایە، وەک: (سفر ژمارەی تەواو و لە دەیا یەک (٠،١)) ، سێ ژمارەی تەواو و لەسەدا حەفتا و حەوت (٣/٧٧).

٣- ژمارەی ڕێژەیی: ئەو جۆرە کەرتانەن، کە ڕێژەی دەیی و سەدی و هەزاری ناوی باسکراو دیاری دەکات، وەک: ٠/١٢ (لە سەدا دوازدە یان دوازدە لەسەد)، ٠/٥٨ (لە سەدا پەنجا و هەشت یان پەنجاو هەشت لە سەدا) (نوری، ٢٠١٢: ١٠٣).

**ژمارەی کەرتی بەهۆی چەند ڕێگەیەکەوە دروست دەکرێت:**

ژمارە کەرتییەکان بەهۆی ژمارە بنجییەکانەوە بە چەند شێوەیەک دروست دەبن، کە بە شێوەی پیت دەنوسرێن و دەخوێندرێنەوە:

١- بەهۆی دوو ژمارەی بنجی ژمارەی کەرتی دروست دەبێت، پێویستی بەهیچ پێشبەندێک نییە، وەک : ١/٢ ، ١/٣،١/٤ ( نیو ، چوار یەک ، سێ یەک ) .

٢- بەهۆی دوو ژمارەی بنجی و بە یارمەتی پێشبەندی (لە)، ئەمیش دوو جۆرە :

أ- پێشبەندی (لە) لە سەرەتای دەستەواژەکەوە دێت، بە واتایەکی تر لەپێش ژمارەی یەکەمەوە دێت، لەم حاڵەتەشدا ژمارە گەورەکە لەپێشدا دێت و بە دوایدا ژمارە بچوکەکە دێت، واتە ژمارە

گەورەکە دەبێتە یەکەم و بچوکەکە دەبێتە دووەم، وەک: (لە دەدا پێنج ، لە سەدا دە ، لە هەزارا دوو ، ... ) . لەم حاڵەتەشدا دوو شێواز سەرهەڵدەدەن، ئەویش بریتین لە:

شێوازی یەکەم: ئەوەیە ژمارەی یەکەم نیشانەی (ان)ی کۆ وەردەگرێ، وەک: (لە دەیان پێنج، لە سەدان دە، لە هەزاران دوو).

شێوازی دووەم: ئەوەیە پاشبەندی (دا) دەچێتە سەر کۆتایی ژمارەی یەکەم و لە هەندێ باریشدا لە شێوەی کورتکراوەدا، واتە وەک ( ا ) بە دەردەکەوێت ، وەک : (لە دەدا سێ یان لە دەیا سێ، لە سەددا چل یان لە سەدا چل، لە هەزاردا چوار یان لە هەزارا چوار، ... ).

ب- لە سەرەتادا ژمارە بچوکەکە و لە ناوەڕاستدا پێشبەندی (لە)و لە کۆتاییدا ژمارە گەورەکە، واتە (ژمارەی بچوک + لە + ژمارەی گەورە)، وەک: (پێنج لە سەد، سەد لە هەزار، ...) لە هەندێ حاڵەتدا ژمارە گەورەکە نیشانەی (ان)ی کۆ وەردەگرێ، وەک: (یەک لە چلان، دوو لە حەوتان، ...).

٣- هەروەها بە یارمەتی وشەی (لەسەر) کە دەکەوێتە نێوان هەردوو ژمارەکەوە، هەرچی ژمارەکانیشە بچوکەکان لەسەرەتاوە دێن و لە کۆتاییشدا ژمارە گەورەکە، واتە (ژمارەی بچوک + لەسەر + ژمارەی گەورە)، وەک: (دوو لەسەر دە، چوار لەسەر هەشت، پێنج لەسەر بیست، ...) .

٤- بە یاریدەی نیشانەی دانەپاڵی (ی)، کە بە ژمارەی یەکەمەوە دەلکێ، لەم حاڵەتەشدا لەسەرەتاوە وشە گەورەکە ئینجا وشە بچوکەکە، واتە (وشەی گەورە + وشەی بچوک)، وەک: (سەدی چوار، سەدی دوو، سەدی هەشت، ...) (مارف، ٢٠١٤-أ: ١٩٨ - ٢٠٠).

**تایبەتمەندییەکانی ژمارەی کەرتی :**

١- ژمارەی کەرتی هەمیشە پێش ناو دەکەوێت و لە نێوان ژمارەکە و ناوەکەشدا مۆرفیمی دانەپاڵی (ی) بەکاردەهێنرێت، ئەمەش لە هەمو جۆرەکانی تری ژمارە جیای دەکاتەوە، چونکە لە جۆرەکانی تری ژمارەدا، ئەگەر ژمارە لەپێش ناو بێت، ئەوا بەبێ مۆرفیمی دانەپاڵ، ژمارەکە دەبێتە

دیارخەری ناوەکە، وەک: (یەک لە چواری زەوییەکانم کێڵاوە ، نیوەی سێوەکەم خوارد ، ...) ، تەنیا وشەی (نیو) مۆرفیمی دانەپاڵی لەگەڵ بەکارنایەت: (نیو سێو) .

٢- ژمارەی کەرتی بە نوسین و ژمارە دەنوسرێت .

٣- هەمو ژمارەیەکی کەرتی لێکدراوە، چونکە هەمو ژمارەیەکی کەرتی بەلایەنی کەمەوە لە دە ژمارەی بنجی پێکدێت، هەرچەندە ژمارە کەرتییەکانی وەکو (نیو، چارەگ، ...) لە ڕووی شێوەوە لێکدراو نین، بەڵام لەڕوی ڕۆنانەوە لێکدراون .

٤- لە پێکهاتنی ژمارەی کەرتییدا، ناوی پارچەکان پلە و ڕیزیان نیشان نادرێ و لە واتای پلە بێبەرین.

٥- وشەکانی (نیو)، (نیوە) هەردوکیان لە دوو بەش بەشێک ڕادەگەیەنن و ژمارەی کەرتیین و واتای چەندییەتییان تێدایە ، بەڵام جیاوازیەکەیان لەوەدایە، کە:

أ- (نیو) شتی ڕەها و ڕوت ڕادەگەیەنێ و (نیوە)ش سنوردارە. بە واتایەکی تر (نیوە) دەبێت لەپێشتر لای گوێگر باسکرابێت و گوێگر ئاگاداری شتەکە بێت و لە ڕەوتێکی ڕونتر دەربڕابێت، بەڵام (نیو) هەتا نەلکێنرێ بە وشەیەکی ڕونەوە، نازانرێ نیوەی شتەکە چییەو سنوری دیار نییە.

ب- لە (نیوە)دا، دەشێ ناوەکە تاک بێ یان کۆ، بەڵام لە (نیو)دا ، ناوەکە هەمیشە تاکە، وەک:

نیوەی زەوییەکەم کێڵا. نیوەی زەوییەکانم کێڵا . نیو زەویم کێڵا.

پ- ناوی دوای (نیو) نەناسراو دەبێت، بەڵام ناوی دوای (نیوە) دەشێ ناسراوبێت یان نەناسراو بێت: (نیو سێو، نیوەی سێوەکە، ...) ، (نیوەی کۆمەڵ، ...) .

ت- مۆرفیمی دانەپاڵی (ی) لەنێوان وشەی (نیو) و ناوی دوای (نیو) بەکارنایەت، بەڵام لەنێوان وشەی (نیوە) و ناوی دوای (نیوە) مۆرفیمی دانەپاڵی (ی) بەکاردەهێنرێت :(نیو نان، نیوەی نانەکە، ..).

٦- ژمارەی بنجی و ژمارەی کەرتی بەیەکەوە نایەن، تەنیا لەباری دیارکردنی کاتژمێردا نەبێت، کە دەستەواژەی لە جۆری (هەشت و نیو، هەشت و چارەگ، ...) بەکاردەهێنرێت (نوری،٢٠١٢ :١٠٥-١٠٦).

### ١-١٤: جۆرەکانی ژمارە لەڕوی ڕۆنانەوە:

بەشە ئاخاوتنی ژمارە لە ڕوی ڕۆنانەوە بەسەر دوو جۆردا دابەشدەکرێت: (سادە، ناسادە).

#### ١-١٤-١: ژمارەی سادە:

ئەو ژمارانە دەگرێتەوە، کە لە یەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێک دێت، وەک: (یەک، دوو، سێ، ...، دە، بیست، سی، ...). یان "هەموو ئەو ژمارانە دەگرێتەوە، کە لە یەک ڕەگی بێ زیاد پێکهاتون و یەک بنەمایان هەیە" (نوری، ٢٠١٢: ١٠٦). وەک ژمارەکانی (٠ – ٩) و سەرەگرییەکانی وەکو(دە، بیست، سی، سەد، هەزار، ملیۆن، ملیار، بلیۆن، ...).

#### ١-١٤-٢: ژمارەی ناسادە:

ئەمیش (داڕژاو، لێکدراو) دەگرێتەوە:

ا- ژمارەی داڕێژراو: بەو ژمارانە دەگوترێت، کە لە ژمارەیەکی سادە و پاشگرێک پێکدێت، وەک: (پەنجا، حەفتا، هەشتا، ...)، ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە، کە ژمارە داڕێژراوەکان زۆرکەمن و بەشێکی کەمیش لە ڕێزمان نوسانی کورد ئەمانەشیان بەسادە داناوە، بەڵام بەڵگەی مێژوویی وا ڕادەگەیەنێ، کە (پەنجا، شەست، حەفتا، هەشتا). بە یاریدەی مۆرفیمی (ات)ی زمانی ئێرانی سازبوبن و لە کوردیدا (ت) تێداچوە و (ا) ماوەتەوە، سەبارەت بە وشەی (نەوەد/ نەوەت)یش ئەوا، بە یارمەتی پاشگری (ت) ئاڤێستایی یان بەیارمەتی (ات)ی ئێرانی پێکهاتوە، و هەندێک گۆڕانی دەنگسازی بەسەردا هاتوە.

ب- ژمارەی لێکدراو: ئەو ژمارانەن کە لە دوو ژمارەی بنجی یان زیاتر پێکهاتوون، وەک: (چواردە، یازدە، دوازدە، بیست و سێ، چل و چوار، ...)، واتە لە دوو بنەما ساز دەبێت (مارف،٢٠١٤-ب :٧٩).

**ژمارەی لێکدراو بەم ڕێگایانەی خوارەوە دروست دەبێت:**

١ – دوو ژمارەی بنجی تێکەڵ، بەهۆی کۆکردنەوەو لە گەڵ هەندێک گۆڕانی فۆنەتیکی، کە ژمارەکانی (١١ – ١٩ ) دەگرێتەوە.

٢- دوو ژمارەی بنجی و زیادەیەک، کە دوو ژمارەکە بە هۆی ئامرازی (و) درابنە دەم یەکتر، وەک: (بیست و دوو، سەدو سی و یەک، هەزارو پێنج سەدو چل و سێ، ...).

٣ – دوو ژمارەی بنجی بەدوای یەکداهاتو، کە بەبێ ئامرازی (و) درابنە دەم یەکتر، وەک: (سێ چوار، پێنج شەش، حەوت هەشت، پەنجا شەست، ...).

٤ – ڕێگای لێکدان: لە دوو ژمارەی بنجی یان زیاتر پێکدێت، بەڵام لەم ڕێگەیەدا ژمارەیەک لێکدانی ژمارەیەکیتر دەکرێت، وەک: (سێ سەد، چوار هەزار، ...) ئەمجۆرە ژمارانە لە لێکدانی هەندێ ژمارە لە ژمارەکانی: (سەد، هەزار، ملیۆن، ...) پێکهاتون، وەک: سێ سەد، یەک هەزار، چوار هەزار، بیست هەزار، سەد هەزار، دوو ملیۆن، ... (نوری، ٢٠١٢: ١٠٨).

٥- بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ وشە کە بۆ دەست نیشانکردنی پێوانەو بڕی ناوەکە، کە دەخرێتە پێشناوەکەوە بەکاردەهێنرێت. ژمارە جگە لە ژمێردراو جیاکەرەوەشی هەیە، کە مۆرفیمێکە کە لەگەڵ ژمارەدا دێت، ژمێردراو لەهەمبەر توانای ژماردن یان توانای ئەندازە وەرگرتن نیشاندەدات. لە ڕوی ڕۆنانەوە دەشێ وشەیەک یان گیرەکێک یان مۆرفیمێک زیاتر بێت، لە زمانی کوردیدا بەزۆری وشەن و لە پۆلی ناون، وەک: (کیلۆ، مەتر، نەفەر، سەر، دەست، بەرگ، چاوە، پارچە، بن، بنە، دانە، جووت ) (سێ کیلۆ، دوومەتر، پێنج نەفەر، هەشت سەر بزن، دوو دەستە نوێن- دوو

دەستەجلک، سێ بەرگ پەرتووک، خانووەکەمان سێ چاوەی هەیە، سەد پارچە زەوی، شەش بنەدار، دوودانە پێنووس، سێ جووت پێڵاو...هتد) (عومەر، حەمەد، ٢٠٢٢: ٣٢٧).

لێرەدا دەبینین وشەکانی (سێ کیلۆ، دوومەتر، پێنج نەفەر، ...) ژمارەی بنجی لێکدراون، ئەگەرچی ڕێزمان نوسان ئەمجۆرە وشانە بەناوی تر ناو دەنێن و ئەم ڕێگایەی دروستکردنی ژمارەی لێکدراویان ئاماژە بۆنەکردوە، بەڵام بۆچونی ئێمە ئەوەیە، کە ئەمانەش بە شێکن لە ژمارەی لێکدراو، چەندییەتی ناوێک نیشان دەدەن.

کەواتە لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین، کە بە بۆچونی ئێمە وا پەسەندترە ژمارە لە ڕوی ڕۆنانەوە بۆ دوو شێوە جیابکەینەوە، ئەوانیش (سادە، ناسادە)ن. (سادە) لەژمارە (٠ – ٩) دەگرێتەوە لەگەڵ سەرەگرێیەکان و ( ناسادە)ش هەمو ژمارەکانی تر دەگرێتەوە. لەمەوە بۆ مان دەردەکەوێ، کە ژمارە ناسادەکان گەلێک زۆرترن لە ژمارە سادەکان، بەڵام ژمارە سادەکان بنچینەی دروستکردنی ژمارەی ڕێکخستنوکەرتییەکانن.

# بەشی دووەم

# بەبەرهەمیی ژمارە لە ئاستی سیمانتیکدا

# بەشی دووەم

# بەبەرهەمیی ژمارە لە ئاستی سیمانتیکدا

## ٢-١: سیمانتیک:

سیمانتیک وەک زانست و وەک ئاستێکی زمان، خەریکی لێکدانەوەی واتایە و چەند بوار و بنەمایەکی هەیە، کە ئەو چەمک و ڕەهەندە جیاوازانە دەگرێتەوە، کە واتا فەرهەنگییەکانی هەر یەکەیەکی زمانی لێکدەداتەوە، بە کورتی باسی هەندێ لایەنی دەکەین.

### ٢ -١-١: چەمک و زاراوەی سیمانتیک:

وشەی سیمانتیکس (Semantics) وەک زاراوە لە وشەی (Sema)ی گریکییەوە وەرگیراوە، وشەکەش لە زمانی ئینگلیزیدا بە مانای (Sign) دێت، واتە هێما یان نیشانە، پاشان زاراوەکە لە لێکۆڵینەوەکانی واتادا بەکارهاتوە. یەکەم کەس وەکو زاراوەیەکی زمانی بەکاریهێنابێت، زانای فەرەنسی میشێل بریل (Michel Breal) بوە، ئەمەش لە ساڵی ١٨٨٣ لە باسێکدا وەک زاراوەیەکی زمانی ئاماژەی بۆکردوە لە سەدەی نۆزدەەدا، ئەم زاراوەیە پێش بەکارهێنانی لەلایەن (بریل)ەوە لە سنوری چەمکی فەلسەفەی واتاییدا بەکارهاتوە، وەک (الفلسفه السیمانتیکیه) (ف. بالمر، ١٩٨٥: ٣ ). واتە لە سنوری چەمکی فەلسەفی واتاییدا بە مانای (کەهەنوت) واتە (علم الغیب) هاتوە، پاشان لە ساڵی ١٨٩٧دا ئەم زانایە باسەکەی بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەوەی زاراوەی سیمانتیکس هاتۆتە نێو زمانی ئینگلیزییەوە (علی، ٢٠١١: ٧). لەزمانی کوردیشدا هەردو زاراوەی (سیمانتیک) و (واتاسازی) بەکاردێن، هەرچەندە ئەو دو وشەیە بە تەواوی نابن بە هاوواتا، چونکە سیمانتیک تەنها لقێک لە واتاسازی لەخۆدەگرێت و پراگماتیک ناگرێتەوە. بەم پێیە واتای زاراوەی (واتاسازی) فراوانترە و گشتگیرترە.

## ٢ -١-٢: پێناسەی سیمانتیک و واتا:

سیمانتیک وەک زانستێک مەودایەکی بەرفراوان و ئالۆزی هەیە، لێرەدا بەکورتی هەندێک پێناسە دەخەینەڕو: "سیمانتیک ناوێکە بۆ لقێکی زانستی زمان بەکارهێنراوە، کە خۆی بە شیکردنەوە و پەسەندکردنی واتای دەربڕاوە زمانییەکانەوە خەریک دەکات" (مەحوی، ٢٠٠٦: ٢). یاخود " سیمانتیک وەک لقێکی زانستی زمان خۆی بە ڕەهەندەکانی واتامەندی پێڕەوبەندانەی دەربڕاوە زمانەوانییەکانەوە خەریک دەکات" (مەحوی، ٢٠٠٩: ٢١). هەر لەبارەی پێناسەی سیمانتیکەوە دەگوترێت: "ئەو زانستەیە، کە لە واتا دەکۆڵێتەوە یاخود ئەو لقە زانستەیە لەو مەرجانە دەکۆڵێتەوە، کە پێویستە بونی هەبێ لە هێمادا تاوەکو بتوانێت واتا هەڵبگرێت" (عمر، ١٩٨٢: ١٧). دێڤید کریستاڵ دەڵێت: سیمانتیک ئەو بەشە سەرەکییەی زانستی زمانە، کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی واتاییەوە هەیە. هەروەها ئەم زاراوەیە لەبواری فەلسەفە و ژیربێژیشدا بەکاردێت، بەڵام لێکۆڵینەوەی واتایی لە فەلسەفە و ژیربێژیشدا جیاوازە وەک لێکۆڵینەوەی واتا لە زمانەوانیدا (Crystal, 2003: 48 ). هەروەها دەگوترێت: "واتاناسی بەشێکی سەرەکییە لە زانستی وشە و لە گشت ئەو مەسەلانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە مانای وشەوە هەیە" (مارف ، ١٩٧٥: ٣).

دیاریکردن و ناساندنی زانستێکی وەک سیمانتیک، کە لە واتا دەکۆڵێتەوە، بەکارێکی ئاسان دانانرێت، چونکە سیمانتیک مەودایەکی گەلێک بەرفراوانی هەیە، بۆیە تاوەکو ئێستاش پێناسە گەلێکی جۆراوجۆر هەن لە بارەیەوە و پێناسەیەکی تەواو پڕاوپڕ کە گشت لایەنەکان لەخۆبگرێت، ئاماژەی بۆ نەکراوە، تەنها ئەوە نەبێ، کە هەمو پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە سیمانتیک لە واتا دەکۆڵێتەوە. وەک ئاشکرایە ئەو بنەمایەی سیمانتیک لەسەری بنیادنراوە، بریتییە لە واتا، بۆیە بە پێویست دەزانرێت هەڵوەستەیەکیش لەسەر واتا بکرێت و کەمێک ڕونبکرێتەوە :

واتا چییە؟ وەک ئاشکرایە واتا، وەکو زانستێکی سەربەخۆ یاخود لقێکی زانستی زمان لەلایەن ژیربێژان و دەروونناسەکانەوە گفتوگۆی لەسەرکراوە، بەپێی بۆچون و زانستەکانی خۆیان ڕونکردنەوە و بنەمایان بۆداناوە .

خودی زاراوەی واتا هەڵگری چەمکێکی لێڵەو لە زۆربەی زمانەکاندا چەمکی جیاواز دەگەیەنێت، بۆ نمونە لەزمانی کوردیدا وشەی (واتا) ئەم واتایانە دەگەیەنیێت:

١ – هەموشتێک بەخوێ، خوێش بەمەعنا. (پێوانە)

٢ – ئەم شەڕەبێ مەعنا بو. (لۆژیکی نە بو)

٣ – خۆئامادەکردنەکەت مەعنای شەڕە. (نیشانە)

٤ – ئەوشتە یەعنی چی؟ (واتە) (حەسەن، ٢٠١٠: ٣)

واتا بەشێکی گرنگ و پێویستی زمانە و ئاستێکی چالاک لە ئاستەکانی زمان پێکدەهێنێت. واتا مەبەستی هەرە سەرەکی زمانە و تەنانەت هەندێ لە زانایانی زمانەوانی وای بۆ دەچن، کە "زمان بریتییە لە واتا و خراوەتە نێو دەنگەوە" (عمر، ١٩٨٢:٥)، کەواتە دەتوانین بڵێین ئاستی واتا زۆر گرنگەو باڵ بەسەر هەمو ئاستەکانی تردا دەکێشێ و هەمو ئاستەکانی تری زمان لە خزمەتی ئەم ئاستەی زماندان، بۆ دەستەبەرکردنی واتا. بە واتایەکی تر "چەمکی واتا بە چەمکێکی بنجی زمان دادەنرێت و هیچ زمانێک بونی نییە، بەبێ بونی واتا، کەواتە زمان بەبێ واتا نابێت، واتاش ئەوەیە، کە دەربڕین تێیدا ئەنجام دەدرێت و بە کەسانی تریش دەگەیەنرێت" (عەلی، ٢٠١٤ :٧٧). ئاشکرایە تا ئێستا دیاردەی واتا لای زمانەوانان و فەیلەسوف و لۆژیکناسەکان جێگەی سەرنج و گفتوگۆیە و سنورێکی دیاریکراوی بۆ دانەنراوە، چونکە هەر تاکە وشەیەک لە زماندا، واتایەک یان زیاتر لە واتایەک دەگەیەنێت. هەرچەندە هەندێک بیروڕای تر پێیان وایە، کە واتا دەکەوێتە دەرەوەی زمان

و زمان تەنها ئاستی ڕێزمان لەخۆدەگرێت، بەڵام تویژینەوە نوێیەکانی زمان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە واتا لە هەمو ئاستەکانی زماندا هەیە .

دانانی پێناسەیەکی گشتی دەربارەی واتا، بەشێوەیەک هەمو قوتابخانەکانی زمانەوانی و زمانەوانەکان لەسەری ڕێکبکەون کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ واتا کردوە، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕو:

١ – ئەفلاتون: واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی دوولایەنی لە نێوان فۆڕمێکی زمانی و کەرەسەیەک لە دەرەوەی زماندا (حەسەن، ٢٠١٠ :٤). لێرەدا ئەفلاتون پێمان دەڵێ، هەر تەنێکمان هەبێت، دەبێت هێمایەکیشمان هەبێت و پەیوەندی نێوانیشان واتایە.

٢ – ئەرستۆ: "(واتا وێناکردنە لە مێشکی مرۆڤ)، سێ شتی جیاکردۆتەوە، شتێک لە دنیای دەرەوە، وێناکردن، دەنگەکان". ( عمر، ١٩٨٢: ١٧ ).

ئەرستۆ دەڵێت: وشە هێمایە بۆ شت، بەڵام لێرەدا بەپێی ئەم پێناسەیە بێت، زمان دەبێتە بونیادێکی داخراو. ئەگەر سەیرێکی ئەم دوو پێناسەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین بەرانبەر هەر وشەیەک تەنێک دانراوە، بەڵام ئەم پێناسانە پێناسەیەکی فراوان و گشتگیر نین، بەڵکو دەچنە بوارێکی تەسکەوە، چونکە کۆمەڵێ فۆڕممان لە ناوەوەی زمان هەیە، کەچی لە دەرەوەی زماندا هیچ تەنێک داگیرناکات (تەنی نییە)، لەوانە: (ناوە واتاییەکان، ئاوەڵناوەکان، ئاوەڵکارەکان، ژمارەکان، ... هتد)

گەورە = تەنی نییە، ئاوەڵناوە، بۆیە پێویستی بە ناو هەیە.

خانوی گەورە = لێرەدا تەنی هەیە. (خۆشناو، ٢٠١٤: ٦٦).


دوو = تەنی نییە

٣ – ئۆگدن و ڕیچاردز: لە کتێبەکەی خۆیاندا بە ناوی (واتای واتا)، کە لە ساڵی (١٩٢٣)ەوە بڵاوکراوەتەوە، بەمشێوەیە پێناسەی واتایان کردوە: "واتا بریتییە لە هێما، بیر، هێمابۆکراو" ئەگەر سەیرێکی ئەم پێناسەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین لە ڕوانگەی سێگۆشەی واتاییەوە سەیری

واتایان کردوە، هێما ڕاستەوخۆ ناگات بە (هێمابۆکراو)، ئەگەر بە بیر یان چەمکدا تێپەڕنەبێت (خۆشناو، ٢٠١٤ :٦٧).

٤( – ئۆڵمان) لەبارەی واتاوە دەڵێت: "واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی لەنێوان وشە و هێمابۆکراو یان هێما و هێمابۆکراو"، ئەم پەیوەندییە وایان لێدەکات، کە هەمیشە پێویستییان بە یەکتر هەبێت (علی، ٢٠١١: ٢٨). بەپێی پێناسەکەی ئۆڵمان ئەو پەیوەندییەی لەنێوان هێما و تەنەکەدا هەیە، پێویستییە، واتە بەکارهێنانەکەیە وا دەکات بزانین ئەوە بۆچی بەکاردێت، تا زیاتریش بەکاربێت، زیاتر لێی شارەزا دەبین .

٥ – (فێرس) دەربارەی واتا دەڵێت: "واتا بریتییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی سیاقی ئاڵۆز لە نێوان کەرەستەکانی زمان" (علی، ٢٠١١: ٢٩). لەم پێناسەیەدا فێرس پێی وایە هەر وشەیەک چەند واتایەکی تێدایە، بەڵام هەریەکە و لە سیاقێکدا دەردەکەون، وەک:




کەواتە (فێرس) واتا بەوە دەستنیشاندەکات، کە بریتییە لە پەیوەندیی دەوروبەر، هەروەک ئاشکرایە هەر کاتێک ویستمان واتای وشەیەک بزانین، دەبێت بەدوای بەکارهێنانەکەیدا بگەڕێن، چونکە واتا لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت و پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵ لە نێوان کەرەستەکاندا بەدیدەکرێت .

٦ –سۆسێر: واتا ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان ئاماژە و ئاماژەبۆکراودا دروستدەبێت (حەسەن، ٢٠١٠ :٤). ئەم پێناسەیە پێیمان دەڵێت ئەوە واتایە ئەو پەیوەندییە بەیەکەوە دەبەستێت .

٧ –محەمەدی مەحوی: "<<واتا>> زاراوەی ناوجەرگەیی و ناوەندیی سیمانتیکەو نرخی هێمایە و کرۆک و هێزی گەیاندنە. بەبێ واتا، شێوە و بیچمی هێمایەک هێما نییە، بەڵکو تەنها فۆرمێکی بۆشە" (مەحوی، ٢٠٠٩ : ٢٢). جگە لەو پێناسانەی خستمانەڕو، پێناسەگەلێکی زۆر هەن بۆ واتا، کە لێرەدا ناتوانرێت بخرێنەڕو، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، کە هەمو زانایانی زمان و قوتابخانە

زمانەوانییەکان نەیانتوانیوە لەسەر پێناسەیەک ڕێکبکەون، چونکە بە ڕای ئێمە ئەمە کارێکی توش و سەخت و دژوارە، ئەمەش بۆ سروشتی واتا و لێکدانەوە واتاییەکان لە پێناسەکاندا دەگەڕێتەوە، کە (واتا) خۆشی زاراوەیەکی تەمومژاوییە و ساغ نەبۆتەوەم، بەڵام دەتوانین بڵێین وەک ڕویەکی هەر هێمایەک واتا ناوەڕۆکی هێما و وشەکان دەگرێتەوە و فۆرمیش دیوی دەرەوەی هێماکان، هەروەها سروشتی لێکۆڵینەوەکان قوتابخانەی زمانی دیاریدەکات. بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێمە بەتایبەتی ئەم بەشە بۆ شیکردنەوەی واتای سیمانتیکی وشەکان، بەتایبەتی ژمارە ڕوانگەی هۆشەکییە.

## ٢ – ٢: بوارەکانی لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی:

بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە بوارەکانی واتا، ئەو بوارانەیە کە سیمانتیک کاری تێدا دەکات و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکات، کۆی زمانەوانانیش لەسەر دیاریکردنی بوارەکان کۆک نین، هەروەها فەیلەسوف و زمانەوانەکان تاوەکو ئێستا ڕێکەوتنێکی تەواویان نییە بۆ سروشتی واتا، ئایا چەمکە یان ئاماژە، دیسان پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتا کێشەیەکی ترە، ئایا پەیوەندییەکە هۆییە یان لەخۆوەیە، سۆسێر پێی وایە ئەم دوو ڕوەی هێما پەیوەندییەکی لەخۆوە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە (Arbitrariness) واتە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان (ناو (Signified) و ناولێنراو (Aignifier)دا نییە، بەڵکو ڕێکەوتنە لەسەر ناونانی دیاردەکان، هەر بۆیە تەنی( گوڵ) لای کورد (گوڵە)، لای عەرەب (وردة) و لای ئینگلیزەکانیش (Flower) , ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوەبوایە, ئەوە بۆ ئەم دیاردەیە تەنیا وشەیەکمان دەبو، ئەم پەیوەندییەی نێوان ناو و ناولێنراو (ئۆگدن و ریچاردز) لە سێگۆشەی (بیر، هێما، تەن)دا خستیانەڕو، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان (هێما و تەن)دا نییە. (دزەیی، ٢٠١٤–ب: ٥٠). هەر لەبارەی ئەمەوە پاڵمەر چەند بوارێکی دیاری کردوە، کە ئەمانەن: (ناونان، چەمک، ئاماژە و ئاماژەبۆکراو، وشە، ڕستە) (حەسەن، ٢٠١٠: ٩).

هەر لەم سۆنگەیەوە محەمەدی مەحویش بە شێوەیەکی تر بوارەکانی پۆلێنکردوە، بەمشێوەیە :

١ - لایەنی کەرەستەیی (دەنگ / گرافیمی) دەربڕینە زمانییەکانە.

٢ - لایەنی دەرونی، کە لە داڕشتنی چەمکیی و ناوەرۆکی هۆشەکی بەشدارن.

٣ -شتەکان و بابەت و نیشانە و شتی دنیایی ڕاستی و ڕاستەقینە، کە دەربڕینە زمانییەکان پێیانەوە پەیوەستن و بۆیان دەگەڕێنەوە .


٤ – قسەکەر و دەقی تایبەتی دەوروبەر، کە دەربڕاوە زمانییەکان تیایاندا بەکاردەهێنرێن (مەحوی، ٢٠٠٩: ٢٦ – ٢٧).

## ٢-٣: لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی ژمارە لە ڕوانگەی تیۆرە واتاییەکانەوە:

ژمارە بەکارهێنان لە زماندا لە ڕوانگەی واتایی و لێکدانەوەی واتاوە دوو ڕەهەندی هەیە، پراگماتیکی و سیمانتیکی، بۆیە لێرەدا باسی لایەنی سیمانتیکی ژمارە دەکەین، کەواتە یەکێک لەو بەکارهێنانەی ژمارە هەیەتی لە زماندا، بریتییە لە واتای سیمانتیکی، هەروەها لە فەرهەنگدا ژمارە بە واتای سیمانتیکی تۆماردەکرێت، بۆ نمونە واتای سیمانتیکی (یەکباز، دووپەڕە، پێنج تیر، حەفتانە، ...هتد)، ئەگەر وردبینەوە لەم وشانە، کە هەریەکەیان واتایەکی سیمانتیکی دەبەخشن، دەبینین ژمارە (یەک) لە وشەی (یەکباز) و ژمارە (دوو) لە وشەی (دووپەڕە) و ژمارە پێنج لە وشەی (پێنج تیر) و ژمارە (حەوت) لە وشەی(حەفتانە)، هەریەکە لەم وشانە [ + ژمارە]ن و واتایەکی سیمانتیکیان هەیە، بە هەمان ئەو واتایانەی لە فەرهەنگدا هەیانە، بەشداریان کردوە لە دروستکردن و پێکهاتەی وشەکانی تردا. کەواتە واتای سیمانتیکیانەی ژمارە بەمشێوەی کە باسکرا، لێکدەدرێتەوە. دەبێت ئەوە بزانین، لە لێکدانەوەی سیمانتیکیانەی هەر وشەیەکدا، چەندین تیۆری جیاجیا هەن، کە هەر یەکێک لەم تیۆرانە جەخت لەسەر لایەنێکی واتا دەکەنەوە و بە جۆرێک واتای وشەکان شیدەکەنەوە. ژمارەش وەک یەکەیەکی خاوەن واتا و چەمک دەکرێت بە پێی هەر یەک لە تیۆرە واتاییەکان لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بۆیە لێرەدا گرنگترینییان دەخەینەڕو:

**٢-٣-١: تیۆری ناولێنان (ئاماژە):**

سەرەتای لێکدانەوەی واتا دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون، یەکەم کەس بوە واتای لێکداوەتەوە، هەرچەندە وەکو تیۆرێک نەیخستەڕو، بەڵام دواتر وەک تیورێک دەستنیشانکرا. ئەم تیۆرە "واتا وەک ئاماژە لێکدەداتەوە، بەپێی ئەم بۆچونە وشەی هەر زمانێ (هێمایە) بەرانبەر بە (تەن، ڕوداو ،شت، کەس، ...هتد) لە جیهانی دەرەوەدا ئەو دیاردانە دەگرێتەوە، کە بەرهەست دەکەون یان دەبنە مایەی تێبینی، کە پەیوەندییەکی بەرانبەری (دووقۆڵی) ڕوتە لەنێوان (ناو) و (ناولێنراو)" (دزەیی،٢٠١٤-ب: ٧٤). ئەم تیۆرە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو ڕوندەکاتەوە. بۆیەش ناونراوە (ئاماژە)، چونکە واتا وەکو ئاماژەیەک لێکدەداتەوە. یەکێک لەو بۆچونانەی لەم تیۆرەدا سەریهەڵدا، بۆچونی ئاماژەی (سۆسێر) بو، کە دەڵێ: هێما دوو ڕوی هەیە (فۆڕم و واتا) ، (فۆڕم): زانینێکی دەرونییە بۆ وشەیەکی دەنگی. (واتا): وێنەیەکی دەنگی یان بۆچونێکە بە (فۆڕم) بەستراوەتەوە و کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوە. ئەم دوو ڕوەی هێما پەیوەندییەکی دەرونی لەخۆوە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. بە ڕای سۆسێر (واتا) بەرپرسیارە لە لێکدانی (فۆڕم و واتا)، بەڵام (تەن) دەکەوێتە دەرەوەی کایەی زمانەوانییەوە (هەمان سەرچاوە:٧٤). ئەگەر هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم بیروبۆچونانە بکەین و ڕونیان بکەینەوە، دەبینین بەپێی توێژینەوەکە، (ئەفلاتون) دەڵێت، دەبێ شتەکە هەبێت لە بەرانبەردا، بەڵام( سۆسێر) پێیوایە دەکرێ شتەکە نەشبێت و هۆشەکی بێت و دەڵێ دەبێت بیر هەبێت، بەڵام زۆر گوێ بە (تەن) نادات، بەشێوەیەکی گشتی بەپێی ئەم تیۆرە، دەبێ هەر هێمایەک تەنێکی لە بەرانبەردا بوەستێ. تیۆری ناونان (ئاماژە) بەمشێوەیە واتای ژمارە لێکدەداتەوە. هەروەک زانرا لە تیۆری ناونانداا، واتا بریتییە لە پەیوەندی ناو و ناولێنراو، بۆ نمونە :




**هێڵکاری ژماره (٤):** لێکدانەوەی واتای ژماره بەپێی تیۆری ناولێنان.

کەواته بەپێی ئەم تیۆرییه، واتای ژماره پەیوەندییەکی دووقۆڵییه له نێوان ناو و ناولێنراو (هێما و تەن)، واته ژماره و ژمێردراودا، هەریەکه له وشەکانی (سێ، نیوه، چوار، دوو) له نمونەکانی سەرەوەدا هێمان یان ناون بۆ ژمارەی ئەو تەنەی له بەرانبەریاندا هەیه، که لێرەدا پێیان دەڵێین ژمێردراو.

**٢-٣-٢: تیۆری هۆشەکی:**


ئەم تیۆره بۆ چارەسەرکردنی کەموکورییەکانی تیۆری ناولێنان هاتەکایەوه، بیرۆکەی ئەم تیۆره له سەرەتاکانی سەدەی (حەڤدە) لەلایەن فەیلەسوفی ئینگلیزی(جون لۆک) سەری هەڵدا، که دەڵێت بەکارهێنانی وشەکان دەبێت هێمایەکی ورد و ڕاستەوخۆبن بۆ بیرەکان، دواتر ئەم تیۆره وەک سێگۆشەی واتایی (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) ناسراوه. هێما لەم بۆچونەدا ئاماژه بۆ بیرێک دەکات له مێشک، ئەم بیرەش واتای هێماکه دەگەیەنێت "بەپێی ئەم بۆچونه کاتێک وشه واتادار دەبێت، کەبیرێک یان چەمکێک یان وێنەیەک دروست بکات" (هەمان سەرچاوە:٧٧). بەمەش واتا بریتیی دەبێت له: "کۆمەڵه وێنەیەکی هۆشەکیی، که پەیوەندییان بەیەکەوه هەیه و به وشه یان گوتن دەنوێنرێن" (عەلی، ٢٠١١: ٣٣). لێرەدا واتا دەبێته موڵکی قسەکەر، که چۆن هێماکه لێکدەداتەوه، بۆ

نمونە ئەگەر بگوترێت(دێو)، ئەوا شتەکە لەڕاستیدا نییە، بەڵام وێنەکەی لە مێشکدا هەیە، کەشتێکی گەورە و ترسناکە. کەواتە ئەم تیۆرە "واتا وەکو پەیوەندییەکی سێقۆڵی لەنێوان هێما و چەمک و تەندا باسدەکات" (خۆشناو، ٢٠١١ : ٤٢). کەواتە بەپێی ئەم بیردۆزە وشە یان هێما بۆ گوێزانەوە و گەیاندنی بیر لە مێشکی یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر بەکاردەهێنرێت، کە ئەم بیرانەش دەبنە واتای ئەو وشە یان هێمایە، بەم پێیە وشە یان هێما واتادار نابێت، ئەگەر بیرێک لەگەڵیدا دروست نەبێت، کە لە مێشکی ئەو کەسەدا بەکاریدەهێنێت (سەعید، ١٩٨٩ :٢٧–٢٨). لێرەدا پێویستە بۆ هەر دەربڕینێکی زمان یان هەر واتایەکی جیاوازی دەربڕین، بیرێکی تێدا بێت، ئەو بیرەش چەند مەرجێکی هەیە، سەرەڕای ئەوەش مەرج نییە بەم جۆرە دەقاودەق واتای قسەکەر بگاتە گوێگر، چونکە بەرجەستەکردنی وێنە لە یەکێک بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بۆ نمونە دێو؛ لەلای من شتێکی زەبەلاحی گوێ زلە، لای کەسێکی تر ڕەنگە باڵیشی هەبێت، هەر بۆیە دەکرێت تاقیکردنەوەیەک بکرێت بە ئاڕاستەکردنی وشەیەک بۆ چەند کەسێک و وێناکردنی و بەرجەستەکردنی، دەبینین هەریەکەیان بە جۆرێک بەرجەستەی دەکات. مەرجەکانیش بریتیین لە:

١– لە هزری قسەکەردا ئامادەکراو بێت.


٢ – قسەکەر دەبێت ئەو دەربڕینە بەرهەمبهێنێت، هاوکات وا لە کەسانی تریش بکات هەست بە بوونی ئەو بیرە بکەن.

٣ – دەربڕینەکە دەبێت هەمان بیر بگەیەنێ، کە لە مێشکی گوێگردا هەیە (عەلی، ٢٠١١ :٣٣). ئەم بۆچونە جەخت لەسەر بیرۆکە و بۆچونەکانی بیری قسەکەر و گوێگر دەکات، بە مەبەستی دیاریکردنی واتا. کەواتە هەمو ئەو بۆچونانەی واتا دەتوانرێت لە یەک خاڵدا یەکبگرنەوە، ئەویش ئەوەیە، کە وشە یان ڕستە لە هۆشی قسەکەردا واتادار دەبن، بەپێی ئەو وێنانەی لەکاتی بەکارهێنانیاندا دروست دەبن. کەواتە بەپێی تیۆری هۆشەکی واتای ژمارە وەکو پەیوەندییەکی سێقۆڵی بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە، بۆ نمونە :




**هێڵکاری ژمارە (٥):** لێکدانەوەی واتای ژمارە بەپێی تیۆری هۆشەکی.

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە وشەکانی (سێ هێڵ، چوارگۆشە)، دەبینین هێمایەکن، کە ئاماژە بۆ بیرێک دەکەن، کە ئەویش ئەو وێنە هۆشەکییەیە کە لە مێشکماندایە، ئەم بیرەش واتای هێماکە دەگەیەنێت، هەروەک ئاشکرایە هەریەکە لە وشەکانی (سێ هێڵ، چوارگۆشە) چەمکێک یان وێنەیەک دروستدەکەن، هەر لەبەر ئەمەشە هەریەکە لەم وشانە واتایەکی سیمانتیکی بەدەستەوە دەدەن، کەواتە ئەم تیۆرییە واتای وشە بە پەیوەندییەکی سێلایەنە لە نێوان هێما و بیر و تەندا دەبینێت، کە ئاماژەی ژمارەیی لەگەڵ وێنە هۆشەکییەکەدا هەیە. هەروەها ئەگەر ژمارە بە تەنهاش بەکاربێت، وێنەی هۆشەکی ژمێردراو دێتە بەرهەست، بۆ نمونە ژمارە (سێ)، (سێ) وێنەی هۆشەکی یەک شتمان نیشاندەدات.




**هێڵکاری ژمارە (٦):** لێکدانەوەی واتای ژمارە بەپێی تیۆری هۆشەکی.

### ٢-٣-٣: تیۆری بەکارهێنان (دەوربەر)

"بریتییە لە چوارچێوەی بەکارهێنان، کە تێیدا واتای وشە و ڕستە و چۆنیەتی بەکارهێنان و ئەو ئەرکەی بەجێی دەهێنێت ڕون دەبێتەوە" (عمر، ١٩٨٢ :٦٨). ئەم تیۆرە لای زمانەوانی بەریتانی (فێرس) سەری هەڵداوە، کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی کۆمەڵایەتیی ئینگلیزی دادەنرێت، دواتریش قۆناغەکە بە قوتابخانەی (سیاق) ناسرا. لە دیارترین ئەو زمانەوانانەی ڕۆڵیان بینیوە لە دامەزراندنی ئەو تیۆرییەدا، (فێرس)بوە، کە لەژێر کاریگەری بۆچونەکانی زانای بایلۆژی (مالینوفسکی)دا کاری دەکرد، ئینجا هەریەک لە زانایان (هالیدای) و(شنکلیر) و(میتجل) و( لیۆنز)، ڕۆڵی زۆریان لە پێشخستنی ئەو تیۆرییەدا بینیوە (محەمەد، ٢٠١٠ :٥١). لەم تیۆرەدا (فێرس) بەمشێوەیە چەمکی واتا ڕون دەکاتەوە، دەڵێت: "چەمکی واتا شتێک نییە لە مێشکدا هەبێ و ببێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندی نێوان گوتەکان، هەروەها وێنەیەکی هۆشەکی نییە، بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەندی، کە هەڵوێستە زمانییەکان پێکدەهێنن و لەڕێگەی دەوروبەرەوە دیاری دەکرێن" (عەللاف، ٢٠٠٩ :٧٩). بیرۆکەی گرنگیدان بەم تیۆرە بۆ (ڤیتگنشتاین) دەگەڕێتەوە، کە دەڵێت: "بە دوای واتای وشەدا مەگەڕێ بە دوای بەکارهێنانی بگەڕێ" (دزەیی، ٢٠١٤-ب: ٩١)، کەواتە وشە کاتێک واتای دەبێ، کە بەکارهێنانی هەبێ، کاتێ بەکارهێنای نەبێت، ئەوا واتاشی نابێت، واتە بەپێی ئەم تیۆرە واتای وشە کاتێک دەردەکەوێت، کە لە زماندا بەکاربهێنرێت و هەر شتێ بەکاربێت، واتای هەیە .

بۆ لێکدانەوەی واتای هەر وشەیەک، دەبێ سەیری ئەو دەوروبەرە بکەین، کە وشەکەی تێدا گوتراوە، چوار جۆر دەوروبەریش دەستنیشان دەکرێت، کە بریتین لە:

١ – دەوروبەری زمانی: لە دەوروبەری زمانیدا پەیوەندی وشەکە بە وشەکانی پێشتر و دواتر لێکدەدەینەوە، وەک وشەی (باش) ئەگەر لەگەڵ وشەی(پارە) بێت، ئەوا واتای (زۆر) دەدات و ئەگەر لەگەڵ وشەی(دکتۆر) بێت، ئەوا واتای (شارەزایی) دەدات و ئەگەر لەگەڵ (قوتابی) بێت، ئەوا

واتای (زیرەک)ی دەدات، ئەگەر لەگەڵ وشەی (پیاو) بێت، ئەوا واتای (ڕەوشت جوان)ی دەدات، هەروەها زۆرجار دەڵێین (هەزار جار گوتم مەکە)، لێرەدا ژمارە (هەزار) مانای ئەوە نییە، کە هەزار جار وامان گوتبێت، بەڵام بە واتای (زۆر) بەکارهاتوە، یاخود دەڵێین (یەک دەقە وا دێم)، لێرەشدا ژمارە (یەک) بە مانای کاتێکی کەم دێت (محەمەد، ٢٠١٠: ٥٤).

٢ – دەوروبەری سۆز و خۆشەویستی: واتای وشە لەمجۆرە دەوروبەرەدا زیاتر بۆ دەربڕینی بارودۆخی هەڵچون و بەتوانایی و لاوازییە، پلەی سۆز و کاریگەری دیاریدەکات، بۆ نمونە وشەی (توڕەبون) جیایە لە (ڕق لێبوونەوە) و خۆشەویستی لە (حەزلێکردن). بۆنمونە: ئەگەر دایکێک خۆشەویستی بۆ منداڵەکەی دەرببڕێت، ئەم خۆشەویستییە لەم دەوروبەرە جۆرە واتایەکە، ئەگەر کوڕ و کچێک باسی ئەو وشەیە بکەن، ئەوە جۆرە واتایەکی تر دەگەیەنێت و دەوروبەرەکە ئەو ڕۆڵەی پێدەدات. زۆرجاریش واتای وشە لەم دەوروبەرەدا پەیوەندی بە لایەنی دەرونی و سایکۆلۆژی کەسەکانەوە هەیە، بۆ نمونە ژمارە (یەک) کە ئاماژەیە بە تاک و تەنیایی خودای گەورە و خۆشەویستی نیشان دەدات (محەمەد، ٢٠١٠: ٥٤). هەربۆیە وەک ژمارەیەکی پیرۆز تەماشادەکرێت. یان ژمارە (١٣) بەپێی دەوروبەر هەندێ جار بە ژمارەیەکی شوم تەماشادەکرێت.

٣ – دەوروبەری شوێنی: واتای وشە لە دەوروبەر و شوێندا بەپێی شوێنی وشەکە ڕون دەبێتەوە، وەک:

ا – نمە / لە قوتابخاتە هاتەوە.　　　　ب – نمە هاتەوە/ لە قوتابخانە؟

لە ڕستەی یەکەمدا هێز خراوەتە سەر (نمە)، چونکە (نمە) مەبەستە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا هێز خراوەتە سەر (هاتنەوە)ی نمە، چونکە هاتنەوەکەی مەبەستە.

٤ – دەوروبەری ڕۆشنبیری و شێوازی :

واتای وشە لەم دەوروبەرەدا بەپێی کەس و باری دەرونی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەو ژینگەیەی دەربڕینەکانی تێدا بەکاردێن ڕون دەبێتەوە، واتە وشە و ڕستەکانی پەیوەست دەبن بە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی قسەکەرەکە، چونکە ئاخاوتنی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی باری دەرونی و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ژینگەکەی دەبێت (محەمەد، ٢٠١٠: ٥٥). لێرەدا مەبەستمان لەلایەنی ڕۆشنبیریی و پاشخانی کەسی قسەکەر و گوێگرە لە واتایەکان، هەتا پاشخانە ڕۆشنبیرییەکە زیاتر بێت، فەرهەنگە ڕۆشنبیرییەکەش زیاتر دەبێت، واتە دەوروبەر و شێوازە ڕۆشنبیرییەکەیە ڕۆڵی لە واتاداربون و بەکارهێنانی وشەکانی ناو زمانەکە هەیە. ئەم تیۆرە واتای وشە بەپێی بەکارهێنانەکانی لێکدەداتەوە، بۆ نمونە ئەگەر بەپێی تیۆری بەکارهێنان ژمارە (چوار) لە وشەی (چوارشانە) وەربگرین، دەبینین بە مانایەکی جیاواز لە خودی ژمارە چوار کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە بەکاردێت، واتە کە دەڵێین چوارشانە مانای ئەوەنییە، کە چوارشانی هەبێت، بەڵکو مەبەست لێی :"پیاوی ئەستوری قەڵەوی داڕێژراوە" (خاڵ،٢٠١٧ :١٧٣) ئەم مەبەستەش لەبەکارهێناندا ڕون بۆتەوە، ئەگەرنا ژمارە (چوار) خۆی بێلایەنە و لە بەکارهێناندا واتاکەی گۆڕاوە، بەڵام ئەگەر وشەی چوار ڕێیان (چوارڕیان) وەربگرین، دەبینین ژمارە (چوار) بە واتای خۆی بونی هەیە، واتە بەپێی ئەو دەوروبەرەی خۆی واتای ژمارە چوار دەدات، هەروەها ژمارە (دوو) لە وشەکانی (دوودڵ، دووڕو) بەپێی تیۆری بەکارهێنان هەمان ئەو واتایانەیان نییە، کە ژمارە دوو لە فەرهەنگدا هەیەتی، بەڵکو لێرەدا بەکارهێنانەکە یاخود دەورووبەرەکەی واتای جیاوازی پێبەخشیوە. هەر لەم سۆنگەیەوە ئەم دەوروبەرە واتایەکی نەرێنی بە ژمارە (دوو) داوە، کە خۆی ئەم واتایەی نییە و بێلایەنە. یاخود وشەی (حەوت ڕوح)، هەروەکو نموونەکانی پێشو، لێرەشدا ژمارە (حەوت) بە مانای ژمارە بەکارنەهێنراوە، بەڵکو بەپێی دەوروبەرەکەی واتاکەی گۆڕاوە مەبەست لە حەوت ڕوح: "زیندەوەرێکە کە درەنگ گیان بە دەستەوەدەدات" (خاڵ،٢٠١٧

:١٩٤)، چونكە لە بەكارهێناندا ژمارە هەمیشە بەمانای ژمارە نایەت، بەڵكو بە پێی بەكارهێنانەكانی واتاكەشی دەگۆڕێت .

**٢-٣-٤: تیۆری سیما واتاییەكان (شیكردنەوە) :**

ئەم تیۆرە لەلایەن (كاتز و فۆدەر) ەوە لە ساڵی ١٩٦٣ لە شێوەی ڕاپۆرتێكدا بە ناونیشانی (پێكهێنانی تیۆری سیمانتیكی) بڵاوكراوەتەوە (عمر، ١٩٨٢ :١١٤). ئەم دوو زانانەیە بیردۆزەكەیان لەسەر بناغەی شیكردنەوەی هەر واتایەک لە واتاكانی وشە بۆ سیما پێكهێنەرەكانی دامەزراندوە، بە شێوەیەكی وا كە بتوانن لە گشتەوە بۆ تایبەت بچن (مەحمەد، ١٩٩٠: ٣). بە شێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم تیۆرە بەندە بەو بنەمایەی كە دەڵێت وشە لەڕوی واتاوە دەتوانرێت كەرتبكرێت بۆ پارچە و پێكهاتەی وردتر، بەم پێیە واتای وشە دانەیەكی تێكچرژاوە و پتەو نییە بواری ترازاندن و هەڵوەشاندنەوەی هەیە، شیكردنەوەی واتای وشە ئەوە دەگەیەنێت وشەكان بۆ سیما واتاییەكان شیدەكرێنەوەو پێكهاتە واتاییەكانی دەخرێنەڕو، بۆ نمونە وشەكانی وەک :

ژن: [ + مرۆڤ، + هەراش، – نێر، + عاقڵ،+ مێ]

پیاو: [+ مرۆڤ+ هەراش، + نێر، + عاقڵ، — مێ]

بەم شێوەیە وشە ڕێگایەكی ئابورییە و چەند سیمایەكی تێدا كورتكراوەتەوە (دزەیی،٢٠١٥-ب:١١١). هەروەها ئەم تیۆرە گرنگی بەشیكردنەوەی وشە دەدات و كار لەسەر سیما واتاییەكانی وشە دەكات و هەمو وشەیەكیش بۆ پێكهاتەی واتایی جیادەكاتەوە، مەبەستیش لە سیما واتاییەكان یەكەی بەرانبەری و بچوكترین پێكهێنەری چەمكی وشەكەیە (خۆشناو، ٢٠١١ :٤٤).
بەپێی ئەم تیۆرە، كە كار لەسەر سیما واتاییەكانی وشە دەكات، لێرەدا دەتوانین سیما واتاییەكانی ژمارە دەستنیشانبكەین، بۆنمونە :

یەک: [+ ژمارە، + تاک، +بنجی، +سادە]

دوو: [ + ژمارە، -تاک،+بنجی، +سادە]

بیست و دوو: [+ ژمارە، - تاک -سادە]

کەواتە دەتوانین بڵێین سیما واتاییەکانی ژمارە جێگیرترن، لە بەرانبەر سیما واتاییەکانی وشە بەگشتی، چونکە ژمارەکان هەموویان: [ + ژمارە، ± موجوب ± سالب] ن لەتیۆری شیکردنەوەدا.

### ٢-٣-٥: تیۆری ڕەوشتکاری (ڕەفتاری):

ئەم تیۆرە سەرەتا لە زانستی دەروونناسیدا سەری هەڵدا و دیارترین زاناکانی بریتیبون لە (سکنر، پیاجە، بافلۆف،...هتد) دواتر ئەم تیۆرە لە لایەن هەندێ لە زمانەوانانەوە پێڕەودەکرا، بەتایبەتی هەندێ لە زمانەوانانە ئەمریکییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، وەک:(بلۆمفید، ساپیر...هتد) (محەمەد، ٢٠١٠ :٤٨). ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەکەی (پاڤلۆڤ) دانراوە، کە (واتا) وەکو (کار و کاردانەوە) یان (وروژاندن و وەڵامدانەوە) دەبینێت. وەک ئاماژەمان پێکرد بنچینەی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆتاقیکردنەوەکەی (پاڤلۆڤ)، واتا، بەپێی ئەم تیۆرە بریتییە: "لەوبارودۆخەی کە دەربڕاوەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت و لەگەڵ ئەو کاردانەوەیەی کە لە گوێگرەوە دروستدەبێت" (یوسف، ١٩٩٠: ١٣٢). بەشێوەیەکی گشتی ئەم تیۆرە پێی وایە هەمو ئەو وشانەی لە زماندا واتایان هەیە، دەبێت کاردانەوەیەکیان بەرانبەر بێت، واتە هەر وشەیەک لە زماندا کاردانەوەی بەرانبەر نەبو ئەو وشەیە واتای نییە بەپێی تیۆری ڕەوشتکاری. کاردانەوەکە لە زماندا بەڕەوشت دادەنرێت، ڕەوشت پێی دەڵێن کاردانەوەکە. لایەنگرانی ئەم بیردۆزە پشتیان بەو سەرکەوتنانە بەستوە کە زانا دەروونناسەکان بەدەستیان هێنابو لە لێکدانەوەی چەند لایەنێکی دیاریکراو لە ڕەوشتدا، کە بە ڕێگەی وررژاندن و وەڵامدانەوە ئەنجام دەدرا (علی، ٢٠١١: ٣٧).

کەواتە بەپێی ئەم بۆچونە واتا بە کاردانەوە و وەڵامدانەوەکانیان دادەنرێت، بە واتایەکی تر وشە کاتێک واتادار دەبێت، کە کاردانەوەیەک، وەڵامدانەوەیەک لە گوێگرەوە بەجێدەهێنێ. هەتا

وروژێنەرەکەش بەهێزتربێ کاردانەوەکەش بەهێزتر دەبێت. ئەم تیۆرە لەسەر ئاژەڵان زۆر جێبەجێ کرا، دواتریش بۆ مەسەلەی زمانەوانی و واتا گواستیانەوە سەر مرۆڤ. ئەم تیۆرە کار لەسەر هەردوو چەمکی (کار) و (کاردانەوە) دەکات (یونس، ٢٠٠٤: ٢٥) .

هەروەک زانیمان لە تیۆری ڕەوشتکاریدا، واتا بریتییە لە کار و کاردانەوە، کەواتە هەر ژمارەیەک کە وەری دەگرین، پێویستە ژمێردراوێکی لەگەڵدابێت، هەر ژمارەیەکیش کاردانەوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەک ئاشکرایە لە زۆربەی کەلتورەکاندا هەندێ ژمارە پیرۆز کراون یان بە شوم دانراون، بۆ نمونە لە کوردیدا ژمارە(سێزدە) کاردانەوەیەکی تایبەتی هەیە لە ڕوی دەرونییەوە و بە شوم دانراوە یاخود ژمارە تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی بە پیرۆزتر دانراون، بۆ نمونە ژمارە (یەک) بە پیرۆز دەزانرێت کە ئاماژەیە بۆ تاک و تەنیایی و یەکتاپەرستی خودای گەورە، یاخود زۆرجار دەبینین ئەو وشانەی ژمارە (یەک) بەشدارە لە دروستکردنیاندا، مانایەکی ئەرێنی دەدەن، بۆنمونە کە دەڵێین (یەکماڵی، یەکڕیزی، یەکبوون، یەکدەنگی، یەکشەوە، یەکبێژ، یەکڕو، ... هتد). دەبینین کە کاردانەوەمان بۆ ئەم وشانە تایبەتییە و، زۆرجاریش کاردانەوەمان بۆ ژمارەکان خودیی (کەسی) یە، زۆرجاریش گشتییە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. ئەگەر ئەو وشانەش باسبکەین، کە ژمارە دوو لە پێکهاتنیاندا بەشدارە، دەبینین کاردانەوەمان نەرێنییە بۆی لە کۆمەڵگادا بەزۆری، وەک (دووزمانی، دووڕویی، دووبەرەکی، دووماڵەکی، دوودڵی، ...هتد).هەرچەندە تیۆری ڕەوشتی لەبەرئەوەی باس لە کار و کاردانەوە دەکات، زۆرجار کاردانەوەکە بەگوێرەی دەوروبەر دەگۆڕێت. بەمەش لێکدانەوەکە دەچێتە چوارچێوەی پراگماتیکەوە یان نزیک و هاوشێوە دەبێت لە لێکدانەوەی پراگماتیکی.

## ٢-٤: پۆلێن و خستنەڕوی ئەو ژمارانەی واتای سیمانتیکییان هەیە لە ڕوانگەی ڕۆنانەوە:

ئەو ژمارانەی کە واتای سیمانتیکییان هەیە, دابەشی هەر دوو جۆری داڕێژرا و لێکدراو دەبن، هەروەک ڕونە لامان پۆلێنکردنی وشە لە ڕوی ڕۆنانەوە بریتییە لە (سادە، داڕێژراو، لێکدراو)، بەڵام لێرەدا بە پێویست نازانرێت کە باسی ژمارە سادەکان بکرێت، چونکە سادەکان لە بنەڕەتدا لە هەر بەکارهێنانێکدابن واتایەکی سیمانتیکیان هەیە، واتە هەمویان بە تەنها بەکارهێنانیان هەیە و دەتوانن ژمێردراوی خۆیان پێ بژمێردرێت بەپێی ئەو ژمێردراوەی کە لەگەڵیاندادێت، بۆنمونە:

یەک پێنوس، دوو گوڵ، سێ پەرتوک، چوار منداڵ

### ٢-٤-١: ژمارەی داڕێژراو:

وشەیەکی ناسادەیە کە لە بنکەیەک و گیرەکێک پێکدێت یاخود (وشەیەکی ناسادەیە، کە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەک پێکدێت، زیادەکەش پێشگرە یان پاشگرە یان هەردووکی (پێشگر و پاشگر) پێکەوە دێن (مارف، ١٩٧٧ :٤٨-٤٩). لە زمانی کوردیدا ژمارە بە زۆری پاشگر وەردەگرێت و لە سەر بنەمای داتای توێژینەوەکەمان ئەم پاشگرانەی خوارەوە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی ژمارەی داڕێژراودا:-

١- ژمارە+ گیرەکی (ەم)، (ەمین) ، وەک:

یەکەم، یەکەمین، دووەم، دووەمین، چوارەم، چوارەمین، پێنجەم، پێنجەمین، شەشەم، شەشەمین، حەوتەم، حەوتەمین، هەشتەم، هەشتەمین، چلەم، چلەمین، شەستەم، شەستەمین، سەدەم، سەدەمین، هەزارەم، هەزارەمین،...هتد.

٢- ژمارە+ ناوبەند+ (ەم)، (ەمین) ، وەک:

سێیەم، سێیەمین، نۆیەم، نۆیەمین، دەیەم، دەیەمین، سییەم، سییەمین.

٣- ژماره+ گیرەکی (ان)، وەک: یەکان، سەدان، هەزاران

ئەم پاشگرە (ان) ژمارەکە کۆدەکاتەوە چەمکی کۆ بەژمارەکە دەبەخشێ.

٤- ژماره+ ناوبەند+ گیرەکی (ان)، وەک: دەیان.

٥- ژماره+ گیرەکی (انە)، وەک: حەفتانە، یەکانە، دووانە

٦- ژماره+ گیرەکی (ە)، وەک: حەفتە، حەوتە، سەدە، هەزارە

٧- ژماره+ گیرەکی (ین) ، وەک: چوارین، پێنجین

٨- ژماره+ گیرەکی (وو)، وەک: حەوتوو

٩- ژماره+ گیرەکی (م)، وەک: حەوتم

١٠- ژماره+ گیرەکی (ەوانە) + پاشگر، وەک: حەوتەوانە

١١- ژماره+ پاشگری (ە)، وەک: نیوە

١٢- ژماره+ گیرەک (یی)، وەک: نیوەیی، دەیی

١٣- ژماره+ گیرەکی (ۆک)، وەک: پێنجۆک

١٤- ژماره + گیرەکی وشەدارێژی(مینە)، وەک: نۆمینە، سێ مینە

١٥- ژماره + گیرەکی (ەڵان)، وەک: شەشەڵان

١٦- ژماره + ناوبەند + گیرەکی( انە)، وەک: سێیانە ( سییانە)

١٧- ژماره + گیرەکی وشە دارێژی (ی)، وەک: پێنجی، هەزاری

## ٢-٤-٢: ژمارەی لێکدراو:

ئەو وشەیەیە کە بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت، واتە لە دو بنەما سازدەبێت (مارف، ١٩٧٧ :٤٨). لێرەدا دەبێت یەکێک لە وشە سادەکان ژمارە بێت و بەپێی داتای توێژینەوەکە ئەم ژمارانە بەم یاسایانە دروست دەبن:

١- ژمارە + ناو، وەک:

یەک: یەک ڕوو، یەک لۆنە، یەک سم، یەک ڕەنگ، یەک قسە، یەک شەممە، یەک چاو، یەک باد، یەک باز، یەک توخم، یەک سەر، یەک باڵ، یەک بەر، یەک تا، یەک پا، یەک جار، یەک پارچە، یەک تاک، یەک جۆر، یەک دان، یەک چاو، یەک دەست، یەک دەنگ، یەک ڕان، یەک زمان، یەک بەرخ، یەک بەند، یەک پەڕ، یەک کەڕەت، یەک ڕا، یەک لانە، یەک ئالا، یەک دڵ.

دوو: دووشەممە، دووباد، دووبارە، دووبرا، دووخاڵ، دوودانگ، دووزەلە، دووقات، دووقەد، دوولانە، دوولق، دوولایەن، دووفاق، دوونان، دووبەرد، دووئەستێر، دووتیغ، دووسەر، دووکوت، دووگوە، دووپەل، دووگیان، دووپێ، دووگوێ، دووڕووگە، دوودەم، دووسم، دوولولە، دووبەقیە، دووبەرخ، دووخەت، دووسنور، دووچین، دووهەوار، دوو ڕەگ، دوو تاک.

سێ: سێبارە، سێ پێک، سێ چوکڵە، سێشەممە، سێپا، سێ پاڵوو، سێ بەگ، سێ باز، سێ سووچ، سێ لوولە، سێگۆشە، سێدانە، سێ پەل، سێتا، سێ سەر، سێ تیر، سێ لکە

چوار: چواریار، چوارپوڵەکە، چوارئاوێنە، چوارپەل، چوارپێ، چوارچابوخ، چوارپینە، چوارچاک، چوارچێوە، چوارخرت، چوارديوار، چوارسروشت، چوارسووچ، چوارقەد، چوارلۆ، چوارلوو، چوارگۆشە، چوارهەنگڵ، چوارمێخە، چواربا، چواربەن، چوارقات، چوارسوو، چوارچرا، چوارپاڵوو، چوارشەممە

پێنج : پێنج شەممە، پێنج تیر، پێنج گۆشە

شەش: شەش پێ، شەش جووت، شەش تیر، شەش ئاگر، شەش پاڵوو، شەش پەڕ، شەش خانە، شەش دانگ، شەش دەر، شەش گۆشە، شەش کلک، شەش پەنجە، شەش سووچ، شەش پارچە

حەفت: حەفت برا، حەفت لۆ، حەفتاو، حەفت ڕەنگ، حەوت بەند، حەوت گۆشە، حەوت تیر، حەفت مێرد

هەشت: هەشت پێ، هەشت تیر، هەشت پەڕ، هەشت دانگ، هەشت گۆشە، هەشت قات

نۆ: نۆبەند

دە: دەتیر

دوازدە: دوازدە گرێ، دوازدە ئیمام، دوازدە هەوار

سی: سی پارە

شەشت: شەست تیر

چل: چل دانە

هەزار: هەزارلۆ، هەزارپێ

نیو: نیوگەز، نیو شۆر

٢- ژمارە + ئامراز + ژمارە، وەک: نیوەبەنیوە، یەک بەیەک، یەکا و یەک، یەک و دوو، دوو بەدوو، سێ بەسێ، چواربەچوار، پێنج بەپێنج، شەش بەش، حەوت بە حەوت، هەشت بە هەشت، نۆ بە نۆ، دەبەدە، دوازدە بە دوازدە، سێزدە بە سێزدە، چواردە بە چواردە، سی بە سی، چل بە چل ، شەست بەشەست، سەد بە سەد، هەزار بەهەزار .

٣- ژمارە + ئامراز + ناو ، وەک: یەکەو حەیزەران، یەک و بەیاز، سێ بەگایە، چوارو بە یاز، پێنجەی تار، پێنج و کانێ، حەوتەحەمام، سێزدە بەدەر، چلەخانە، چلەورچ، چلەدار

٤- ژمارە + ناو + پاشگری (ە) ، وەک: یەک شەوە، یەک ڕۆژە، یەک ژنە، یەک گاسنە، یەک ماڵە، دووپەڕە، دووژنە، دووکلکە، دووشاخە، دووپەلکە، دووگاسنە، دووگونە، دوودەسماڵە، دووشەوە، دووچەرخە، دووبەرە، دووبنە، دووسەرە، سێبارە، سێبەردە، سێپەڕە، سێ ڕۆژە، سێ کوچکە، سێ وەختە، سێ کووزە، سێ گاسنە، سێدارە، چوارناڵە، پێنج وەختە، شەش دەستە، حەوت گوڵە، چل بەردە، چوار دارە، حەفت ڕەنگە، حەوت بۆنە، حەوت دەرمانە

٥- ژماره + ناو + پاشگری (ی، یی)، وەک: یەکدەستی، یەکماڵی، یەکڕیزی، دووتایی، دوودەری ، دووقوفڵی، دوودەستی ، دووئیدارەیی، دووقۆڵی، سێدەری ، سێ پێی، چوارمەشقی، چوارقوفڵی، پێنج بەری، پێنج دەری، پێنج گۆشەیی

٦- ژمارە + ژمارە، وەک: یەک یەک، دوونیمە، دووشەش(پولی دۆمینە)، دووپێنج(پولی دۆمینە)، دووچوار(پولی دۆمینە)، سێ شەش، سێ چوار، چواریەک، پێنج یەک، شەش یەک، حەوت یەک، هەشت یەک، نۆیەک، دەیەک، دوازدەیەک، سێزدەیەک، چواردەیەک، سی یەک، چل یەک، شەست یەک، سەد یەک، هەزار یەک

٧- ژمارە + چاوگ، وەک: یەککەوتن، یەکخستن، یەکگرتن

٨- ژمارە + ناو + گیرەکی (ەکی، ەک)، وەک: دووبەرەکی، دووخشتەکی، دووماڵەکی، دووبەختەکی، دووپشتەکی، چوارخشتەکی، چوارخشتەک، چواردەستەکی، پێنج خشتەکی، حەوت خشتەکی

٩- ژمارە + ناو + گیرەکی(لە)، وەک: دووبرالە، دووڕێویلە

١٠- ژمارە + ناو + پاشگری (یلە)، وەک: حەفت ڕەنگیلە

١١- ژمارە + ناو + گیرەکی (ینە)، وەک: پێنج گەنجینە

١٢- ژمارە + ناو + گیرەکی (ان)، وەک: دووئاوان، دوومەشقان

١٣- پێشگر + ژمارە + گیرەکی (ەوە) + چاوگ، وەک: بەیەکەوەدان

١٤- ژمارە + ناو + ناوبەند + گیرەکی(ان)، وەک: دووڕێیان (دووڕییان)، سێ ڕێیان (سێ ڕییان)، چوارڕێیان (چوارڕییان)، چواردەڕێیان (چواردەڕییان)

١٥- ژمارە + ناوبەند+ گیرەکی (ەم، ەمین)، وەک: دوازدەیەم، دوازدەیەمین، سێزدەیەم ، سێزدەیەمین، چواردەیەم، چواردەیەمین

١٦- ژمارە + ناو + گیرەکی (انە)، وەک: سێ ڕۆژانە

١٧- ژمارە + گیرەکی (ەم) + ناو، وەک: یەکەم جار

١٨- ژماره + ناو + پاشگر، وەک: سێ ڕیزکێن، سێ کوچکێن، نۆڕیزکێن

١٩- ژماره + ژماره + ناو، وەک: سێ یەک بەر

٢٠- ژماره + ئامراز + چاوگ، وەک: چله چوون

٢١- ناو + ژماره، وەک: هەپی یەک

٢٢- ژماره + ناو + قەدی چاگ ، وەک: یەکتا پەرست

٢٣- ژماره + ناو + ناو، وەک: شەش تاک بازن

٢٤- ژماره + ناو + چاوگ، وەک: دووئاوکەوتن، دووپەلەبون، دووخەوبون، دووئاوبون، چوارخاڵ کێشان، چوارمێخە کێشانەوە

٢٥- ژماره + قەد + پاشگر ، وەک: یەکگرتوو

٢٦- پێشگر + ژماره + چاوگ ، وەک: بەیەکگەیشتن

٢٧- ژماره + هاوەڵکار + ژماره ،وەک: یەک لەسەر یەک

٢٨- ژماره + ئامراز + هاوەڵناو ، وەک: چله گەوره، چله بچوک، یەکەوڕاست

٢٩- ژماره+ هاوەڵناوی نادیار، وەک: یەکتر

٣٠- ژماره + ئاوەڵکار، وەک: یەک لا، دوولا، چوارلا، پێنج لا، شەش لا، هەشت لا، چوار دەوره

٣١- ژماره + هاوەڵکار + پاشگر، وەک: دوولایی، یەک لایی

٣٢- ژماره + ناو + گیرەکی (ۆڵە)، وەک: چوار چنگۆڵە

٣٣- ژماره + ناو + ناوبەند + ئامراز، وەک: چوارپایە

٣٤- ژماره + ڕەگی کار ، وەک: یەک بین، یەک پۆش، دووبڕ

٣٥- ژماره + پاشگر + ڕەگی کار، وەک: حەفتە کێش، حەفتەکۆک

٣٦- ژماره + پاشگر + ناو، وەک: نیوه شەو، نیوەڕۆژ، نیوەکار، نیوەڕێ، نیوەچڵ، نیوەکوڵ، نیوەگیان (مردوو)، نیوەشۆر، نیوەگا، نیوەنمەک

٣٧- ژماره + ئاوەڵناوی پرس + پاشگر، وەک: دووچەندانە

٣٨- ژماره + ئاوەڵناوی ڕادە، وەک: دوو ئەوەندە، سێ ئەوەندە

٣٩- ژمارەی تێکەڵ + ڕەگی کار + پاشگری (ەر)، وەک: چواردەخۆر

٤٠- ژماره + ژماره، وەک: دوازدە، سێزدە، چواردە (هەندێ گۆڕانی فۆنۆلۆجی لە ڕوی نوسین و دەربڕینەوە بەدی دەکرێت لە ژمارەکانی (١١ تا ١٩) ئەمانەش بەشێکن لەم ژمارانە).

هەندێ وشەی تر هەن، کە ژماره بەشداره لەپێکهاتنیان و فرێزی چەسپاو دروست دەکەن: مەبەست لە فرێزی چەسپاو ئەوانەن کە لە دیارخەر و دیارخراوێک پێکدێن و بە یارمەتی ئامرازێک لێک دەدرێن و ناوێکی تایبەتییان پێ لێ دەنرێت (سدیق، ٢٠١٧ :٢٩٣ )، وەک:

٤١- دەرخەر + نیشانەی ئیزافە (ی) + دەرخراو، وەک: دووچەرخەی دەستی، دەستی دوو، مانگی چواردە، چوارپای خەوتن، دوازدەسوارەی مەریوان، چواردەخانەی ڕەمڵ، چوارپارچەی کوردستان، پێنج ڕۆژەی تار، پێنج چاوگەی دڵ

٤٢- دەرخەر + نیشانەی ئیزافە (ە) + دەرخراو، وەک: یەک کەڵەشاخ، یەک کەڵەگون.

## ٢-٥: نیشاندانی تواناو بەرهەمی ژماره لە دروستکردنی واتای سیمانتیکی:

دیاره بەپێی زۆربەی تیۆرەکانی واتا، هەر ژمارەیەک کە لە زماندا بەکاردێت، ئەوا واتایەکی سیمانتیکی و فەرهەنگی خۆی هەیە، کە بەشداری دەکات لە گەیاندنی واتای ژمێردراوەکە، بەڵام هەندێ ژمارەی تری زمانی کوردی بەشداری دەکەن لە ڕۆنانی وشەی تردا، کە بەڕێگەی داڕشتن یان لێکدان یان ڕێگەی داڕشتن و لێکدان. ئەو وشانەشی ژماره بەشدار دەبێت لە پێکهاتنیان بەهەمان شێوه واتای سیمانتیکی و واتای پڕاگماتیکیشیان هەیە. لێرەدا توانا و بەرهەمی ئەو ژمارانە دەخەینەڕو، کەواتای سیمانتیکی نیشاندەدەن، بەشێوەیەکی گشتی (نۆزده) ژماره بەپێی داتای توێژینەوەکەمان بەشداری دەکەن، بەڵام توانا و بەرهەمیان جیاوازه، لەم خشتەیەدا توانای

هەریەکەیان بە ڕێژەی سەدی و ژمارە دەخەینەڕو: هەندێک نمونەی ئەو ژمارانەی بەشداری لە دروستکردن و پێکهێنانی واتای سیمانتیکی وشە دەکەن، بریتین لە (نیوەشەو، نیوەڕێ، نیوەکار، یەک گاسنە، یەک پۆش، یەک ماڵ، دووباد، دووپەلکە، دوولا، دووبەرە، دووگیان، سێپا، سێڕیان، سێپێک، سێ پەل، چوارسروشت، چوارپێ، چواریار، پێنج تیر، پێنج گۆشە، پێنج وەختە، شەشەکان، شەش کلک، شەش پێ، هەشت تیر، هەشت یەک، هەشت پێ، نۆڕیسکێن، نۆمینە، نۆبەنۆ، دەیەک، دەتیر، دەبەدە، دوازدەگرێ، دوازدەسوارەی مەریوان، دوازدەبەدوازدە، سێزدەبەدەر، مانگی چواردە، چواردەخانەی ڕەمڵ، سی بەسی، سیپارە، هەزارپێ، هەزارلۆ، هەزاران، چلەدار، چل بەردە، شەست تیر، شەست یەک، سەدە، سەدان،...هتد).

خستنە ڕوی ڕێژەی ئەو ژمارانەی، کە واتای سیمانتیکی دروست دەکەن:


لەم خشتەی خوارەوەدا ڕێژەی ئەو ژمارانە و چەند بارەبونەوەیان دەخەینەڕو، دیارە لە وەرگرتنی نمونەکاندا پشتمان بە قسەپێکەرانی زمانی کوردی و جەختکردنەوە لە فەرهەنگەکانی (هەنبانە بۆرینە، خاڵ، کوردستان) بەستوە بۆ دەستکەوتنی ئەم وشانە.

| چەند جارەی بەکارهاتو | ژمارە |
| --- | --- |
| ١٥ | نیوە |
| ٦٩ | یەک |
| ٨٤ | دوو |
| ٤٢ | سێ |
| ٤٨ | چوار |
| ٢١ | پێنج |
| ٢٢ | شەش |
| ٢٧ | حەوت |
| ١١ | هەشت |
| ٧ | نۆ |
| ٧ | دە |
| ٩ | دوازدە |
| ٦ | سێزدە |
| ٩ | چواردە |
| ٥ | سی |
| ١٢ | چل |
| ٥ | شەست |
| ٦ | سەد |
| ٩ | هەزار |

**خشتەی ژمارە (١):** خستنەڕوی ڕێژەی ئەو ژمارانەی، کە واتای سیمانتیکی دروست دەکەن.

وەک لە خشتەکەدا دیارە لە کۆی (٤١٤) وشە، زۆرترین ڕێژە بەر ژمارە دوو دەکەوێت، کە دەکاتە (٨٤) وشە، دواتر ژمارە یەک دێت، کە (٦٩) وشە لەخۆدەگرێت، هەروەها ژمارە چوار لە (٤٨) وشە پێکدێت، ژمارەسێش بریتییە لە (٤٢) وشە ، هەروەها ژمارە حەوت لە (٢٧) وشە پێکدێت و ژمارە

شەشیش لە (٢٢) وشە ، بەڵام ژمارە پێنج (٢١) وشە لەخۆ دەگرێت ،هەروەها ژمارە نیوە لە (١٥) وشە پێکدێت، هەروەها ژمارە چل (١٢) وشەیە و ژمارە هەشت (١١) وشە و ژمارەکانی دوازدەو چواردە و هەزار بریتیین لە (٩) وشە، لە کاتێکدا ژمارە  دە لەگەڵ ژمارە نۆ هەر یەکەیان لە (٧) وشە پێک دێن، بەڵام ژمارە سێزدە لەگەڵ ژمارە سەد هەریەکەیان لە (٦) وشە پێکدێن. ژمارە سی و شەستیش هەریەکەیان لە (٥) وشە پێک دێن، کە کەمترین ڕێژەیان بەردەکەوێت. بۆ ڕێژەی سەدیی لە چارتی ژمارە (١) نیشاندراوە .




**چارتی ژمارە (١):** خستنەڕوی ڕێژەی سەدیی ژمارەی بەکارهاتو لە واتای سیمانتیکدا.

## ٢-٦: پۆلێنی ئەو ژمارانەی کە واتای سیمانتیکی دروست دەکەن لە ڕوانگەی جۆری ژمارەکانەوە:

### ٢-٦-١: ژمارەی بنجی:

هەمو ژمارەیەکی بنجی دەتوانێت واتایەکی سیمانتیکی نیشان بدات، ئەو ژمارانەی لە داتای توێژینەوەکەماندا ئاماژەیان بۆ کراوە، بەگشتی ئەمجۆرە واتایە نیشاندەدەن، کە نۆزدە ژمارە بون لە نێوانیاندا ژمارەی بنجی سادە(نۆ) و ژمارەی بنجی سەرەگرێ (شەش) و ژمارەی بنجی تێکەڵ (سێ) و لەگەڵ ژمارە (نیوە).

### ٢-٦-٢: ژمارەی ڕێکخستن:

بە شێوەیەکی گشتی هەمو ژمارەیەکی ڕێکخستن واتای فەرهەنگیان هەیە، واتا سیمانتیکییەکەش لە ئەنجامی پێکهاتنی دەستوری (ژمارە+ پاشگر) دروستبوە، واتا هەمو ژمارەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ناسادە دەربکەون لە دروستکردنی ژمارەی ڕێکخستندا، بۆنمونە:

ژمارە + پاشگر = ژمارەی ڕێکخستن:

یەکەم، دووەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، چلەم، شەستەم، سەدەم، هەزارەم...

ژمارە + ناوبەند + پاشگر = ژمارەی ڕێکخستن:

سێیەم، نۆیەم، دەیەم، یازدەیەم، دوازدەیەم، سێزدەیەم، چواردەیەم، پازدەیەم، شازدەیەم، حەڤدەیەم، سییەم.

### ٢-٦-٣: ژمارەی کەرتی:

ئەو ژمارانە دەگرێتەوە کە بە کەرتی دروستبون و گشتیان بە واتای سیمانتیکی دەردەکەون، بۆنمونە: سێ یەک، چواریەک، پێنج یەک، شەش یەک، حەوت یەک، هەشت یەک، نۆیەک، دەیەک،...هتد، کە ئەمانە بە پێی یاسی (ژمارە + ژمارە) بە شێوەی ناسادە (لێکدراو) دروست بون

هەروەها ژمارە (نیوە) ئەویش ژمارەی کەرتییە و واتایەکی سیمانتیکی هەیە بەهەمان ئەو واتایە دەردەکەوێت، کە لەفەرهەنگدا هەیەتی.

### ٢-٧: ئەو ژمارانەی کەناوی تایبەتی شوێن دروست دەکەن:

ناوی تایبەتی: ناوێکە بۆ هەمو کەس و شت و هاوڕەگەز و هاوجۆرەکانیان بەکارنایەت، بەڵکو تەنیا بۆ یەک کەسی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو و تاک بەکاردێت( سەعید، ٢٠١٣: ١٦). واتە هەر کەسێک و شتێک و شوێنێکیش ناوێکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی لە دەوروبەر، وەک:

دوو: دوودێ، دووکان، دووگردکان، دوبیران، دووبەردان، دووگردان، دووکانیا،

دووبز: ( شارۆچکەیەکە سەربەشاری کەرکوکە).

دووشێوان: (گوندێکە لە کەرکوک، کەوتۆتە نێوان دووشیوی سەختەوە) ( موسا،٢٠١٠: ٦٥)

دووکەلە ( گوندێکە لە نزیک هەولێر ).

دوو بزنی (ناوی گوندێکی ناوچەی سالآیی سەر ڕێگای هەولێر- کەرکوکە ) ( موسا،٢٠١٠: ٦٤)

دووچەمان (گوندێکە لە نزیک گۆمە کازان لەو شوێنەدا هەردوو چەمی خێوەتەو قەلاچۆلان یەکدەگرن).

دووپەزە (ناوی شاخێکە لە پشدەر لەسەروی گوندی بێ کلۆ بەرانبەر شاخەڕەشە).

دووچۆمان (ناوی گوندێکە لە ناحیەی ژاراوە سەربەقەزای پشدەر).

دووگوندان (لە قەزای بەردەڕەش).

دووگۆمان (گوندێکە نزیک ناحیەی سەنگەسەر، سەربە قەزای پشدەرە)

سێ:- سێ تەلان، سێ و سێنان، سێ بیران، سێ گردکان(لەتەق تەق)، سێ تاقان (گەڕەکێکی کۆنی شاری هەولێرە)، سێ ناجیان (گوندێکە لە ناحیەی بنگرد)، سێ کانیان (موکریانی،١٣٧٦ : ٤٥٧).

چوار:-  چوارقورنە، چوارتا، چوارباغ (لە سلێمانی)، پێنجوین، نۆدێ

دوانزە:-  دوانزە ئیمام (ناوی گوندێکە لە ناحیەی سیروانی قەزای هەڵبجە) (موسا، ٢٠١٠: ٦٥)

هەزار:- هەزارمێرد (ناوی گوندێکە لە کوردستان بەعس وێرانی کرد) (موکریانی،١٣٧٦ : ١٩٧٢)

## ٢-٨: ژمارەو هاوبێژەکانی:

"هاوبێژ ئەو وشانەن کە بە خوێندنەوەو نوسین وەک یەکن بەڵام مانایان جیاوازە" (مارف، ١٩٧٥: ١٥). یاخود هاوبێژی یەک فۆڕمە، کە دوو واتا یان زیاتری هەبێ (Lyons, 1969: 7) بەلای پاڵمەریشەوە بڕیاردان لە سەر هاوبێژی و فرەواتایی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەڵێت: " هاوبێژی بریتییە لە چەند واتایەک یەک فۆڕمیان هەبێت" (پاڵمەر، ١٩٨٥: ١١٧).

هەندێ وشەی تر لە زمانی کوردیدا هەن کە هاوبێژییان لەگەڵ ژمارەدا دروستکردوە، لە هەندێ سەرچاوەدا ئەمانە بە ژمارە دانراون، کە لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییان بە ژمارەوە نییە تەنها ئەوە نەبێت کە فۆڕمییان لە نوسین و درکاندندا لەگەڵ ژمارە یەکدەگرێتەوە، دیارە ئەم دیاردەیەش لە زماندا ئاساییە، کە پێی دەڵێن هاوبێژ.

وەک دیارە هاوبێژەکان تەنها واتایان جیاوازە ئەگینا فۆڕمیان هەمان شتە،  ئەگەر بەتەنها دەربکەون هەردوو واتاکەیان لێ دەخوێندرێتەوە، کە مەرجە سەرچاوەی ئەم دوو واتایە یەک نەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی لێڵی، بەڵام بەکارهێنان و دەوروبەر لێڵیەکە ڕون دەکاتەوە، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە:

سی

ژمارە (سی)

سی (سییەکانی مرۆڤ)

دوو

ژمارە (دوو)

(لە دوو ڕۆیشتن)

بیست

(هەواڵەکەی بیست) بیست

ژمارە (بیست)

سێ

ژمارە (سێ)

سێ (سێ بەر)

# بەشی سێیەم

# بەبەرهەمیی ژمارە لە ئاستی پڕاگماتیکدا

# بەشی سێیەم

# بەبەرهەمیی ژمارە لە ئاستی پڕاگماتیکدا

## ٣-١: پڕاگماتیک و بوارەکانی:

پڕاگماتیک وەک زانست و وەک ئاستێکی زمان، کاری لێکدانەوەی واتای گوتنە لە ڕوانگەی بەکارهێنەری زمانەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەو چەمک و ڕەهەندە جیاوازانە لێکدەداتەوە، کە پەیوەندی بە زمان و دەوروبەرەوە هەیە، بە کورتی هەندێ لایەنی باسدەکەین.

### ٣-١-١: سەرەتایەک دەربارەی پڕاگماتیک:

پڕاگماتیک هەر لە سەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنییەوە وەکو چەمکێکی بەربڵاو و ئاڵۆز هاتە ئاراوە و تایبەتمەند نەکرابو بە بواریکی تایبەتەوە یان بە بواری زمانەوانییەوە.

زانستی پڕاگماتیک لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەری هەڵداوە و دوای جەنگی دووەمی جیهانی چوەتە قۆناغێکی نوێ و پێگەیەکی گرنگی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانی و شیکردنەوەی دەق و دەوروبەر و پەیوەندی و کردە قسەییەکان و باری کۆمەڵایەتی و دەرونی ڕۆڵی وەرگر تۆمارکرد، بیرۆکەی پڕاگماتیک لەگەڵ بۆچونەکانی (ولیام جێمس) دەستی پێکرد، کە بایەخی بەلایەنی سود و بەرژەوەندییدا و وابەستەی کەتواری سودمەندیکرد بە کەتواری زانستی و بەکارهێنانی ڕاستەقینە لەگەڵ پێداگرتن لەسەر بەرژەوەندی سودمەندی و بەرهەمهێنان لە زماندا (محێدین، ٢٠١٦: ٢١). پڕاگماتیک لە وشەی پڕاگمای گریکییەوە هاتوە، کە لەبنەڕەتدا بەواتای کارکردن یان جێبەجێکردن یان پراکتیک دێت. زاراوەی پڕاگماتیک لەساڵەکانی حەفتاکاندا وەک لقێکی زمانناسی جێی خۆی گرت (میراودەلی، ٢٠٢١: ٩٢). بەڵام بۆ یەکەمجار لە سییەکانی سەدەی بیست (١٩٣٨) لە لایەن زمانەوان چارلس مۆریسەوە لە کتێبی (Semiotics) زانستی ڕەمزەکاندا بەکارهێنراوە (Levinson,1997: 1).

مەبەست لە گواستنەوەی ئەوزاراوە، بۆ ناساندنی زمان جەختکردنە لەسەر دەوری کردەوەیی و بەکارهێنانی چالاک و ڕۆژانەی زمان لەلایەن مرۆڤەکانەوە بۆ ڕاییکردنی کاری ڕۆژانەو دروستکردنی ماناو دەربڕین بۆ مەبەستی کۆ گەیاندن و گۆڕینەوەی زانیاریی و ....هتد پڕاگماتیکس لەدەرەوەی بنسازیی و ڕستەسازیدا، لە بەکارهێنانی زمان لە کۆئاخنی کۆمەڵایەتی و شارستانییدا دەکۆڵێتەوە. واتە لەو ڕێگە و شێوازانەی کە مرۆڤ و خەڵکان مانا لە وشەکان دروست دەکەن و تێیان دەگەن و بەیەکتریان دەگەیەنن. ئەمە ناواخنی کۆمەڵایەتی و کەلتور و ئەو زانینە پێشینانەش دەگرێتەوە، کە کۆمەڵ هەیانە. بەواتایەکی تر پڕاگماتیک جەخت لەسەر زمان- دەروزمان – وەرگر دەکاتەوە. واتە قسەبێژ و گوێگر یان خوێنەر لەگەڵ ئەو کۆئاخنانەی تر کە کردە قسەکەی تێدا ئەنجام دەدرێ(میراودەلی، ٢٠٢١: ٩١).

مۆریس لە کتێبی زانستی ڕەمزەکاندا لێکدانەوەی بۆ کردوە و کتێبەکەی بۆ سێبەش دابەشکردوە، بەمشێوەیە:

١ – سینتاکس (Syntax): بریتییە لە پەیوەندی ڕەمزەکان لە ناوخۆیاندا.

٢ – واتاسازی ( Semantics ): بریتییە لە پەیوەندی ڕەمزەکان (هێماکان) لەگەڵ دەوروبەر یان ژینگەی دەرەوە، واتە پەیوەندی نێوان هێماو دیاردەکانی دونیای دەرەوە.

٣ – پڕاگماتیک(Pragmatics): پەیوەندی نێوان هێما و بەکارهێنەرەکەی، واتە (قسەکەر و گوێگر)ە (فەتاح، ٢٠١١: ١٨٢).

مۆریس پڕاگماتیک بەبەشێک لە هێما دادەنێت، واتە هێما بە واتا فراوانەکەی، کە هەمو شتێکی ژینگەو دەوروبەری مرۆڤ دەگرێتەوە، وەک جل و بەرگی جوان، کە نیشانەیە بۆ دەوڵەمەندی، هەروەها ئەستێرەی سەرشان، کە ئاماژەیە بۆ پلەوپایە... هتد، بەڵام مەبەستە سەرەکییەکەی مۆریس لە بواری پڕاگماتیکیدا هێما زمانییەکانە، چ زمانی نوسین بێت یان ئاخاوتن یان زمانی جەستە (محەمەد، ٢٠١٢: ٤٣). بەم پێیە پڕاگماتیک زانستی زمانیی نوێیە، بەراورد بە لقەکانی تری زمان و لێکدانەوەی واتایە پەیوەست بە مەبەست و دەوروبەرەوە.

## ٢-١-٣ چەمک و پێناسەی پراگماتیک:

پراگماتیک وەک هەر بابەتێکی  تری زمانەوانی گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. شتگەلێکی زۆر کە بەواتاسازی  پەی پێ نەدەبردرا، دەدرانە پاڵ پراگماتیک. دەکرێ بڵێین لە سەرەتادا بە سەبەتەی خۆڵ و خاشاک سەیر دەکرا، واتە هەر شتێک لە زماندا  لێکدانەوەی ئەستەم بوایە، دەخرایە ناو پراگماتیکەوە، سەبارەت بەگرنگی پراگماتیک لیچ دەڵێ: "ناتوانین بەتەواوی لە زمان بگەین، هەتا لە پراگماتیک و چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە کردەی گەیاندندا تێنەگەین" (Leech, 1996:8).

لە بارەی پێناسەی پراگماتیکەوە سەرنجی جۆراوجۆر دەربڕاوە، لێرەدا چەند پێناسەیەکی دەخەینە ڕو:

**(یول) پێی وایە:** بریتییە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان هێما زمانییەکان و بەکارهێنەرانی ئەو هێما زمانییانە (Yule, 2000: 4). ئەم پێناسەیە پێمان دەڵێت، کە پراگماتیک جەختکردنە لەسەر پەیوەندی نێوان هێمازمانییەکان و بەکارهێنانی زمانە بەدەوروبەرەوە.

**(کریستاڵ):** بریتییە لە لێکدانەوەی زمان لە ڕوانگەی قسەپێکەران و بەکارهێنەرانی ئەو زمانەوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە  کۆمەڵایەتییەکاندا (Crystal, 2003: 364). لێرەدا کریستاڵ ڕۆڵی قسەکەرو گوێگر دەخاتە ڕوو بەتایبەت لە پەیوندی کۆمەڵایەتیدا، ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە قسەکەر دەزانێت، کە گوێگر چەند زانیاری لەسەر ئەو بابەتە هەیە کە باسی دەکات شتەکان دوبارەناکاتەوە، بۆنمونە: فڵان کەس پەرتوکەکەی بڵاوکردەوە، ئەوەی من قسەی بۆ دەکەم (گوێگر) دەزانێت فڵان کەس خەریکی نوسینی پەرتوکە.

**لە ڕوانگەی بەراوردکردنی سیمانتیک بە پراگماتیک دەگوترێت:** بریتییە لە لێکدانەوەی ئەو لایەنانەی واتا، کە ناچنە ناو سیمانتیکەوە (نحلە، ٢٠٠٦: ١٢)

**هەروەها لە پێناسەیەکی تردا هاتوە:** بریتییە لە لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەی نێوان زمان و دەوروبەر، کە گرنگن بۆ تێگەیشتن (Levinson,1997:21). هەروەها هەر لەبارەی پراگماتیکەوە (عەبدولواحید مشیردزەیی( دەڵێت: پراگماتیک بەکارهێنانی زمانە بۆ مەبەستێک لە دەوروبەرێکداو دەوروبەری کۆمەڵایەتی و دەرونیش کاریگەری خۆیان دەبێت لەسەر دەربڕینەکان لە لایەن قسەکەر و لێکدانەوەکان

لای گوێگر (دزەیی، ٢٠١٤-أ: ٣٤). یاخود دەگوترێ: مەبەستناسی بە واتای تاوتوێکردنی واتای دەوروبەرە (یول، ٢٠١٦: ١٨)، کە لێرەدا زیاتر بۆ تێگەیشتنە لە مەبەستی ئاخێوەر، واتای دەوروبەر ڕۆڵ دەبینێ. هەروەها  پڕاگماتیک بەگشتی بریتییە " لەو واتایەی لە دەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێ، بەکارهێنانی زمانی، بواری کارکردنی پڕاگماتیکە و پەیوەندی بە چالاکییەوە هەیە و پابەندی واتای نافەرهەنگی وشەو دەربڕینەکان و خۆی بەمەبەستە دەرنەبڕاوەکانەوە یاخود واتای هاوپێچ، یان پێچراوەوە خەریک دەکات، کە لەکاتی کردەی پەیوەندی کردندا لە شێوەی ئاخاوتن یان نوسین دەردەکەوێت" (حسەین، ٢٠٠٩: ٧٥).

بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی پێناسەکانەوە، کە  لەسەر پڕاگماتیک نوسراون دەبینین بەکارهێنان و دەوروبەر سمبولی ناساندنەکانن، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی پێشو دەتوانین بڵێین: پڕاگماتیک بەکارهێنانی زمانە بە دەوروبەرەوە، واتە پڕاگماتیک دەوروبەر بۆ واتای گوتنەکان دروست دەکات. بۆ نمونە لەڕستەی (**نوسینی نامەکەت زۆر دواکەوتوە.**) ئەم ڕستەیە لەڕوی سیمانتیکەوە ڕستەیەکی هەواڵییە، بەڵام لێکدانەوەی پڕاگماتیک بۆ ئەم ڕستەیە بەپێی دەوروبەر دەبێت و چەند واتایەکی جیاواز لە خۆدەگرێت، وەک:

١- تۆ خوێندکاری خوێندنی باڵایت.

٢- لەکاتی نوسینی نامەکەدایت.

٣- هاوڕیکانت گفتوگۆی نامەکەیان کردووە.

٤- کاتت کەم ماوە بۆ پێشکەشکردنی نامەکەت.

### ٣-١-٣ بوارەکانی پڕاگماتیک:

پڕاگماتیک بوارێکی فراوان و بەربڵاوە و پەیوەندی بە گەلێک زانستەوە هەیەو دەچێتە ناو گەلێک لە زانستەکانەوە، وەکو فەلسەفە،  دەرونناسی زانستی، زانستەکانی گەیاندن و زمانەوانی...هتد جگە لە تێکەڵبونی پڕاگماتیک لەگەڵ گەلێک لە زانستەکانی تری وەک: شێواز، شیکردنەوەی وتار...، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات، کە بە ئاسانی لە پڕاگماتیک تێنەگات، چونکە ئەم تێکەڵیی و پەیوەندی پڕاگماتیک لەگەڵ

زانستەکانی تر وا لەمرۆڤ دەکات کە بتوانێت لە پڕاگماتیک تێبگات، بۆ ئەوەی لە پڕاگماتیکیش تێبگات دەبێت شارەزایی ئەو زانستانەبێت (سەبری، ٢٠١٤: ١١ – ١٢).

هەندێ لە زاناکان بۆ نمونە، وەک (مۆریس) زیاتر ڕۆچونە ناو ناواخنی بوارەکانی پڕاگماتیک و فراوانتریان کرد، ئەم بازنەیەش لەوە فراونترە کە ئێستا ئەم زانستە گرتویەتییە خۆی. ئەویش لەبەر ئەوەی لە دوتوێی پڕاگماتیک، زمانەوانیی دەرونی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانیی دەماری و چەندەها شتی تر بەدی دەکرێن. لە کاتێکدا هەندێک لە زانایانی دی وەک (کاتز) و (فۆدر) لەو باوەڕەدان، کە بوارەکانی پڕاگماتیک لە وە تەسکترە و تەنیا توێژینەوەی ئەو بنەمایانە لە ئەستۆ دەگرێت، کە بەکارهێنانەکانی زمان کۆنترۆڵی دەکات و هیچ پەیوەندی بە وەسفی پێکهاتە زمانەوانییەکانەوە نییە (خەتیب، فڕانسیسکۆیوس، ٢٠٢١: ١٤–١٥).

بەشێوەیەکی گشتی ئەو بوارانەی کە پڕاگماتیکی تێدا بەکاردەهێنرێت و ئیشیان تێدادەکات دەکرێ ئاماژەیان پێ بدرێت، پڕاگماتیک: لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زماندا دەکات، واتا لێکۆڵینەوە لەزمان پەیوەست بەدەوروبەرەوە دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوە لە میکانیزمی ئەبستمۆلۆجی دەکات، کە ئەوە لە چارەسەرکردنی گوتن و تێگەیشتندا بنەڕەتین، واتە پڕاگماتیک پێکەوە گرێدانی بەهێز لە نێوانی زمان و تێگەیشتندا دروستدەکات (سەبری، ٢٠١٤: ١٣). بە تێگەیشتنی (ویدۆوسن) پڕاگماتیک "بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان لە بەکارهێناندا، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان ڕستەکان و دەوروبەرو ئەو بارانەی زمانی تێدا بەکاردێت" (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٤٨). هەر لەم ڕاونگەوە دەتوانین بڵێین پڕاگماتیک لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر دەکات و لەو لایەنانەی واتاش دەکۆڵێتەوە کە بەڕێگای سیمانتیک ناتوانین لێکیان بدەینەوە (سەبری، ٢٠١٤: ١٥). دەوروبەر هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دورکەوتنەوە لە ناڕونی و تێنەگەیشتن لە زمان، پڕاگماتیک گشت هێما زمانییەکان لە ڕێگەی دەوروبەرەوە شیدەکاتەوە.

پڕاگماتیک لێکۆڵینەوە لە نیشانکارەکان و لێکەوتەی ئاخاوتەیی و گریمانەی پێشەکی و کردەی قسەیی و بنەماکانی هاریکاری و پێکهاتەی گوتن دەکات. کەواتە پڕاگماتیک لێکۆڵینەوە لە و واتایەی گوتن دەکات

کەئاخێوەر مەبەستییەتی، بۆزیاتر تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی ئەو مەبەستانەی  کە لە پشت گوتنەکانەوە خۆیان مەڵاسداوە.

## ٢-٣ تایبەتمەندیی واتای پڕاگماتیکی:

مەبەست لە تایبەتمەندی واتای پڕاگماتیکی ئەو سیما جیاکەرەوانەن کە ئەم چەشنە واتایە بەتایبەتی لە واتای سیمانتیکی جیا دەکەنەوە، یان بەشێوەیەکی گشتی دەبنە سیما یان خاسیەتی ئەم جۆرە واتایە، بەگشتی واتای پڕاگماتیکی خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕو:

واتای پڕاگماتیکی ئەو واتایەیە، کە دەوروبەری گوتن دیاری دەکات، واتە لە ئەنجامی کارلێکردنی دەوروبەر لەسەر واتای فەرهەنگی وشەکاندا دێت (فەتاح، ٢٠١١: ١٩٢).

هەروەها واتای پڕاگماتیکی واتای شاراوەی گوتن و دەربڕینەکانە، واتە ئەو واتایەی کە لە سیمای ڕستەکە و لە واتای کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەو گوتنەکانەوە تێبینی ناکرێت، بەڵکو واتایەکی شاراوەیە، بە پێی دەوروبەری ئاخاوتنەکە پەیدادەبێت بە پێی چەند بنەمایەک، کە بریتین لە (قسەکەرو گوێگرو دەوروبەر)، دەوروبەریش زیاتر کات و شوێن و بەشداربوان و بابەت و کەلتور دەگرێتەوە. واتە هەموو ئەوانە بنەمای واتای پڕاگماتیکین. ئەمانەش لە ڕێی پەیوەندییەوە لە نێوان هێماو تەن و کەسەکاندا و بەپێی دەوروبەرەکان دروست دەبن. یاخود واتای پڕاگماتیکی توانای داهێنانی مێشکە و لای هەمو کەس زانراونییە، واتا بڵاونییە، بەڵکو قسەکەرو گوێگر بەپێی زانیارییەکانی پێشینەیانەوە لەسەر بابەتی ئاخاوتنەکە یان بەپێی دەوروبەری ئاخاوتنەکە دەزانن، مەبەستی گوتنەکە چییە. بەم شێوەیە واتای پڕاگماتیکی دەچێتە خانەی (چالاکی)ەوە، بەڵام بەپێی بۆچونی (دیکرۆ) واتای پڕاگماتیکی بریتییە لەو کاریگەرییەی کە دەربڕینەکان هەیانە، لەگەڵ واتا هەواڵییەکەی وتنەکان، چونکە ئەو زانایە لەو بڕوایەدایە، کە واتا پڕاگماتیکییەکەش ناکرێ، بەتەواوی لە ناوەڕۆکە هەواڵییەکەی گوتنەکان جیابکرێتەوە. هەروەها واتای پڕاگماتیکی پابەندی یاسا ڕێزمانییەکان نابێت، هەرچەندە یاسا ڕێزمانییەکان سەرچاوەی ڕۆنانی

گوتنەکانن، بەڵام لە واتای سیمانتیکدا ڕۆڵیان زیاتر هەیە، چونکە زۆرجار بنەما کۆمەڵایەتییەکان هۆکارن، بۆ فەراهەمبونی واتای پراگماتیکی(محەمەد، ٢٠١٢: ٥٠ – ٥١).

دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی بڵێین: واتای پراگماتیکی بەندە بەدەوروبەرو هێمازمانی و نازمانییەی کە ئاخێوەر قسەکانی تێدا دەکات و ئەمەش وادەکات واتایەکی نائاسایی هەبێت، یاخود واتایەکی تاکەکەسییەو مەرج نییە ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەربێت، واتە واتایەکی گۆڕاوە بەپێی کەس، هەروەها لێکدانەوەی مەبەستی ئاخێوەرە (دزەیی، ٢٠١٤–أ: ٧٨). یاخود دەگوترێت: واتای پڕاگماتیکی بریتییە لە واتای دەوروبەری ڕستە (Yule, 2000: 3). واتای پڕاگماتیکی لەسەر چوار بنەما دەوەستێت، (مشیر دزەیی) بەم شێوەیە باسیان دەکات کە بریتین لە:

١ – نێرەر(قسە قسەکەر): ئەو کەسەیە کە پەیامەکە بۆ مەبەستێک و لە بارودۆخ و کات و شوێنێکدا بەرەچاوکردنی یاسا ڕێزمانی و واتاییەکان دەنێرێت.

٢ – وەرگر(گوێگر): ئەوکەسەیە کە پەیامەکە وەردەگرێت و واتای پەیامەکەش شیدەکاتەوە، کاتێکیش سەرکەوتو دەبێت ئەگەر ئاگای لە بارودۆخەکە بێت و لە مەبەستی قسەکەر تێبگات.

٣ – بابەت: ئەوبیرەیە کە قسەکەر دروستی دەکات، پاشان وەری دەگێڕیتە سەر هێمایەکی گونجاو تا بەرانبەرەکەی تێی بگات.

٤ – دەوروربەر: چەمکێکی فراوانەو هەمو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر قسەکردنەکە هەیە. (دزەیی، ٢٠١٤–أ: ٥٢).

هەرچەندە ئەم چوار ڕەگەزەی سەرەوە لە هەمو کردەیەکی پەیوەندیکردندا دەردەکەون، بەڵام ئەوەی کە هەیە لە گەیاندنی واتای پڕاگماتیکیدا، دەوروبەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەیەکلایی کردنەوەی واتا و مەبەستی گوتنەکە کە وەرگر و نێرەر ڕەچاوی دەکەن.

## ٣-٣ ڕۆڵی ژمارە لە گەیاندنی واتای پڕاگماتیکیدا:

ژمارە بەکارهێنان لە زماندا لە سۆنگەی لێکدانەوەی واتاوە دوو ڕەهەندی هەیە، سیمانتیکی و پڕاگماتیکی، لایەنی سیمانتیکی لە بەشی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە، ئەم بەشەش تەرخانکراوە بۆ بەبەرهەمی ژمارە لە ئاستی پڕاگماتیکدا، لە بەرئەوە لێرەدا باسی لایەنی پڕاگماتیکی ژمارە دەکەین. ئەو واتا پڕاگماتیکیەی کەژمارە هەیەتی لە چوارچێوەی هەندێ یەکەی زمانی و لە هەندێ بواری پڕاگماتیکدا دەردەکەوێت، بۆیە لێرەدا بە پڕاکتیک هەندێ لەم بوارانە پیشاندەدەین.

### ٣ -٣ -١ میتافۆڕ:

میتافۆڕ وەک هەر دیاردەیەکی زمانی گرنگ لە ڕوی زمانەوانییەوە، بەواتای گواستنەوەی واتا لە دیوە بنەڕەتیی و یەکەمییەکەوە بۆ دیوێکی تری بەکارهێنانی واتا دێت، لەزمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی میتافۆڕ زاراوەکانی (خوازە، خواستن، ئاوەڵواتا)ش بە پێی سەرچاوە جیاوازەکان بە کارهاتوە (مستەفا، محەمەد، ٢٠٢١: ١٤٣). یاخود وشەی میتافۆڕ یۆنانییەو بەمانای گواستنەوەدێت، وەک سیفەتێکی شتێک دەگوێزرێتەوە بۆ شتێکی تر یان مرۆڤ یان لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ و بە پێچەوانەشەوە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ١٢). هەروەها میتافۆڕ بریتییە لە "وشەیەک بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەهێنرێ، بەڵکو بۆمانایەکی تر بخوازرێ و مەبەستێکی تر بگەیەنێ" (گەردی ، ١٩٧٢: ٦٧). بۆ نمونە:

**ئەڵێن ساڵ دوانزە مانگە         من مانگم دی چواردە ساڵە**

ئەگەر سەیری ئەم دێڕە شیعرەی پیرەمێرد بکەین، دەبینین وشەی (مانگ) دوو جار بەکارهاتوە، لە نیوە دێڕی یەکەمدا (مانگ) بە واتا فەرهەنگییەکەی خۆی بەکارهاتوە، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (مانگ) لەوچوە، واتە خوازراوە و واتا فەرهەنگییەکەی ناگەیەنێ و مەبەست کچێکی چواردە ساڵە. واتە لە نیوە دێڕی یەکەمدا واتای حەقیقی هەیە و دوانز مانگ ساڵێکە، بەڵام لە نیوەدێڕی دووەمدا کە واتا خوازراوەکەی تێدایە مانگێک چواردەساڵە، کە مەبەست لە کچە چواردەساڵانەکەیە. لێرەدا ژمارەکان

یارمەتیدەردەبن لە گەیاندنی واتای پڕاگماتیکی جگەلەوەی کە هاوشانی ژمێردراوێک هاتوون، بەڵام هاتنیان لەگەڵ وشەکانی (مانگ) و (ساڵ) ئەم واتایەیی بەخشیوە.

هەر لەبارەی میتافۆڕەوە دەگوترێ: " تایبەتییەکی زمانە و یاریکردنە بەسیما واتاییەکان سڕینەوەی هەندێک و بەر ڕۆشنایی دانی هەندێکی تر، پەیوەندی بە وشەوە هەیە و بەدیاردەیەکی بەربڵاوی ناو زمان دادەنرێ. یەکێک لەڕەگەزەکانیشی ڕامان و نامۆیی لە خۆدەگرێ، کە ناکرێ پێوانە بکرێن، بۆ ناسینەوەی میتافۆڕیش پێویستە دەوروبەرەکەی بخرێتەڕو، ئەگینا بەبێ بونی دەوروبەر دەسنیشانکردنی خوازەکە ئاسان نابێت، میتافۆڕیش دەکرێ لە ڕستەی هەواڵگەیەنەرو ڕستەی پرس و ڕستەی فەرمان و سەرسوڕمانیشدا دەرکەوێ، لە دەرکەوتنیشیدا واتا سەرەکییەکە ناسڕێتەوە، بەڵکو زۆرجار دەبێتە هۆی زیادکردنی واتای فەرهەنگیش" (معین، ٢٠٠٥: ٤٨). هەروەها میتافۆڕ "بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ گەیاندنی واتایەک جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی" (الخولی، ١٩٨٢: ١٦٨). دەشێت بڵێین بەکارهێنانی میتافۆڕ وەک بابەتێکی گرنگی زمان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی فەرهەنگی وشەیە، چونکە" فەرهەنگی هەر زمانێک چەند دەوڵەمەندو پڕبێت، هێشتا بۆشایی گەورە بە خۆیەوە دەبینێ و هەرگیز ناتوانێت پێشەکی پێشبینی هەمو ئەوبارانە بکات کە دنیای دەوروبەرو مێشکی مرۆڤ دروستی دەکەن. ئەم بارە ناتەواوەی فەرهەنگ بە زۆری بەوە پڕدەکرێتەوە کە کەرەسە فەرهەنگیبووەکە بێنین و واتای نوێی بکەین بە بەرا بە کەڵک وەرگرتن لە دەوروبەری زمانی و نازمانی (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ١٧٨). هەروەها دەوروبەری زمانی و نازمانی ڕۆڵێکی چالاکی هەیە لە ناسینەوەو ڕاڤەکردنی میتافۆڕدا، و بە بێ دەوروبەر دەستنیشانکردنی ئەمە ئاسان نابێت، کەواتە "بۆ ناسینەوەی میتافۆر دەبێ بابەتی گوتنەکە دیاربێت، واتە دەوروبەری زمانی یان نازمانی دەبێ بابەتەکە بخاتەڕو، بەبێ باری گوتن و بابەتی گوتن ئەو وشانە نادۆزینەوە کە لەجێی خۆیاندان و جیاناکرێنەوە لەوانەی نامۆ و سەیرن" (عەلی، ٢٠٠٠: ٩). واتای ڕستەی میتافۆڕی هەرگیز لە کۆی واتای وشەکانەوە نایەت.

لەچوارچێوەی پڕاگماتیکدا باس لەواتای میتافۆڕ کراوە، کە هەمو وشەیەک خاوەنی دروستەی واتایی خۆیەتی، خۆیان لەواتای سەرەکی و واتای لاوەکیدا دەبیننەوە، لە کاتێکدا یەکێک لە دروستە واتاییەکان

زیادکران یان لابران، وشەکە بەواتای فەرهەنگی خۆی بەکارنایەت، بەڵکو واتایەکی میتافۆڕی دەگەیەنێت و واتاکانیشی لەوسیمایانەوە دێت کە وشەکە لەبنەڕەتدا هەیەتی، واتای میتافۆڕی لە سەر بنەمای دروستە واتاییە لاوەکییەکانی وشە بنیات دەنرێت، نەک دروستە واتاییە سەرەکییەکانی (غەریب، ٢٠٢٢: ١٩٠). کەواتە "میتافۆڕ بەشێکی گرنگی پڕاگماتیکە، دەکرێت بەسێبەری گەیاندنی واتایی بناسرێت، میتافۆر تەنها لە ناوەندی شیعردا بەکارنایەت، بەڵکو پانتاییەکی فراوانی بەکارهێنانی زمانیشی گرتۆتەوە، دەربڕینەکە زیاتر چاوەڕێی پاشکۆی واتایی لێدەکریت، وەک لە کەسێتی و تایبەتمەندی خودی وشەکەو زانیاری خاسییەتە ڕاستەقینە ئاماژەبۆکراوەکان" (Levinson, 2010: 147 ).

دوای خستنەڕوی ناساندنەکانی میتافۆڕ بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە میتافۆڕ گواستنەوەی واتایە یاخود بەکارهێنانی وشەیەکە بە واتای جیاواز لەواتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکاردێت، میتافۆڕ بوەتە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەسود بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، چونکە "ئەگەر دیاردەیەکی وەک میتافۆڕ نەبێت، ئەوا دەبێت بۆ هەر واتایەک وشەیەکمان هەبێت، کە ئەمەش بێگومان لە توانستی زماندا نییە بۆ هەر بابەت و دیاردەو شتێکی نوێ وشەیەک بەرانبەری دابنێیت، بۆیە بابەتی میتافۆر و بەکار هێنانی فۆرمە زمانییە هەبوەکان لە واتای نوێدا و بارکردنیان بەواتای نوێ، یەکێکە لە ڕێگە گرنگەکان بە دەست ئاخێوەرانی زمانەوە، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانیت لەگەڵ گۆڕانەکانی دەوروبەردا بگونجێن و زمانیش بتوانێت پارسەنگێک لە نێوان شتە نوێ و تازە لەدایک بوەکان و وشەکانیدا ڕابگرێت"(مستەفا، محەمەد، ٢٠٢١: ١٤٣). واتە "ئەو وشەو زاراوانەی، کە بۆ مەبەستی میتافۆر بەکاردێن هەمیشە واتایەکی شاراوەیان لە ناخی خۆیاندا حەشارداوە جیاوازە لە واتا فەرهەنگییەکەی، بەڵام لە بنەڕەتدا خاڵێکی لێکچونی لە نێوان هەردو واتادا بەدی دەکرێت" (مستەفا، ٢٠٢١: ٢٧).

"واتای میتافۆڕ لە بەکارهێنانە بنەڕەتییەکەدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو بەکارهێنەرەکە واتاکە دیاریدەکات، قسەکەر بیرۆکەی بابەتێک دەخاتە بۆتەی چەند وشەیەکەوە دەنێردرێت بۆ گوێگر، بەڵام ئەوەی واتای بیرەکە دەگەیەنێ لە دەرەوەی وشەکاندان" (:مستەفا، ٢٠٢١: ٣٦٨). لێرەدا دەکری بۆچونێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی (بەکر عومەر عەلی) لەبارەی متیافۆڕەوە بگوترێ، کە دەڵێت: میتافۆڕ واتە بەخشینی

دیدی نویَ و پاکردنەوەی زمان لەو تۆزەی بە تێپەڕبونی کات دایدەپۆشێ و پاکردنەوەی وشەکانە لە ژەنگ، وشەکان بێ لایەن نین، وشەکان بۆنی پیشەو پارت و نەوەو سەردەم و ئاڕاستەو کۆمەڵێ دیاردەی کۆمەڵایەتیان لێدێت. وشەکان چەندان واتایان لەخۆیاندا حەشارداوە، بۆیە دەبێ بدرێنە بەر ڕوناکی و لە قوڵاییەوە بهێنرێنە سەرەوە. بەمەش ئەو توانایەمان دەبێ کە دیوە شاراوەکەی جیهان ئاشکرا بکەین، هەرئەمەش دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی تێڕوانینمان دەگەیەنێ، نەک هەژارکردنی، کە دیارە ئەمەش بەمیتافۆڕ ئەنجام دەدرێت. (عەلی، ٢٠٠٠: ١٧).

کۆمەڵێک میتافۆڕمان هەیە کە ژمارە لە پیکهێنانیاندا بەشدارە، بەڵام هەر یەک لەو ژمارانەی کەبەشداری ئەم نمونانەیان کردوە، کە لە خوارەوە ئاماژیان پێدەدەین بۆ واتا فەرهەنگییەکەی خۆیان بەکارنەهێنراون، واتە جگە لە واتا فەرهەنگییەکەیان لە ئێستای زمانی کوردیدا، بۆ چەند واتایەکی تر بەکاردەهێنرێن لە لایەن ئاخێوەرانی کورد زمانەوە، دەکرێ بڵێین واتایەکی نوێیان بەبەرداکراوە بەسود وەرگرتن لە دەوروبەری زمانی و نازمانی. بۆ نمونە:

- **هەزار تەڵەی بە کلک تەقاندوە.** واتە ناکەوێتە داوەوە و زۆر زان و فێڵبازێکە هاوتای نییە.
- **هەژدە هەژدە قسەدەکات.** واتە زۆر قسەدەکات یاخود خێراخێرا دەدوێت.
- **لە هەزار ئاوی داوە.** زۆر تەڵەکەباز و زرنگە، دونیای زۆر دیوە.
- **هەزار پەلی بە پشتی براکەیدا داوە.** واتە ئەم لەو خراپترو بەدترە.
- **هەزار فاکت بە فیکێکی.** واتە ئەو لە تۆ زۆرزانترە و گرەوی لێنابەیتەوە.
- **لە هەزار ئاشی کردوە.** هەزار باسی هێنایە پێشەوە.
- **لە حەوت ئاشان مەنێکی ئارد نییە.** واتە کەسیکی زۆر دەست کورت و هەژارە.
- **زمانی یەک مەتر درێژە.** واتە کەسێکی زمان درێژ و زۆر بڵێیە.

لەم نمونانەی سەرەوەدا ژمارەکان بەواتای خوازراو و زیادەڕۆیی بەکارهاتون و مەبەست لە زۆرە و واتایەکی میتافۆرییان هەیە، نەوەک واتایەکی فەرهەنگی دروست.

**لەلای ئەو شازدەی مانگە.**

واتای پڕاگماتیکی شازدە لەم نمونەیەی سەرەوەدا واتای بێئاگایی و نەزانی و نەشارەزایی و کەمی زانیاری دەگەیەنێت (عومەر، حمەد، ٢٠٢٢: ٣٣). واتایەکی میتافۆری دەرکەوتوە کە مەبەست لێی شازدەی مانگ نییە.

**شەو هەزار چاوی هەبو.** (قادر، ٢٠٠٠: ١٦).

لەم نمونەیەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە لەوانەیە چاویان لێت بێت لەوکاتەی کەشەوەو وادەزانی کە کەس چاوی لێت نییە.

**ڕەمەزانی بە حاڵێکی خۆش گرتوە نۆرەی شەشەکانە.**

واتای پڕاگماتیکی لەم نمونەیەی سەرەوەدا بەواتای نەتوانین دێت.

نالی لەشعێرێکدا دەڵێ: **نالی بەداوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**

**بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە** (نالی، ١٣٩٠: ٤٥٩)

لێرەدا شاعیر لە جیاتی ئەوەی بڵێ (زۆر داوی ناوەتەوە ) دەڵێ (سەد داوی ناوەتەوە ) واتە شاعیر لێرەدا زێدەڕۆیی کردوە.

### ٣-٣-٢ ئیدیۆم:

لە ئاخاوتندا چەندین لایەنی پڕاگماتیکی هەن، ئیدیۆمیش بەشێکی گرنگی ئەم لایەنەیە. "ئیدیۆم وەک هەر یەکەیەکی ئاخاوتنی تر، چونیەکە لەگەڵ پڕاگماتیکدا، لەوەدا کە بۆ لێکدانەوەی واتاکەیان پێویستی بەدەوروبەرو چوارچێوەی وتن و مەبەستی قسەکەر هەیە و ئیدیۆم بە ناڕاستەوخۆیی واتا دەگەیەنێ، لەبەرئەوە دەبێتە بوار بۆ پڕاگماتیک و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئیدیەم وپڕاگماتیکدا هەیە، پڕاگماتیک پابەندی واتای ناحەرفییە، ئیدیۆم واتاکەی ناحەرفییە بۆیە دەبێتە بوار بۆ پڕاگماتیک"(حسەین، ٢٠٠٩: ٧٥).

کەواتە دەتوانرێت ئیدیۆم پڕاگماتیکیانە لێکبدرێتەوە، چونکە "یەکێک لەگرنگترین ڕێگەکانی تێگەیشتن لە ئیدیۆم بریتییە لە پراگماتیک، چونکە دەوروبەر لە دروستکردن و لێکدانەوەو شیکردنەوەی واتای ئیدیۆمدا

ڕۆڵ دەبینێ، بە هۆی ئەوەوە ئێمە لە واتای ئیدیۆم دەگەین، لەبەرئەوە دەتوانین پڕاگماتیک بە سەرچاوەی پەیدابونی واتای ئیدیۆمی دابنێین" (حسەین، ٢٠٠٩ :٧٦). هەر لەبارەی ئیدیۆمە دەگوترێ: ئیدیۆم وشەیەک یان چەند وشەیەک یان ڕستەیەکە، دوو مانا ببەخشێ یەکەمیان مانای ڕاستەقینەی خۆیی و دووەمیان مانای (مەجازی) بەمە دەڵێن ئیدیۆم(شێخانی، ٢٠٠٩: ١). هەر لەبارەی ئەمەوە، واتاکانی ئیدیۆم بۆ دووجۆر دابەش دەکرێن: واتای بنجی (بنەڕەتی) و واتای خوازراو، بەڵام واتای بنجییەکەی ئیدیۆم تا لەسنوری خۆی دەرنەچێت و نەگاتە سنوری واتای خوازراو بە ئیدیۆم ناژمێرێت، واتە دەربڕینەکە تا واتای خوازراو بەیان نەکات ناچێتە چوارچێوەی ئیدیۆمەوە (عەللاف، ٢٠٠٩: ١١٣). هەروەها دەکرێ بڵێین ئیدیۆم وەک هەر کەرەسەیەکی زمانی گرنگ "بریتییە لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی، کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن، ئەو واتایەی کە دێتە کایەوە (لە ئەنجامی ئەو تێکەڵییەوە) لە واتای کەرتەکانەوە یان لە پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانەوە پێشبینی ناکرێت" (فەتاح، ١٩٨٦: ٦٨).

میتافۆرو ئیدیۆم هێندە تێکچڕژاو بەیەکداچون ئەستەمە بتوانرێت بەئاسانی لێکیان جیابکەینەوە، شەن و کەو و کنە و پشکنینی بەشێک لە سەرچاوەکان ئەمە دەردەخەن، کە بۆچونی جیاجیا هەیە لە بارەیانەوە هەندێکیان ئیدیۆم و میتافۆڕ بە دوو بابەتی جیاواز لە یەکدی دادەنێن، هەندێکی تریشیان ئەم دوو بابەتە وەک یەک ئاماژە بۆ دەکەن، کە لە ڕاستیدا ئاڵۆزییەک بەدی دەکرێت، بۆ نمونە وشەی (دووزمان) لە فەرهەنگی ئیدیۆمدا بە ئیدیۆم ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام لە یەکێک لەسەر چاوەکاندا بەمیتافۆڕ ئاماژەی بۆکراوە ...هتد نمونە گەلێکی تریش لەمبارەوە هەن، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی میتافۆڕ و ئیدیۆم وەکو دووڕوی یەکدراو دەبینرێن، بۆیە هەڵاوێردکردنیان ئاسان نییە. بەڵام لە گرنگترین هەمو ئەو دەستنیشانکردنانەی کە بۆ ئەو بنەمایانە کراوە، کەواتای ئیدیۆم لە واتای میتافۆڕ جیادەکاتەوە بریتییە لەوەی، کە "فەرهەنگ سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی دەربڕینی ئیدیۆمی و میتافۆڕی لە یەک جیابکەینەوە، ئەگەر دەربڕینەکە لە فەرهەنگا تۆمارکرا، ئەوە ئیدیۆمە و ئەگەر نەچوە ناو فەرهەنگیشەوە ئەوا میتافۆڕە، چونکە میتافۆر لە فەرهەنگدا تۆمارناکرێت" (حسەین، ٢٠٠٩: ٧١). یان لە میتافۆڕدا دەبێت

پەیوەندی واتایی لە نێوان واتا بنەڕەتییەکە و خوازراوەکەدا هەبێت، بەڵام لە ئیدیۆمدا لێکنزیکی واتایی مەرج نییە هەبێت

ژمارە وەک هەر بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ گرنگی و بایەخی خۆی هەیە لەگەڵ گشت پێکهاتەکانی تری زماندا، هەروەها لە ئیدیۆمیشدا بەشدارە وەک هەردیاردەیەکی زمانی گرنگ، لێرەدا چەند نمونەیەکی ئیدیۆم دەخەینەڕو[1].

- **یەک و دووی لێناکات**. لێرەدا یەک و دوو بە مانای هەبونی ژمارە یەک و دوو نایەت، بەڵکو بۆ مەبەستی ڕاڕا نەبون بەکاردێت واتە بەبێ لێوردبونەوەی زۆر کارەکە بە ئەنجام دەگەیەنێت.
- **دوو کاڵەک بە دەستێک هەڵناگیرێن**. لێرەدا دووکاڵەک بە مانای هەبونی دوو کاڵەک نایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بە مەبەستی نەتوانینی دوو کار لە یەک کاتدا دێت، واتە ناتوانین دو ئیش و کار بەیەکەوە بکەین، چونکە دەبێتە هۆی کرچ و کاڵییان.
- **دوو ڕکعەت نوێژ بۆ مەلای چییە**. لێرەدا دوو ڕکعەت بە مانای دوو ڕکعەت نایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بۆ ئەوە بەکاردێت کە کارەکەی لەلا زۆر ئاسان و سادەیەو وەک ئاو خواردنەوە وایە.
- **دووسەرەیە. لێرەدا دوو سەر بە مانای هەبونی دوو سەر نایەت،** بەڵکو ئیدیۆمێکە بەمەبەستی سودو زیان بەکار دێت،واتە هەم سودی هەیە هەمیش زیان.
- **بە تیرێکی دوونیشانە ئەنگاوتن**. لەم ئیدۆمەدا دوو نیشانە بە مانای هەبونی دوو نیشانە نایەت، بەڵکو بۆ ئەوە بەکاردێت، کە بەکردنی یەک کار دوو ئامانج بەدەست دێنیت.
- **دیواری سێ ڕیزەیە**. لێرەدا سێ ڕیز بە مانای هەبونی سێ ڕیز نایە، بەڵکو ئیدیۆمێکە بە مەبەستی خاوەن هەڵوێست و پیاوی مەردو جوامێر بەکاردێت.
- **سێ لێوە**. لەم ئیدیۆمەدا سێ لێو بە مانای سێ لێو بەکار نایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بە مانای لیچ(لێو) ئەستور دێت.

---

[1] کە سەرچاوەی وەرگرتنیان دەگەڕێتەوە بۆقسەپێکەرانی زمانی کوردی و (فەرهەنگی ئیدیۆم)ی عەبدلوەهاب شێخانی و کتێبی (ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا) هی جەلال مەحمود علی.

- **چوار پەلی شکاوە.** لێرەدا چوارپەل بە مانای چوارپەل بەکارنایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بۆ ماندوبون و نە خۆش کەوتن بە کاردێت، واتا کەسێک لەمردن نزیک بوبێتەوەو ورەی بەردابێت.
- **چوارپەلی بەستراوەتەوە.** لەم ئیدیۆمەدا چوارپەل بە مانای چوارپەل بەکار نایەت، بەڵکو بۆ مەبەستی بێ دەسەڵاتی بەکاردێت و کە هیچی پێنەکرێت.
- **دەڵێی ماری حەوت سەرە.** لێرەدا حەوت سەر بەمانای هەبونی  حەوت سەر نایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بۆ هارو هاجی و بە توانایی بەکاردێت.
- **لەچاوئەودا بەحەوت ئاو شۆراوەتەوە.** لەم نمونەیەدا حەوت ئاو بە مانای ئەوە نایەت کە حەوت ئاومان هەبێت و پێی شۆرابێت یان خۆی پێ شوشتبێت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بۆ بەراوردکردن بەکارهاتوە، واتە ئەمیان گەلێک لەویان باشترو چاکترە.
- **لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکی نییە.** لێرەدا حەوت ئاسمان بە مانای هەبونی حەوت ئاسمان نایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بۆ بێبەختی و ناوچاوان ڕەش و بێکەسی و نائومێدی بەکارهاتوە، هەروەها بەواتای ئەوەدێت، کە ئەستێرەی بەختی ئاوابوە.
- **بە هەر دە پەنجان پەشیمان بۆوە.** لێرەدا دە پەنجە بە مانای هەبونی دە پەنجە نایەت، بەڵکو ئەم ئیدیۆمە بەمەبەستی زۆر پەشیمانبونەوە دێت لە کارێک.
- **سەگی هار تەمەنی چل ڕۆژە.** لەم نمونەیەدا چل ڕۆژ بە مانای هەبونی چل ڕۆژ نایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بۆ کەسی خراپەکار و تاوانکار بەکاردێت و خراپەو تاوانیش تەمەنیان کورتە.
- **عەباکەی، چل ڕێوی خۆی لەبندا دەشارێتەوە.** لێرەدا چل ڕێوی بە مانای هەبونی چل ڕێوی نایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بۆ کەسی زۆر فێڵباز و تەڵەکەباز بەکاردێت.
- **هەزار ئینسانی بە قوربانی پولێکی دەکات.** لێرەدا (هەزار ئینسان، یەک پول) بە مانای هەبونی هەزار ئینسان و یەک پول نایەن، بەڵکو بەمانای مرۆڤێک دێت کە حەوداڵی بە دەست هێنانی پارەیە.
- **سەرێکی هەیەو هەزار سەودا.** لەم نمونەیەدا هەزار سەودا بە مانای هەزار سەودا نایەت، بەڵکو بە مەبەستی ئەوە بەکارهاتوە کە هەر دەمەو خەریکی کارێکە، واتە کاری زۆرەو هەمیشە سەرقاڵە.

- **قسە هەزارە و دوانی بەکارە.** لەم ئیدیۆمەدا ژمارە هەزار بە مانای هەبونی هەزار قسەنایەت، بەڵکو بە واتای ئەوە دێت، کە زۆر قسەی بێمانا دەکرێ و لەو قسەکردنە زۆرە تەنها دوو قسەیان بە کەڵک دێن کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەبێت.
- **هەزار ئەحمد و مەحمود دەکات.** لێرەدا هەزار ئەحمەد و مەحمود بە مانای هەبونی هەزار ئەحمەد ومەحمود نایەت، بەڵکو ئەم ئیدیۆمە بە مانای ئەوەدێت کە کەسێکی بە پێچ و پەنایەو پەلی زۆر بڵاوەو کاری زۆرە و چەندین کاردەکات.
- **هەزاری وا دەبەمە سەرئاو و ئاوی نادەم و دەیهێنمەوە.** ژمارە هەزار لەم ئیدیۆمەدا بە مانای هەزار کەس نایەت، بە مانای ئەوە دێت کە من لە ئەو زۆرزانترم و باشترم و ئەزمونی ژیانم زۆر زیاترە و دەتوانم فێڵی زۆری لێبکەم.
- **هەزارتوێیە:** هەزار توێ بە مانای هەبونی هەزار توێ نایەت، بەڵکو ئیدیۆمێکە بە مانای مرۆڤی لە بنەوەبڕ و ناڕاست دێت.

## ٣ – ٣ – ٣ گوتن:

گوتن دەربڕینێکە، کە ئاخێوەر بەقسە یان بە نوسین ئەنجامی دەدات لە ڕێگەی وشەکانی زمانەوە بەپێی سیستەمی زمانی ڕێکیدەخات و گوتنی لێ بەرهەمدێنێت، هەرگوتنێکیش بۆ کات و شوێنیکی گونجاو ئەنجام دەدرێ. "ئەم دەربڕینانە پێویستە واتاداربن بۆزمانێکی دیاریکراو بگەڕێنەوە، ئەم کردەیەش لەگەڵ دەربڕینەکەدا ڕودەدات، چونکە خودی دەربڕینەکە دەبێت بەکردە" (جلولی، ٢٠١١: ٩). یاخود " کردەی دەرهێنانی ڕستەیە بەواتاو ئاماژەوە (ناوەڕۆک و ئاماژە) " (فەتاح، ٢٠١١: ٢٠٨).

لەبارەی گوتنەوە (یولی) دەڵێ: گوتن بریتییە لەخستنەڕوی زمان کە لە کات و شوێنیکی دیاریکراودا بەرهەم دێت و لە چرکەیەوە کە ئاخێوەر دەیەوێت لە دەوروبەرێکی دیاری کراودا مەبەستیک بگەیەنێ (Yule, 2000: 55). هەر لەبارەی گوتنەوە دەگوترێ: گوتن چەمکێکی جێبەجێکردنی تاکە کەسە، یاخود گوتن پێکهاتەیەکی شێوازە کە دووڕوی هەیە، ڕوویەکی زمانی و ڕویەکی دەرونی (معین، ٢٠٠٥: ٦١).

هەروەها (عەبدولواحید مشیر دزەیی) بەمجۆرەی خوارەوە گوتنمان بۆ ڕوندەکاتەوە و دەڵێت: گوتن ڕستەی بەکارهێنراوە و لە دەوروبەر و بارێکدا و ڕوداوێکی ڕاستەقینەیە، کەکات و شوێن و باری قسەکردن و ناسنامەی ئاخێوەرانی تێدا دیارە، دەشێ گوتن وشەیەک بێت یان بەشێک بێت لە وشە، لەمەشەوە دەکرێ بگوترێ مەرج نییە لە ڕوی ڕێزمانەوە تەواو بێت، کەواتە گوتن ڕستە لە ئەبستراکتەوە دەگوازێتەوە بۆ جێبەجێکردن (دزەیی، ٢٠١٥- ب:٥٢).

کەواتە هەر وشەیەک یان دەنگێک کە لە دەمی ئاخێوەرەوە دەبیسترێ گوتنە، دەکرێ یەک گوتن بەرانبەر ڕستەیەک بێت، بەڵام ڕستەیەک دەکرێ بە پێی ژمارەی وەستانەکانی چەند گوتنێک بێت. بۆنمونە:

- چپە دووجار ددانەکانی دەشوات.
- چپە سێ ژەم خواردن لە گەڵ خێزانەکەی دەخوات.
- چپە دوو سوکە ژەمی تریش دەخوات لە یەک ڕۆژدا.

ئەم ڕستانە لە ڕوی سینتاکسییەوە ڕستەیەکی هەواڵین، واتای ئەم ڕستانە لە ڕێگای پێکهاتەکانیانەوە هەڵدەهێنجرێن، کە چپە دوو جار ددانەکانی دەشوات و سێ ژەمیش نان دەخوات و لەگەڵ دوو سوکە ژەمی تریش. بەڵام ئەگەر وەکو گوتن سەیری ئەم ڕستانە بکەین و بمانەوێ واتاکەیان دیاری بکەین، ئەوا دەبێ لە دەوروبەری جیاوازدا بیان خەینەڕو، وەکو:

ئەگەر هات و چپە لەگەڵ دوو سێ منداڵی تردا بو ئەم گوتنە بۆ ئاگادارکردنەوەی منداڵەکانی ترە لە پاک و خاوێن ڕاگرتنی ددانەکانیان و خواردنی سێ ژەمەکە لە کاتی خۆیدا و خواردنی دوو سوکە ژەمی تریش.

ئەگەر چپە لەماڵێکی هاوڕێی بو بینییان هاوڕێکەی ددان ناشوات و نان ناخوات، ئەوا ئەم گوتنە لەم کاتەدا بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڕێی چپەیە، هەروەها بۆ سەر زەنشتکردنی منداڵەکانی ئەو ماڵەیە کە چپە لێیەتی. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە نمونەیەکی تر دەخەینەڕو:

- نمە شەوانە یەک پەرتوک دەخوێنێتەوە، کە بەنزیکەیی بیست لاپەڕە دەبێت.

ئەگەر هات و ئەم گوتنە هەر جارەی لە دەوروبەرێکی جیاوازدا بخرێتە ڕو ئەوا ئەو کاتە ماناکەی دەچێتە ناو چوار چێوەی گوتنەکەوە.

ئەگەر نمە چەند خوشک و برایەکی تریشی هەبێت، ئەوا لێرەدا گوتنەکە ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەوان، کە مەبەست لێی ئەوەیە کە نمە دەخوێنێتەوە، بەڵام ئێوە ناخوێننەوە. یاخود دەکرێ ئەم گوتەیە لە دەوروبەرێکی تردا بۆ مەبەستی بەراوردکردن بەکاربێت، ئەگەر نمە لە سەردانی کردنی ماڵی تر بو، یان منداڵی تری هاوتەمەنیان بە میوانی هاتبون بۆ لای، ئەو کاتە لەوانەیە مەبەست ئەوەبێت، کە نمە لە ئێوە هۆشیارتر و زیرەکترە بەوەی، کە هەمو شەوێک بیست لاپەڕە دەخوێنێتەوە.

لە دەوروبەرێکی تردا لە وانەیە مەبەست ئەوەبێت کە بە منداڵەکانی تر بگوترێت، کە ئێوە زۆر زو دەخەون بەبێ ئەوەی هیچ بخوێننەوە، بەڵام نمە ناخەوێت تاوەکو یەک کتێب نەخوێنێتەوە.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین هێزو ئاوازەو درێژکردنەوەو بەرزی و نزمی گوتن شێوازی جیاواز بە گوتنەکان و مەبەستی گوتنەکان دەدات و هەر درکاندنێکیش کات و شوێن و بارو قسەکردن و گوێگری جیای هەیە، بۆیە بەگوتن دادەنرێت. (دزەیی، ٢٠١٥-ب: ٥٣).

## ٣ – ٤ کردە قسەییەکانی ژمارە:

کردە قسەییەکان یەکێکن لە بوارە گرنگەکانی پڕاگماتیک و کۆمەڵێک بابەت دەگرێتەوە، ئامۆژگاریکردن، ئاگادارکردنەوە، وروژاندن، بانگکردن، هەڕەشەکردن، ...هتد. بەشێوەیەکی گشتی گشت ئەو قسەکردنانەی کە ڕۆژانە دەیانکەین و بەکاریان دەهێنین هەموی بابەتی کردە قسەییەکانن.

"بۆ دیاریکردنی پێڕەوی لێکتێگەیشتن لە زماندا پێویستە، کە لە بەکارهێنانی زمان بکۆڵینەوە وەک فۆڕمێکی لێک نەترازاو" (Levinson, 1983: 5). واتە مرۆڤ کە زمان بەکاردەهێنێت، مەبەستەکانی لەیەکەی واتایی جیاواز باردەکات، کە ڕەنگە ئەو یەکانە واتای مەبەست و هەندێکجار جیاواز لەواتای مەبەستیش بگەیەنن، واتای مەبەست واتای پڕاگماتیکییە و ئامانجی سەرەکی ئاخێوەرە.(عصاف،٢٠٢٢: ٥٨). واتە چۆنیەتی بەدەستهێنانی واتاش یەکێکە لەو شەن و کەوانەی کە لەلایەن پڕاگماتیکەوە وەدەست

دێن. لەم بارەیەوە گرایس دەستەواژەی (ئەوەی ئەوترێ و ئەوەی مەبەستە)ی بەکارهێنا، کە (ئەوەی ئەوترێ) ئەو واتایەیە لەدەربڕینە ڕوکەشەکانی ڕستەدا دەردەکەوێت، بەڵام (ئەوەی مەبەستە) ئەو کاریگەری و ئەرک و واتایەیە کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێتە گوێگر و ئاڕاستەی بکات و کارێکی پێ ئەنجام بدات (محمود، ٢٠٠٩: ٣٩).

بەلای ئۆستنەوە هەرکردەیەکی قسەیی لە بنەڕەتدا سێ کردەی پێکبەستراو دەگرێتەوە، کە ئەمانەن:

**١- کردەی گوتن:** مەبەستی ئەو دەربڕینەی کە دەری دەبڕین چ مەبەستێک دەگەیەنێت، ئایا هەڕەشەیە یاخود ئاگادارییە یان ئامۆژگارییە، ... هتد، کەواتە "کردەی گۆکردن دەگرێتەوە، کە لێکدانی وشەکانە بەشێوەیەکی ڕێزمانی دیاریکردنی هاوبەشەکان و شێوەی گەڕاندنەوەی جێناوەکان دەبێت چەند مەرجێکی تێدا بێت، وەک قسەکەر و گوێگر بەیەک زمان قسەبکەن واتە دەبێ بەو زمانە قسەبکەن کە لەیەکتر تێدەگەن، واتای وشەکان و واتای ڕۆنانی ڕێزمانی دەبێت لەلایەن قسەکەر و گوێگرەوە ئاشکرابێت" (عمر، حمد، ٢٠٢٢: ٣٢٨).

**٢- کردەی مەبەست:** "ئەو مەبەستەیە کە ئاخێوەر دەیەوێت بە گوێگری بگەیەنێت" (فتاح، ٢٠١١: ٢٠٨). کردەی مەبەست ئەرکی گوتن دەگرێتەوە، کە نێرەر دەیەوێت بە وەرگری بگەیەنێت، ئەمەش بەکاریگەری هێزی دەربڕینەکە بە ئامانج دەگات و بەهێزی کردەی مەبەست دەناسرێت، کە خودی واتای دەربڕینەکەیە (عصاف، ٢٠٢٢: ٥٩ – ٦٠). واتای مەبەست "کاتێک لێی تێدەگەین، کە گوتنەکە لە چوارچێوەی کەرەستەکانی دەوروبەردا بەکاربهێنرێت، کەواتە واتای مەبەست بریتییە لەو گوتنە دەربڕاوەی، کە گوزارشت لە واتایەکی دیکەدا دەکات، جیاواز لە واتای بنجی گوتنەکە، ئەمەش بە واتایەکی تەواوکەری واتا سەرەکیەکە هەژماردەکرێت کە لە دەرەوەی زماندا واتایەکە بۆ مەبەستی دیکە بەکاردەهێنرێت" (علی، ٢٠١٩: ٥٣).

**٣- کردەی پاشکار:** ئەو کاریگارییەیە کە کردە قسەییەکە بەپێی دەوروبەر دروستی دەکات و گۆڕانکاری بەسەر لایەنی دەرونی و هەست و بیرکردنەوەدا دێنێت و کاریگەری لەسەر گوێگر بەجێدەهێڵێ.

ئەم کاریگەرییەش، کە کار لە وەرگر دەکات وەک: ڕازیبون یان جەخت کردنەوە یان ڕەتکردنەوە ... هتد.

واتای سەرزاری ڕستەکان وەسفین، بەڵام کە دەیخەینە دەوروبەر مەبەستی تر دەگەیەنێ و لەگەڵ واتا فەرهەنگیەکەی یەک ناگرنەوە و ڕاپەڕاندنی کار دەنوێنێت و قۆناغی جێبەجێکردنی مەبەستە (دزەیی، ٢٠١٤–أ: ٨٣). هەروەها پاشکار هێنانەدی ئەنجامێکە لە گوێگردا، بۆ نمونە پاشکاری ڕستەیەکی وەک :

**بیرەکە سەد مەتر قوڵە**

لەوانەیە ئەنجامەکە لە لای گوێگر جۆرێک بێت لە ترس و شپرزەیی، (پاشکار ڕێککەوتە)، ناڕیکە و مەرج نییە بە ئارەزوی قسەکەر بێت، یان لە ژێر دەسەڵاتیا بێت، هەر لەبەر ئەمە پاشکار لەدەرەوەی واتاسازی و پراگماتیکە، چونکە نەبوە و ناکرێ (فتاح، ٢٠١١: ٢٠٨). لێرەدا بە پێی کۆنتێکست (دەروبەر) دەبێ بزانین ئاگادارکردنەوەیە، ئامۆژگاریکردنە، هەڕەشەکردنە ... هتد.

**جۆرەکانی کردە قسەییەکان لای ئۆستن و سیریل:**

هەریەکە لە ئۆستن و سیریل بۆچون و تێڕوانینیان جیاوازە لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی کردە قسەییەکان.

ئۆستن کردە قسەییەکان بۆ پێنج جۆر پۆلێن دەکات، بەم شێوەیە:

١– **کردەی حوکمدان:** ئەم جۆرە کردەییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە دادگا و دادوەرەوە هەیە.

٢– **کردەی بڕیاردان:** ئەو کردانە دەگرێتەوە کە ناوەڕۆکی بڕیاردان لەسەر شتێک یان کەسێک یاخود دیاردەیەک لەخۆدەگرێت لەم جۆرە کردانەدا پێویستە خاوەنی بڕیار لە بواری کارەکەیدا شارەزا و لێهاتو و کارامەبێت، ئەو بڕیارانەش زیاتر کردەکانی (بڕیاردەرکردن، پلەو پایە بەخشین، هەڵسەنگاندن، مەزەندەکردن، هەڵبژاردن، مارەکردن، تەڵاقدان، دامەزراندن، ... هتد) دەگرێتەوە (محەمەد، ٢٠١٢: ٧٧).

٣– **کردەی پەیماندان:** ئەو کردانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە بەڵێن و پەیمانەکانی قسەکەرەوە هەیە بۆ ئەنجامدانی کارێک، وەک بەڵێندان، سوێندخواردن، گرێبەستکردن، دامەزراندن.

٤– **کردەی ڕەفتاری:** کردە ڕەوشتیەکانی وابەستە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە و سنوری بەکارهێنانیشیان لە هەمان دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکان و پابەندبونی کۆمەڵگا بەو دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییانە دایە، وەک: دەستخۆشی کردن، داوای لێبوردنکردن، سوپاسکردن، ستایشکردن، پیرۆزباییکردن، ... هتد (Autsin, 1962: 56) .

٥- **کردەی ڕونکردنەوە:** ئەم کردەیە بەمەبەستی ڕونکردنەوەی بیروبۆچون و ڕادەربڕین بەکاردێت، وەک : ڕازیبون، نکۆڵیکردن، گومانکردن، هەڵەکردن، وەڵامدانەوە، زانین، بۆچون، ... هتد. (عەلی، ٢٠١٩: ٥٦).

**جۆرەکانی کردە قسەییەکان لای سیریل :**

١- **کردەی نواندن**: ئەمجۆرە لەکردەی ئاخاوتن ئەوەیە، کە قسەکەر چەند لەبارەی ئەو شتەوە دەزانێت و دەتوانێت بەبارودۆخی ئەو دەمەی گوتنەکانی بە بابەتەکەوە گرێبدات، واتە ئاخاوتنەکە گرێدراوی ناوەڕۆکی شتێک بێت، ناوەڕۆکەکەش دەربارەی ڕاستی گوتنەکە بێت. (ئیسماعیل، ٢٠٢٣: ٦٨).

٢- **کردەی پەیوەست بون:** کارەکانی بەڵێن و پەیماندان دەگرێتەوە لە داهاتودا (دزەیی، ٢٠١٤-أ: ٨٤).

٣- **کردەی ڕێنمایی کردن:** ئەم کردەیە بریتییە لە "هەوڵێک لە لایەن قسەکەرەوە، بۆ ئەوەی نامەیەکی دەست بکەوێ، بۆ ئەوەی شتێک بەئەنجام بگەیەنێت، وەکو: داواکردن، پرسیارکردن" (محەمەد، محەمەد، ٢٠١٥: ٥٢).

٤- **کردەی ڕاگەیاندن**: یەکێک لە سیما گرینگەکانی ئەمجۆرە کردانە لەوەدایە، کە هێنانەدی کردەکە ئەوە دەستەبەر دەکات، کە واتا و دونیای دەرەوە بەرانبەر دەوەستن، هێنانەدی ئەم کردانە پێویستی بە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەیە، وەک: ژن هێنان و شوکردن، دەرکردنی بڕیاری دادگا ... هتد (عمر، حمد، ٢٠٢٢: ٣٣١) .

٥- **کردەی هەست دەربڕین:** هەست دەربڕینە و بارێکی دەرونی دیاریکراو دەردەبڕێت، وەک: سوپاسکردن، شانازیکردن، ... هتد (دزەیی، ٢٠١٤-أ: ٨٥).

دەکرێ بڵێین، مەبەست لە کردە قسەییەکان گەیاندنی پەیامێکە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر تێگەیشتنی هەردوکیانە بۆ بابەتەکە. تیۆری کردە قسەییەکان وەک بوارێک و بەشێکی گرنگ لە پڕاگماتیک جۆری جیاوازی هەیە، ئەوەی کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە کردەکانی گوتنەکان دیاری بکەین، کە ژمارە ڕۆڵی سەرەکیان تێدا دەبینێت، واتە لێکدانەوەی واتای پڕاگماتیکیانەی ژمارە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا، وەک ئەم نمونانەی خوارەوە.

**یەک باڵە، یەک تەنە، یەک دەستە**

- واتای پڕاگماتیکی (یەک) لەم گوتنانەی سەرەوەدا بەمانەی ئەوەدێت کە یاریدەدەری نییە و بە تەنیا کاردەکات، واتا هەر خۆیەتی، واتە هەر خۆی بە تەنیا کاردەکات و ڕەنج دەدات.
- کردەی قسەی، کردەی مەبەست، توانج لێدان

**یەک قسەیە**

- واتای پڕاگماتیکی (یەک) لەم گوتەیەدا بریتییە لەوەی کە خاوەن بەڵێن و پەیمانە. واتە کاتێک بەڵێن دەدات دەیباتە سەر و لە سەر قسەی خۆی سورە.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، مەدح، ستایش، پیاهەڵدان.

**دوو ڕوە ، دوو زمانە**

- واتای پڕاگماتیکی (دوو) لەم گوتنانەی سەرەوەدا واتە قسەهێنەروبەرە، ناپاکە لەبەردەمتدا قسەیەک دەکات و هەڵت دەنێت و لە پاشەملەش قسەیەکی تر دەکات و لێت دەدوێت، فیتنەبازە، نێوان تێکدەرە. واتە بە کەسێک دەگوترێت تەنیها یەک ڕوی نییە بەڵکو هەرجارەو لە ئاوازێک دەخوێنێت.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، وروژاندن، سەرزەنشتکردن، بێڕێزیکردن، گلەییکردن، ناڕەزایەتی، بەکەمزانین.

**دوو لیچە**

- واتای پڕاگماتیکی (دوو) لەم گوتەیەدا مەبەستی ئەوەیە کە لێوی ئەستورە.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، سەرزەنشت کردن، وروژاندن.

**سێ و دووی لێناکات**

- واتای پڕاگماتیکی ئەم گوتەیەی سەرەوە بریتییە لەوەی کە بەخێرایی ئەنجام دەدات، واتە بۆ کردنی ئەو کارە زۆر سورە و بیری لێناکاتەوە و دەیکات و ڕاڕا نییە و گورج لێی دێتە دەست. واتە بە کەسێک دەگوترێ کە بڕوا و متمانەی بە خۆیەتی و ترسی لە کردنی هیچ کارێکدا نییە.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، دڵنیا کردنەوە، شارەزایی، زانین، بڕوابەخۆبون.

**سێ تەنگە**

- واتای پڕاگماتیکی (سێ) لەم گوتەیەدا مەبەست مرۆڤی ورگ زلە.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، تانە لێدان، پلار لێدان.

**چوار شانەیە**

- واتای پڕاگماتیکی (چوار) لەم دەربڕینەدا بریتییە لە پیاوی ئەستوری قەڵەوی دارێژراو و بەهێز.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، ئاگادارکردنەوە، زیادەڕەوی، وروژاندن، هەست دەربڕین.

**چوار پێیە**

- واتای پڕاگماتیکی (چوار) لەم گوتەیەی سەرەوەدا واتە وەک ئاژەڵ بێ مێشکە واتە بە مرۆڤی بێ ئاوەزی دەڵێن، کە ئەتوار و سەرنج و تێڕوانینەکانی مرۆڤانەنین.
- کردەی قسەی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، وروژاندن، ئاگادارکردنەوە، سەرزەنشت کردن، هەست دەربڕین.

**چوار بزنە گرویێی هەبو**

- واتای پڕاگماتیکی (چوار) لەم گوتەیەدا واتە فەقیربو، نەداربو. واتە ئێستا بارو دۆخ و گوزەرانی ژیانی گۆڕاوە و لە خۆبایی بوە کە پێشتر چوار بزنە گرویێی هەبوە.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، وروژاندن، گلەییکردن، بیرهێنانەوە.

**دونیا پێنج و دوو ڕۆژێکە**

- واتای پڕاگماتیکی (پێنج و دوو) لەم گوتەیەدا بە واتای تەمەن کورتی دێت، واتە دونیا زۆر کورتە و ئەوە ناهێنێت مرۆڤ دڵی یەکتری بڕەنجێنێت یان خۆی بۆ ڕیسوا بکات. واتە مرۆڤ دەبێت خۆڕاگربێت و کوڕی ڕۆژە سەختەکان بێت و هیچ ڕۆژگارێک نەتوانێت بیگۆڕێ.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، وروژاندن، بیرهێنانەوە.

**شەستە بارانە (شەتە کردن)**

- واتای پڕاگماتیکی شەست لەم دەربڕینەی سەرەوەدا واتای جەنگەی بارانی بەهار دەگەیەنێت، کە لەم کاتەدا بارانی بەخوڕ و بەلێزمە و ڕێژنە بارانی توند دەبارێت.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، پیاهەڵدان، ستایش کردن.

**شەش تەقەڵ و مانگە شەو**

- واتای پڕاگماتیکی ئەم گوتەیە بریتییە لە کارێکی ناڕێک و پێک و بێ تەرتیب، واتە بە کەسێک دەگوترێت کە دەست ڕەنگین نەبێت و هونەری کارکردنی بەرزی نەبێت.
- کردەی قسەی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، سەرزەنشتکردن، بێزاری و ناڕەزایەتی، وەڕەزبون، هەست دەربڕین بە خراپە.

**حەوت ڕوحە**

- واتای پڕاگماتیکی حەوت لەم گوتەیەدا بریتییە لە زیندەوەرێک کە درەنگ گیان بەدەستەوە بدات و بەهێز و خۆڕاگر بێت. واتە بە کەسێک دەگوترێت کە جەربەزە و ئازا و خۆڕاگربێت و بەئاسانی خۆی نەدات بەدەستەوە لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی ئاستەنگییەکانی ژیان.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ستایش کردن، مەدح، وروژاندن، پیاهەڵدان.

**حەوت بەردی بەدواداچێ**

- واتای پڕاگماتیکی (حەوت) لەم گوتەیەدا واتا بڕوات و نییەتەوە. واتە بە کەسێک دەگوترێت کە چارەت نەوێت و مەرگی بۆ بە ئاوات بخوازی و لەبەرچاوتنەمێنێ.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ناڕەزایی دەربڕین، هەست دەربڕین بە خراپە، گلەییکردن، سەرزەنشتکردن.

**لە حەوت ساڵان ڕاست بۆتەوە**

- واتای پڕاگماتیکی لەم گوتەیەدا واتە مردوە یان خەوی لێکەوتوە، یاخود بە کەسێک دەگوترێت کە کەوتبێتە خەوێکی قوڵەوە و ئاگای لە دەوروبەر و دونیا نەبێت.

- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، بێئاگایی، توانجلێدان، سەرزەنشتکردن.

**نۆکێک بە نۆ نانەوە دەخوات**

- واتای پڕاگماتیکی (نۆ) لەم گوتەیەی سەرەدا بە واتای ئەوە دێت کە زۆر ڕژد و چروکە، سەرەڕای ئەوەی کە خودا پێداوە، بەڵام زۆر ڕەزیل و پیسکەیە.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، ستایش کرد، وروژاندن، ئاگادارکردنەوە, پلار لێدان.

**ملی بە نۆ تەور نابڕێتەوە**

- واتای پڕاگماتیکی ئەم گوتەیە واتە بۆ تەوس و ڕقە بە یەکێک دەگوترێت کە بیەوێت لەسەر ورگی ئەم و ئەو بژیت، بلەوەڕێت، تەمبەڵی بکات و چاوی لە دەستی خەڵک بێت.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج و پلار، تانەلێدان، بە کەمسەیرکردن، گلەییکردن، ئاگادارکردنەوە، وروژاندن.

**نیوەی هەزاری پێنج سەدە**

- واتای پڕاگماتیکی ئەم گوتەیەی سەرەوە کە هەموی ژمارەیە، بەواتای ئەوە دێت نائومێد مەبە، دەرو هەر دەکرێتەوە، گوێ مەدەرێ، واتا خوا دەرگای خێر و ڕەحمەت لەسەر بەندەکانی خۆی داناخات.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، دڵنیا کردنەوە.

**لەسەد ئاوی داوە و قولەپێی تەڕ نەبوە**

- واتای پڕاگماتیکی سەد لەم دەربڕینەدا بەواتای زۆر زرنگ و فێڵباز دێت، هەروەها بەیەکێک دەڵێن کە دنیای زۆر دیوە و بۆ هیچ شتێک دانامێنێ و دەتوانێت لە گەڵ شەپۆلەکانی ڕۆژگار ڕێبکات.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ستایش کردن، ئاگادارکردنەوە، پیاهەڵدان، مەدح.

**تا ساڵێکی تر هەزار کڵاو با دەیبات (تا ساڵێکی تر هەزار سەر بێکڵاودەبێت)**

- واتە پێویست ناکات خەمی دونیا بدەی بەکۆڵدا، چونکە ڕۆژگار بەدڵی کەس ڕێی نەکردوە، خوا دەزانێت تاساڵێکی تر چی ڕودەدات.
- کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئامۆژگاریکردن، دڵنیا کردنەوە.

## ٣ – ٥ بنەماکانی هاریکاری و ژمارە:

مەبەست لەم بنەمایانە هاریکاریکردنی قسەکەر و گوێگرە، ئەمەش لە ڕێگەی گوتنەوە ئەنجامدەدرێت، کە گوتنەکە یان دەربڕینەکە بۆ گەیشتن بێت بە واتایەکی ڕون و ئاشکرا.

گرایس چوار بنەما دەستنیشان دەکات کە بریتین لە:

**١- بنەمای چۆنیەتی:**

نابێت گومانمان لە گوتنی ڕاستیەکاندا هەبێت، لەم کاتەشدا بەڵگە سەنگی مەحەکە واتە "شتێک مەڵێ، کە پێتوایە نادروستە، یاخود بەڵگەی تەواوت لەسەر دروستی نییە "(کەریم، ٢٠٠٩: ٦). کەواتە ئەم بنەمایە جەخت دەکاتەوە لەسەر بنەمای ڕاست و دروستی دەربڕینەکانمان لە ئاخاوتندا "گوتنەکە با ڕوت بێت، دوربێت لە فرەواتایی و لێڵی، با ڕوداوەکانیش بە ڕیزبێن "(فەتاح، ٢٠١١: ٢١٤). بۆ نمونە:

**أ- دڵنیانیم، نازە لە تاقیکردنەوەکانیدا سەرکەوتوبوە ؟**

**ب- بەڵێ، یەکەمی پۆلەکەی بوە.**

**پ- دوو هاوڕێکەی نازە لە یەک وانە کەوتون.**

لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت (ب) وەڵامی ڕاست و ڕون و بەڵگەداری داوەتە (أ)، چونکە قسەکەر دەزانێ کە نازە لەسەر ئاستی پۆلەکەی یەکەم بوە، بەڵام لە وەڵامی (پ) ئاخێوەر بنەمای چۆنییەتی بەزاندوە، چونکە ناکرێ باس لە نازە و سەرکەوتنی بکەین، کەچی دوو هاوڕێی نازە بێنە ناو گوتنەوە، ئەمە بەزاندنی بنەمایە. ئەگەر نمونەیەکی تر ئاماژە پێبدەین:

**أ- هیوا یەک ئۆتۆمبێلی فرۆشت؟**

**ب- بەڵێ، یەک ئۆتۆمبێلی فرۆشت.**

**پ- یەک خانو و یەک باخی کڕی.**

لەم نمونەیەدا دەردەکەوێت (ب) وەڵامێکی ڕاست و ڕونە بۆ (أ)، چونکە دیارە قسەکەر ئاگاداری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی هیوایە، بەڵام (پ) وەڵامێکی زیادەیەو قسەکەر زێدەڕۆیی کردوە لە وەڵامدا و لە بنەمای چۆنییەتی لایداوە.

٢- **بنەمای چەندیەتی:** ئەم بنەمایە پەیوەسەتە بە گوتنی زانیاری پێویست لە ئاخاوتندا واتە "وا بکە گوتنەکەت لە ڕوی زانیاری بەخشینەوە هێندە بێت، کە پێویستە و لە خزمەتی مەبەستە هەنوکەییەکانی ئێستادا بێت" (کەریم، ٢٠٠٩: ٦). بۆ نمونە:

أ- **چەند کیلۆیت؟**

ب- **حەفتا**

پ- **یەک ژەمیشم کەمکردوەتەوە لە بیست و چوار کاتژمێردا ، دوو ژەم دەخۆم، بەڵام هەر حەفتا کیلۆم.**

لەم نمونەیە وا دەردەکەوێت، کە وەڵامی (ب) بە پێی پێویستی پرسیارەکەیە و ئەوەندەیە کە پێویستە بگوترێ، بەڵام لە وەڵامی (پ) دا زێدەڕۆیی کراوە لە وەڵامدا و لە بنەمای چەندیەتی لایداوە، چونکە دەکرێ بە کورتی و بە یەک وشە مەبەستەکە ڕونبێتەوە، واتە دەبێ ئەوەندە قسە بکەین کە پێویستە و داوامان لێکراوە. ئەگەر لەم نمونەیەی خوارەوەش وردببینەوە:

أ- **چەند منداڵت هەیە؟**

ب- **سێ.**

دەبینین وەڵامی(ب) پڕاوپڕ بە پرسیارەکەیە و مەبەستەکە ڕونبۆتەوە، بەڵام ئەگەر هەمان پرسیار بکەینەوە بڵێین: **أ- چەند منداڵت هەیە؟**

**ب - دوو کچ و یەک کوڕ.**

لێرەدا دەبینین زانیاری بەخشینەکە زۆرترەو زانیاری زیاتر گوتراوە لەوەی کە مەبەستە، واتە بەزاندنی بنەمای چەندییەتی بە لادانی مەرجەکانی دروست دەبێت، واتە بەخشینی زانیاری زۆرتر یان کەمتر لە پێویستیی دەبێتە هۆی بەزاندنی بنەماکە.

٣- **بنەمای پەیوەندی (پەیوەست بون):** بەپێی بنەمای پەیوەست بون پێویستە ئاخێوەر گوتنەکەی وابەستەبێت بە بابەتی ئاخاوتنەکەیەوە، پێویستە ئاخێوەر ڕەچاوی دەستپێک و کۆتایی هێنانی بە ئاخاوتن بکات، هەروەها ڕەچاوی ئەوە بکات چۆن دەتوانێ بابەتی ئاخاوتنەکە بگۆڕێ یان چۆنیەتی بەشداریکردنی بەشێوازی گونجاو، ئەمانەش چەند لایەنێکی ئاخاوتنن. (محەمەد، ٢٠١٢: ١٢٣). هەر لەمبارەیەوە دەکرێ

بڵێین ئەم بنەمایە پەیوەندی بە گونجاوی گوتنەکانەوە هەیە، ئەو دەربڕینەی کە ئاخێوەر دەری دەبڕێت دەبێت گونجاو بێت یاخود پەیوەندی تەواوی بەو بابەتەوە هەبێت کە دەربارەی دەدوێت، واتە" گوتنەکە دەبێ بۆ ئەو شوێنەبێ، کە تێیدا هاتوە، واتە وەڵامەکان دەبێ لەبار بن "(فەتاح، ٢٠١١: ٢١٤). بۆ نمونە:

أ- **یەک کوپ قاوە لەدەرەوە بخۆینەوە؟**

ب- **بەڵێ.**

پ- **باخچەی ئاژەڵانی هەولێر زیاتر لە سەد جۆر ئاژەڵی لێیە.**

لێرەدا دەبینین وەڵامی (ب) زۆر ڕونە و ئەوەی گوێگر دەریبڕیوە پەیوەندی بە ئاخاوتنەکەوە هەیە، بەڵام ئەگەر بۆ هەمان پرسیار وەڵامی (پ) بگوترێ، دەبینین ئەم وەڵامە بنەمای پەیوەست بونەکەی بەزاندوە و پەیوەندی بە بابەتی ئاخاوتنەکەوە نییە. نمونەیەکی تر:

**أ- دوو کتێبم لەسەر ڕەفەی چوارەم دانابون، بەڵام دیارنین.**

**ب- دوو خوێندکارم لەوێ بینی.**

گوتەی (ب) بنەمای پەیوەندی بەزاندوە، چونکە گوتەی (ب) پەیوەندی بە گوتەی (أ)ەوە نییە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە لە لایەن دوو خوێندکارەکەوە لابراون، بەکارهێنانی ئەو شێوازەش بۆ ئەوەیە، کە بۆ چونەکە تەنها ئەگەر و گومانە (محەمەد، ٢٠١٢: ١٣٢).

٤- **بنەمای شێواز:** ئەم بنەمایە پەیوەستە بە شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینەکان، واتە " دور بکەوە لە دەربڕینی لێڵ، گوتنەکەت دور بێت لەوەی کە زیاتر لە لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت ، واتە لە فرەواتایی و هاوبێژی دوربکەوە، گوتنەکەت کورت و پوخت بێت و ڕێکخراوبن "(کەریم، ٢٠٠٩: ٦).

گرایس لەدەستنیشانکردنی ئەم بنەمایەدا بە گشتی چوار تایبەتمەندی دیاریکردووە (معین، ٢٠٠٥: ٧٨):

١- دورکەوتنەوە لە لێڵی و ناڕونی، بۆ نموونە: **سەرپەرشتەکەم یەک ماستەر و یەک دکتۆرای هەیە** .

٢- دورکەوتنەوە لە بەهەڵەدا چون، بۆ نمونە:

**أ- یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی کوردی کەی دەست پێدەکات؟**

**ب- بیست و یەکی سێی هەموو ساڵێک.**

٣- کورت بڕی تێدا بکرێت، بۆ نمونە : **أ- ژمارەی پیتەکانی ناوەکەت چەندن؟**

**ب- پێنج**

٤- ڕیزبەندی تێدا بکرێت، بۆ نمونە: **أ- هەرسێ مانگە کوردیەکانی پایز بڵێ؟**

**ب- ڕەزبەر، خەزەڵوەر، سەرماوەز.**

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئاخێوەر لە کاتی کردەی گەیاندنی پەیامێکدا یاخود لە کاتی داواکردنی کارێکدا، نابێ پاش و پێش بە گوتنەکەی بکات ، بۆ نمونە ، **أ- چەندی مانگ گفتوگۆی نامەکەتە؟**

**ب- یەکی یازدەی دوهەزار و بیست و سێ.**

ئەگەر وەڵامێکی وەکو (لە مانگی یازدەدا لە یەکی مانگی دوهەزار و بیست و سێ) لێرەدا ئەم پاش و پێش کردنە دەبێتە هۆی تێکچونی ریزبەندیەکە و سەرلێشێواندنی گوێگر و ناڕێکی شێوازی گوتنەکە، واتە بنەمای شێواز بە جێبەجێ نەکردنی ئەم چوار خاڵەی سەرەوە دەبەزێنرێت، وەک:

**أ- حەوت و هەشت و نۆ لەکام ژمارانەن؟**

ئاخێوەر پرسیارێکی کردوە، ڕون نییە، چونکە نازانین مەبەستی ژمارەی تاک و جوتە، یان خۆبەش و دابەشە، واتە ئەم گوتەیە زیاتر لەمانایەک هەڵدەگرێت، واتە ئاخێوەر لەم ڕستەیەدا بنەمای شێوازی بەزاندوە، بێگومان بە زاندنەکەش دەبێتە هۆی دەستەبەر بونی لێکەوتە ئاخاوتەییەکانی:

**أ – ژمارە حەوت تاکە و خۆ بەشە.**

**ب- ژمارە هەشت جوتە و دابەشە.**

**پ- ژمارە نۆ تاکە و دابەشە.**

پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری بەزۆر نییە، بەڵکو بۆ گەیشتنە بە واتای هاوبەش، ئەمەش لەڕێگەی دەربڕینەوە دەبێت "بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکان ڕێنماییین، کە نەریتی ئاخاوتن دیاری دەکەن، بەڵام وانەی ئاکاری نین، چونکە خەڵکی دەتوانن زۆر بڵێن و درۆبکەن و ڕوداوەکان ڕیز نەکەن و لە بابەت لابدەن، واتە قسەکەر مەرج نییە ئەم بنەمایانە پیادەبکات، بەڵام گوێگر هەمیشە

چاوەڕێی ئەوەیە کە بنەماکان نەبەزێنرێن "(فەتاح، ٢٠١١: ٢١٥). واتە مەرج نییە ئەو بنەمایانە لە کاتی ئاخاوتن جێ بەجێ بکرێن، چونکە جێ بە جێ نەکردنیان نەنگی نییە بۆ قسەکەر و گوێگرەکە، ئەگەر جێ بەجێش بکرێن، ئەوا ڕونکردنەوەی ئاخاوتنەکە و تێگەیشتنەکە و مەبەستەکە دێتەدی، چونکە ناکرێ هەمو کاتێ لە ئاخاوتندا ئەوبنەمایانە پەیڕەوبکرێن.

## ٣ – ٦ گریمانەی پێشەکی و ژمارە:

گریمانەی پێشەکی بریتییە لەو زانیارییەی یاخود بیروڕایەی کە قسەکەر وای دادەنێ کە گوێگر دەیزانێ (معین، ٢٠٠٥: ٨٥). یاخود ئاخاوتنی نێوان دووکەس یان زیاتر بە زمانێکی هاوبەش لەسەر گریمانەی پێشەکی بەڕێوە دەچێت، بۆ نمونە، داواکردنی دوو پەرتوک لەبارەی بابەتێکی تایبەتەوە لە هاوڕێیەکت، نیشانی دەدا تۆ گریمانەی ئەوەت کردووە، ئەم هاورێیەت ئەم کتێبانەی هەن، واتە گریمانەی پێشەکی مامەڵە لەگەڵ هەبونی مەرجی پێشینەی دەربڕین دەکات تا ببێتە ڕاستی، کە لەڕوی لۆجیکییەوە بونی پەیوەندی ڕاستییە لە نێوان دوو گوتندا (دزەیی، ٢٠١٤-أ: ١٥٤). بۆ نمونە:

- **تۆ هەزار چاکەت بەسەر منەوە هەیە.**

**<< واتە کەسێکی زۆر چاکی بۆ من.**

دەکرێ بگوترێ گریمانەی پێشەکی پەیوەندی بە خودی ئاخێوەرەوە هەیە، واتە " پێشگریمانە بەشێکە کە قسەکەر پێی وایە بەرلەدەربڕینی گوتە بەڕاستی هەیە. بەم پێیە، ئەوە قسەکەرەکانن پێشگریمانەیان هەیە، نەک ڕستەکان "(یول، ٢٠١٦: ٥٣). بۆ نمونە:

**برای هاوڕێکەم دوو ئۆتۆمبێل و یەک خانوی تریشی کڕی.**

لەم نمونەیەدا ئاخێوەر گریمانەی ئەوەی کردوە، کە گوێگر برای هاوڕێکەم دەناسێ، دەزانێ پێشتر یەک سەیارە و یەک خانوی هەبوە، وە دەشزانێ کە باری دارایی باشە، یاخود زانیاری هەیە کە زیاتر لە خانوو و سەیارەیەکی هەبوە هەروەها بەکورتی دەتوانین بڵێین گریمانەی پێشەکی ئەوەیە کە ئاخێوەر گریمانەی ئەوە دەکات، کە گوێگر زانیاری لە بارەی گوتنی ئاخێوەرەوە هەبێت.

**جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی لەسەر بنەمای تیۆریەکان بریتین لە:**

١- **گریمانەی پێشەکی لۆجیکی:** پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و لۆجیکدا هەیە، چونکە لۆجیک لە بیری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، زمانیش بیری مرۆڤ دەگوازێتەوە، هەربۆیە فەیلەسوفەکان لە مێژە خەریکی لێکۆڵینەوەن لەزماندا (کەریم، ٢٠٠٩: ٤١) . مەرجێکی هەرە دیاری پێشگریمانەی لۆجیکی بەپێی بۆچونی زانای ئەڵمانی فرێگە (کەیەکەم کەس بووە ئاماژەی بە گریمانەی پێشەکی کردوە و بیرۆکەی گریمانەی پێشەکی خستووەتەڕو) ڕاستی وتنەکانە لە جیهانی هەستپێکراودا، چونکە فرێگە لەوبڕوایەدایە، کە بەهای ڕستە لە ڕاستی ڕستەکاندا لە واقعدا بەرجەستە دەبێت، تەنانەت لە دۆخی نەرێکردنیشدا (محەمەد، ٢٠١٢: ١٠٩).

- **ئەو منداڵەکانی باڵایان دو مەتر درێژە.**

لەم ڕستەیەدا گریمانەی پێشەکی ئەوەدەکات، کە ئەو منداڵی هەیە، بەڵام ئەگەر لە ڕاستیدا ئەو منداڵی نەبێت، ئەوا ئەو باسەی ڕستەکە ڕاست نابێت، ڕستەکە هیچ سودێکی بۆ زمان نابێت، یاخود ئەگەر منداڵەکانی باڵا کورت بن، ئەوا دیسان ئەو بابەتەی کە ڕستەکە لەخۆی گرتووە ڕاست نابێت و ڕستەکەش هیچ سودێکی بۆ زمان نابێت.

٢- **گریمانەی پێشەکی دەرونی:** کردەیەکە بۆ بەکارهێنانی ڕستە بە مەبەستی قسە لەسەرکردنی هەندێ زانیاری کە گومانی لێدەکرێت لەنێوان قسەکەر و گوێگردا دابەشکرابن (کەریم، ٢٠٠٩: ٥٢). بۆ نمونە:

**گوتی ژمارەی مەڕەکانم سەد مەڕە کە فرۆشتومە؟**

**پێت گوت ژمارەی مەڕەکانت چەند سەر مەڕە کە فرۆشتوتە؟**

قسەکەر و گوێگر لە کاتی کردەی لێکتێگەیشتندا هەندێ ئامادەکاری دەرونی لەگەڵ یەکتردا دروست دەکەن بۆ گەیشتن بەو ئەنجام و پەیوەندییەی مەبەستیانە و ئەم سازدانە دەرونیەش لە ڕێگەی گریمانەی پێشەکی دەرونیەوە دەبێت، ئەگەر بڕوانینە ئەم دو ڕستەیەی سەرەوە، دەبینین گریمانە دەرونیەکە بریتییە لە (دەبێت ژمارەی مەڕەکانی سەد مەڕ بێت کە فرۆشتویەتی)، بەڵام ئەو زانیارییەی کە لە ڕێگەی

تۆنی رستەکەوە بیستراوە، ئەوە دەردەخات کە کەسی سێیەم لەئارادا هەیە و سەد سەر مەڕی هەیە و فرۆشتویەتی، بەمەش ئەو گریمانە پێشەکییە دەرونییە، کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، لە ڕێگەی ئاوازی ڕستەکەوە دەگوازرێتەوە هەرچەندە بەبێ ئاوازیش گریمانە پێشەکییەکە هەر دەگوازرێتەوە، چونکە بە درێژایی گۆڕینەوەی زانیاریەکان قسەکەر وادادەنێت، کە کردەکە هاوبەشە لەنێوان خۆی و گوێگردا، ئەمەش وادەکات چەمکەکە پەیوەست بێت بە بارە دەرونیەکەوە، نەک بە فۆڕمە زمانییەکەوە (محمود، ٢٠٠٩: ١٠٢) .

٣- **گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی**: ئەم جۆرە لە گریمانەی پێشەکی لە ئاستی واتای ڕستەکاندا کار دەکات و یەکێکە لە پەیوەندیە سیمانتیکیەکان بەشێوەیەک، کە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگی لەگەڵ فرێزەکانی ناو ڕستەدا هەیە، لە هەمان کاتدا هاوبەشی و جیاوازیشی هەیە لەگەڵ پەیوەندییە سیمانتیکیەکانی تردا (مەحمود، ٢٠٠٩: ٩٩). بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ تیۆرە سیمانتیکیەکانی گریمانەی پێشەکی توانای جێبەجێکردنیان نییە، چونکە سیمانتیک بەستراوەتەوە بە واتا جێگیر و نەگۆڕاوەکانی ناو ڕستە و دەربڕینەکانەوە، گریمانەی پێشەکیش نە جێگیرە و نە بۆ هیچ واتایەکی ئاسایی دەگەڕێتەوە، کەواتە گریمانەی پێشەکی تایبەتە بە پراگماتیک، چونکە لە گریمانەی پێشەکیدا دەوروبەری جێگر و سەربەخۆ ڕوکاری واتایی جێگر نییە (کەریم، ٢٠٠٩: ٦١). گریمانەی پێشەکی سیمانتیکی دەکرێت بەبێ دەوروبەر هەڵێنجرێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لە واتای کەرەستە زمانیە پێکهێنەرەکانی دەربڕینەکانەوە وەدەست دێت، واتە پێویستی بە دەوروبەر نییە، بۆ نمونە:

**دوو لە خوێندکارەکان نمرەی نەوەدیان بەدەست هێناوە.**

**<< ١ کۆمەڵێک خوێندکارن.**

**<< ٢ خوێندکارانی تر لە نەوەد کەمتر و لە نەوەد زیاتریان هێناوە.**

لێرەدا بەبێ ئەوەی پێویستیمان بە دەوروبەر بێت دەتوانرێ (<<١، <<٢) تێدا بگوترێ، یاخود لە ڕستەی: تەمەن دوو دکتۆرای هەیە. لێرەدا پێشگریمانەی ئەوەدەکرێت کە تەمەن (دوو ماستەر) یشی هەیە، چونکە

تاوەکو ماستەر تەواو نەکەیت دکتۆرا بونی نییە، کەواتە گریمانە پێشەکییەکان بۆ ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەکرێ بەم شێوەیە بن:

**<< ١ تەمەن دوو ماستەری هەیە.**

**<< ٢ تەمەن دوو بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە.**

**<< ٣ تەمەن لە دوو بواردا دکتۆرای هەیە.**

**<< ٤ تەمەن لە دوو بواردا ماستەری هەیە.**

**<< ٥ تەمەن لە دوو بواردا بەکالۆریۆسی هەیە.**

٤- **گریمانەی پێشەکی پڕاگماتیکی**: گریمانەی پێشەکی پڕاگماتیکی بە تەواوەتی وابەستەی دەوروبەرە، واتە بۆ هەڵێنجانی ئەم جۆرە پێشگریمانەیە پێویستە گوێگر پشت بەدەوروبەری ئاخاوتنەکە ببەستێت و دواتر لە مەبەستی ڕاستی قسەکەر و گوتنەکە بگات، چونکە ئەو زانیاریانەی کە لە پێشگریمانەکەدا بەدەست دەهێنرێن، سەرەتا لەلای قسەکەرە، قسەکەریش بە مەبەست و بەپێی دەوروبەرەکە ئاڕاستەی گوێگری دەکات، گوێگریش توانای هەڵێنجانی ئەو زانیاریانەی لەشێوەی گریمانەی پێشەکیدا هەیە (محەمەد، ٢٠١٢: ١١٤). واتە "لە پڕاگماتیکدا گریمانەی پێشینەی ڕستەکان بەشێوەیەکی توند پەیوەستن بە دەوروبەرەوە و پشت نابەستن بە مەرجی ڕاستی "(محمود، ٢٠٠٩: ١٠٤) . هەروەها دوو چەمکی بنەڕەتی لەم جۆرەدا بەکارهێنراوە، کە بریتین لە گونجان و زانیاری هاوبەش یان زەمینەی گشتی.

لە ڕوانگەی گونجانەوە گریمانەی پێشەکی بەم شێوەیە پێناسە کراوە: وتەی A لە ڕوی پڕاگماتیکەوە گریمانەی پێشەکی B دەکات تەنیا ئەگەر هاتو A گونجاو بوو، B لەلایەن هەردو هاوبەشەکەوە زانراو بوو (کەریم، ٢٠٠٩: ٦١). بۆ نمونە:

**داوای لێبوردن دەکەم، کە یەک کاتژمێر دواکەوتم، دوو تایەی ئوتومبێلەکەم پەنچەر** بون.

**<< قسەکەر ئوتۆمبێلی هەیە.**

یاخود لە ڕستەی: **یەکێک لە کچەکانم یەکەم بوە.**

**<< لە کچێک زیاترم هەیە.**

ئەگەر ئەم ڕستەیە نەرێ بکەین، دەبێتە (یەکێک لە کچەکانم یەکەم نەبوە)، لێرەدا دەبینین پەیوەندی گریمانە پێشەکییەکە ناگۆڕێت و بەم شێوەیە دەبێت: << من لە کچێک زیاترم هەیە.

**گریمانە پێشەکییە کاریگەرەکان لە شەش جۆری سەرەکیدا ئاماژە پێدەدەین : (کەریم، ٢٠٠٩: ٧٩-٩٤)**

١- **گریمانەی پێشەکی بون:** بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە گریمانەیە لە فرێزە ناویەکاندا هەیە، لەم جۆرەدا قسەکەر بەهۆی ئەو فرێزە ناویانەی کە بەکاریان دەهێنێت پابەندبونی خۆی بە بونی ئەوشتانەی کە ناویان دێنێت دوپات دەکاتەوە، بۆ نمونە:

**شانزەی سێ بۆ هەڵەبجەییەکان ماتەمگێڕانە.**

**<< شانزەی سێ**

لەم ڕستەیەدا فرێزی ناوی (شانزەی سێ)، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات کە خەڵکی هەڵەبجە لەم ڕۆژەدا کارەساتێکیان بەسەردا هاتووە.

٢- **گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینە:** ئەم جۆرەیان بەشێوەیەکی گشتی لەدوای ئەم چاوگانەوە دەردەکەون، وەکو: زانین، خۆشحاڵبون، پەشیمان بونەوە، ئاگاداربون، ڕوخۆشبون ... هتد، بۆ نمونە:

**ئێمە دەزانین، کە پەرلەمانی کوردستان لە سەد و یازدە ئەندام پەرلەمان پێک دێت.**

کاری دەزانی لەم ڕستەیەدا گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات کە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی ئەو زانیاریانەی کە لەدوای کردارەکەوە دێن، وەکو ڕاستییەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بەگریمانەی پێشەکی ڕاستەقینە دادەنرێت، بۆ نمونە: **هەموو کەسێ دەزانێ کە ساڵ چوار وەرزە و هەر وەرزەش سێ مانگە.** یاخود **من دەزانم کە ساڵ دوانزە مانگە.**

**خۆشحاڵ بووم بەوەی کە بیستم هاوڕێکەم دوو منداڵی بووە.**

**پەشیمانە لەوەی کە پێنج منداڵی خستووەتەوە.**

٣- **گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینە**: ئەو زانیاریانەی کە دەکەونە دوای کردارەکانەوە بەشێویەکی ناڕاست گریمانە دەکرێن، ئەمجۆرە گریمانەیە بەزۆری لەگەڵ چاوگی (خەوبینین، خۆنیشاندان، خیاڵ کردن، وازانین، وێناکردن، ... هتد) بۆ نمونە:

**له خەونمدا، چوار پارچەی کوردستان یەک بون.**

ئەو زانیاریەی کە کەوتۆتە دوای لەخەونمدا ناڕاستەقینەیە، چونکە چوارپارچەی کوردستان یەک نین.

**پێشبینی دەکەم ئەم ساڵ دووەم بم.**

کرداری پێشبینی دەکەم، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر ساڵانی تر یەکەم یان سێیەم بوە.

**هیوا وایدانابو، کە نمرەی سەد بەدەست دێنێت.**

کرداری وایدانابوو، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات کە هیوا نمرەی سەدی بەدەست نەهێناوە.

٤- **گریمانەی پێشەکی لێکسیکی (فەرهەنگی):**

بەکارهێنانی فۆڕمێکی دیاریکراو بەو واتا جەخت لێکراوەی کە هەیەتی، گریمانەی پێشەکی ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێت، کە واتایەکی تری جەخت لێنەکراو بەدەستەوە دەدات.

**نمە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا توانی دوو چیرۆک بنوسێت.**

واتای جەخت لێکراوی کرداری توانی ئەوەیە، کە ئەو کەسە لە نوسینی چیرۆکەکاندا سەرکەوتوبوە، یاخود لە ڕستەیەکی وەکو (**دیسان یەک کاتژمێر درەنگتر هاتیتەوە بۆ ماڵ**). کەواتە جارانیش هەر درەنگ هاتۆتەوە، یاخود ڕستەیەکی تری وەک (**هەرسێ حیزبەکە یەکیانگرت**) کرداری یەکیانگرت گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێشتر ئەو سێ حیزبە جیابون.

٥- **گریمانەی پێشەکی ڕۆنانی**: ئەمجۆرە لە گریمانەی پێشەکی بە زۆری بۆ ئەو گریمانەی بەکاردێت کە لە ڕستەی پرسدا هەیە، واتە ئەو گریمانەی پێشەکییەی کە ڕۆنانەکە دەیبەخشێت بە ڕاست وەردەگیرێت. نێرەر ڕۆنانێکی لەمجۆرە بەکاردێنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریەکەدا، کە بە جەختکراوەیی دروستە. بەمەش وا لەگوێگر دەکات کە هەمان زانیاری بەڕاست گریمانە بکات دەتوانرێ بگوترێ، ئەوزانیاریانەی کە دەکەونە دوای وشە پرسەکانەوە بەڕاست هەژمار دەکرێت، بۆ نمونە:

- **کێ بە یەکەم دەرچو؟**

لەم ڕستەیەدا ئەو زانیاریەی کە کەوتوەتە دوای وشەی پرسی کێ بەڕاست گریمانەی بۆ دەکرێت، واتە یەکێک بە یەکەم دەرچوە.

- **توێژینەوەکەت لە ژمارە شەشی گۆڤارەکەدا بڵاوکرایەوە؟**

ئەم ڕستەیە گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە تۆ توێژەریت و ئاخێوەر زانیاری تەواوی لە بارەی توێژینەوەکەت هەیە کە لە ژمارە (شەش)دا بڵاو دەکرێتەوە.

- **نامەی ماستەرەکەت لە مانگی (دە)دا تەواو دەبێت؟**

ئەم ڕستەیە گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە گوێگر لەکاتی نوسینی نامەی ماستەردایە.

- **ئایا دوو توێژینەوەت پێویستە بۆ پلەی زانستی مامۆستا؟**

ئەم ڕستەیە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە پێویستیمان بە توێژینەوە هەیە بۆئەوەی بگەین بە پلەی زانستی مامۆستا.

٦- **گریمانەی پێشەکی دژە واقیع**: ئەم جۆرە گریمانەی پێشەکییە، ڕستەی مەرجی دروستی دەکات، ئەم گریمانەیە نەک هەر ڕاست نییە، بەڵکو دژی ڕاستیشە، دەکرێ بڵێین" سنوری بەستنەوەی قسەکەر بە دەوروبەر و دونیاوە پچڕاوە، بە شێوەیەک هیچ مەودایەکی بۆ هێنانەدی نەهێشتووەتەوە" (محمود، ٢٠٠٩: ١١٢). واتە ئەو زانیاریانەی کە لەناو ڕستەکەدان و لەکاتی قسەکردندا ڕاست نین، بۆ نمونە:

**ئەگەر دوو خانوم هەبوایە، یەک دانەم بە هەژاران دەدا .**

لێرەدا دەبینین، بەشی یەکەمی ڕستەکە، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر دوو خانوی نییە، بەشی دووەمی رستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە یارمەتی هەژارانی نەداوە.

**ئەگەر دوو ڕۆژ پشوم هەبێت، یەک ڕۆژ دەچینە دووشێوان.**

لەبەشی یەکەمی ئەم ڕستەیەدا گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر هێشتا دوو ڕۆژ پشوی نەبووە، بەشی دووەمی ڕستەکەش، گریمانەی پێشەکی ئەوە دەکات، کە قسەکەر نەچوەتە دووشێوان.

## ٣ – ٧ نیشانكاری و ژماره:

نیشانه پڕاگماتیكیەكان "ئەو وشانەن، یان ئەو بەشانەی ئاخاوتنن، كە لەهەندێ باردا، بەهۆی دەوروبەرەوە، كات و شوێن و كەسانی وتن دیاری دەكەن" (فەرەج، ٢٠٠٠: ٦). واتە نیشانكارەكان واتاكانیان پەیوەستە بە دەوروبەرەو بە گوێرەی كات و شوێن و كەس و لایەنی كۆمەڵایەتی قسەكەر و گوێگر واتاكانیان دەگۆڕێ، بۆ نمونە:

**دوای یەک کاتژمێری تر دێمەوە.**

لەم نمونەیەی سەرەوەدا ، ئەگەر ئاگاداری دەوروبەر و ئاخاوتن نەبین، ئەوە نازانین کاتژمێرێكی تر چ كاتێكە، چونكە كاتی گوتنەكە دیار نییە و نایزانین. هەروەها نیشانكارەكان ئەو فۆڕمە زمانیە تەمومژاویەن، كە ئاماژە بۆ كەس و كات و شوێن و پلە و پایە ... هتد دەكەن، ئەو كەرەستانە دەگرنەوە ، كە زمان و دەوروبەر بەیەكەوە دەبەستنەوە. بەبێ بەشداری كات و شوێن و دەوروبەر واتاكە لێڵە، واتا دەبێ ئاگاداری دەوروبەرەكە بین بۆ ئەوەی تەمو مژی و لێڵی نەمێنێ.

نیشانكارەكان لە ئاخاوتندا گرینگی خۆیان هەیە، چونكە دەتوانن شوێن پڕ بكەنەوە و ئابوریكردنمان پێ ببەخشن لە بەكارهێنانی ناوی شوێن و مەبەست و كەس وكات، هەروەها نیشانكارەكان گرینگیان هەست پێدەكرێت كاتێک لە ئاخاوتن دەرنەكەون (دزەیی، ٢٠١٤–أ: ١٢٨،١٢٥). بۆ نمونە:

**بۆ تەواوكردنی مامەڵەكەت دوو ڕۆژی تر وەرەوە.**

لەم نمونەیەی سەرەوەدا، ئەگەر كاتی گوتنەكە نەزانین، ئەوا هەر كاتێ بچین دەڵێ گوتومە دوو ڕۆژی تر وەرەوە، واتە دەبێ ئاگاداری كاتی نوسینی ڕستەكە بین بۆئەوەی بزانین دوو ڕۆژی تر چ كاتێكە، ئەگەر وانەبوو گاڵتەجارییە.

دەشێ بگوترێ نیشانكاریەكان هۆیەكی گرنگن بۆ ڕەوینەوەی تەمومژی و ڕونكردنەوەی واتا، بۆ ئەم مەبەستەش دەوروبەرەكە ڕۆڵە گرنگەكە دەبینێت، واتە ئەوەی كە نرخ و بەهای وشە دیاری دەكات دەوروبەرە.

**نیشنکارەکان بەپێی واتا بریتین لە:**

**نیشانە کەسیەکان:** یەکێکن لە نیشانە پڕاگماتیکیەکان و بەپێی دەوروبەر هەرجارەی بۆ کەسێک یان ڕوداوێک یان شتێک دەگەڕێنەوە، واتە بەپێی (کەس و کات و شوێن و دەق)ی گوتن واتایان دەگۆڕێت، بەبێ دەوروبەر ئەم واتایە ڕون نابێت (فەرەج، ٢٠٠٠: ٧). لەبەرئەوەی تەنها لەگەڵ ئەمجۆرە نیشانەیە ژمارە دەردەکەوێت بۆیە تەنها باسی ئەمە دەکەین.

نیشانە کەسیەکان بەشێوەیەکی گشتی بریتیین لە:

**أ- ناوی تایبەت:** بۆ نمونە، هەر یەکە و تاک و تەنها. ئەوەی کە گوێگر لێی تێدەگات ئەوەیە کە تەنها یەکە تاک و تەنها، ئەویش مەبەستمان لە خودای گەورەو تاک و تەنهاو باڵا دەستە، ناوە تایبەتەکان دەتوانن وەکو نیشانەیەکی پڕاگماتیکی دەربکەون، بۆ نمونە یەکێک ناوی (تەمەن)ەو بەیەکەم دەرچوە، بەڵام ئایا ئەوکەسە کێیە؟ کەی بەیەکەم دەرچوە؟ لە چ شتێکدا یەکەمبوە؟ مەبەست لە مەکتەب یاخود پێشبڕکێ ... هتد ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە "ناوە تایبەتەکان لەباریاندا هەیە وەک نیشانەیەکی پڕاگماتیکی کار بکەن ئەم جۆرە بەکارهێنانەش بۆ گوێگر بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتراوەکە ڕون نابێت و ڕستەکەش ئامانجی خۆی لەگەیاندنی واتادا ناپێکێت، ئەگەر بۆنەو کات و شوێن و بەشدارەکانی وتنەکە نەزانرێت" (فەرەج، ٢٠٠٠: ٩).

**ب – جێناوەکانی ئاماژە.** بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی ئاماژەیی دوجۆرمان هەیە: یەکێکیان جەستەییە، واتە بەدەست یان بەچاو یان بە هەریەکێک لە ئیشارەتەکان جەستە بەژداری تێدا دەکات. ئەویتریان هێماییە، بە هۆی قسە و دەوروبەرو بەهێماکانی ناو زمان یاخود بە کەرەستەکان، بەڕستەکان دەردەکەون (دزەیی، ٢٠١٤-أ: ١٣٠). بۆنمونە: **تەنها دڵمان بە ئەم نۆ ڕۆژە خۆشە.**

لەم ڕستەیەدا (ئەم) جێناوە ئاماژەییە وەک نیشانەیەکی پڕاگماتیکی بەکارهێنراوەو ئاماژەی بۆ (نۆ ڕۆژ) ەکە پێکراوە، بەڵام گوێگر یان خوێنەر پێویستی بەوەیە، کە لەدەوروبەری گوتنەکە ئاگاداربێت یان بەشداری بۆنەی گوتنەکە بێت، بۆ ئەوەی بزانرێت کەمەبەست لە نۆ ڕۆژەکە کام ڕۆژانەن؟

**پ – جێناوە کەسییەکان:**

جێناوەکەسییەکان چ سەربەخۆبن یان لکاو، دەبنە نیشانەیەکی کەسی پڕاگماتیکی بە هەر جۆرێکیش دەربکەون ئەوا نیشانەی ژمارەیان لەگەڵدا دەبێت چ وەک تاک و کۆ چ وەک یەکەم و دوەم و سێیەم، وەک:

**عەرەق ناخۆم کەتوشی دەردی سەربم**

**گرفتاری هەزار دەردو خەتەربم** (زێوەر، ٢٠٠٨: ٤٩)

لەم شێعرەدا جێناوی (م) کە جێناوی لکاوە بۆکەسی یەکەمی تاک، نازانرێت کێ یە، چونکە بەکارهێنانیکی ئاماژەییە و بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتنەکەی ناتوانرێت.

**ئێوەی دڵسۆز، چوار پارچەکەتان لێکردینە دۆزەخ.**

لەم نمونەیەدا جێناوی (ئێوە) کە بۆ کەسی دووەمی کۆیە، بەکارهێنانیکی ئاماژەییە، ئەگەر بۆنەی گوتنەکە نەزانرێ، ئەوا کات و شوێن ناتوانن واتای گوتنەکە بگەیەنن.

**ئێمە سەد کارمان کرد ئەوانیش پاڵیان دایەوە.**

لێرەشدا جێناوی ئێمە وەک نیشانەیەکی پڕاگماتیکی بەکارهێنراوە، ناتوانین زانیارییەکان لە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستەکەوە بەدەست بهێنین، ئەگەر ئاگاداری چوارچێوەی گوتنەکە نەبین.

بەشێوەیەکی گشتی لەم ڕستانەی سەرەوەدا جێناوەکەسییەکان وەک نیشانەیەکی پڕاگماتیکی بەکارهێنراون، چونکە لە پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستەکانەوە ناتوانین زانیاری بەدەست بهێنین ئەگەر زانیاریمان لەبارەی شوێن و کات و بۆنەی گوتن و دەوروبەرەوە نەبێت.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین: جێناوکان هەمویان چەمکی ژمارەیان تێدایە، نەک ژمارەکە خۆی، واتە کە دەڵین، من، تۆ، ئەو، ئاماژەن بۆ ژمارە یەک واتە یەک کەس، بەڵام کە دەڵێین ئێمە، ئێوە، ئەوان لێرەدا ئەم جێناوە کەسییە سەربەخۆییانە ئاماژەن بۆ ناوی کۆ، واتە لەیەک کەس زیاتر.

**ت – نازناو:**

نازناویش یەکێکە لە نیشانەکەسییە پڕاگماتیکییەکان، نازناوی باشە و خراپەش هەیە یاخود دەکرێ بڵێین جگە لە نازناویش ناتۆرەش دەتوانێ وەکو نیشانە کەسییە پڕاگماتیکییەکان ڕۆڵ ببینێت.

(هۆگر مەحمود فەرەج) جگە لە ناتۆرە، نازناوی کردوە بە دوو بەشەوە، کە ئەوانیش (نازناوی ئاسایی و نازناوی خۆشەویستی)ن، لە نازناوی ئاساییدا، نازناوەکانی کار و پیشە و خێڵ و تیرە و بنەماڵە و کەسیش دەگرێتەوە. هەروەها ناتۆرەش دەبێتە نیشانەیەکی پڕاگماتیکی و بەبێ چوارچێوەی گوتن تەم ومژی و لێڵییەکە دەمێنێتەوەو لاناچێ (فەرەج، ٢٠٠٠: ١٢)، بۆ نمونە:

**ماڵی ئەحمەد شەش قامک**

لێرەدا (شەش قامک) بوەتە نازناوی کەسێک، یاخود کە دەڵێین:

**سێ سەر کارەکەی لێ تێکداین** (فەرەج، ٢٠٠٠: ١١).

لێرەدا (سێ سەر) ناتۆرەیە و بەشێوەیەکی پڕاگماتیکی بەکارهاتوە، ئەگەر ئاگاداری بۆنە و کات و شوێنی گوتنەکە نەبین ناتوانرێ واتاکەی بگەیەنرێت.

هەندێ نمونەی تری ناو و ناتۆرە، کە ژمارە بەشدارە لە دروستکردنی واتای نیشانکاری، وەک:

- **کەریم دوو دڵ.**
- **فاتە یەک چاو.**
- **سەدیقی دوو ژنە.**
- **عەلی یەک لاق.**
- **ئازادی چاو دوو ڕەنگ.**
- **ئەحمەد یەک دەست.**
- **حسن چوار قامک.**
- **محمود یەک گوێ.**
- **خدر یەک گورچیلە.**

# ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ژمارە لە مۆرفۆلۆژیدا وەک بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ مامەڵەدەکات، هەرچەندە سیمای هاوبەشی لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا هەیە، بەڵام وەک بەشێکی سەربەخۆ لە نێوان هەردووکیاندا دەوەستێت، بەمەش لە ڕووی سیمانتیکییەوە دەبێتە یەکەیەکی خاوەن واتای سەربەخۆ.

٢- ژمارە جگە لە بەکارهێنانە سەرەکییەکەی خۆی وەکو بەشەئاخاوتنێک لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە بەشداری و بەرهەمی زۆری هەیە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا، چ وەک پرۆسەی داڕشتن چ وەک پرۆسەی لێکدان بەپێی شیکردنەوەی واتای توێژینەوەکەمان لە پرۆسەی لێکدان بەبەرهەمترە لەچاو پرۆسەی داڕشتن.

٣- بەرهەمی ژمارە جگە لە پرۆسەی لێکدان و داڕشتن لە فریزی چەسپاویشدا زۆربەکاردێت بۆ دروستکردنی ناوی تایبەتی هەندێ شوێن و جێگەی تایبەت، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە دەشێت بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ بێت.

٤- لەڕوانگەی بەبەرهەمی لە ئاستی سیمانتیکدا نۆزدە ژمارەی جیاواز بەشداری دەکەن لە پرۆسەکانی داڕشتن و لێکداندا، بەڵام لە کۆی ئەو نمونانەی وەرگیراون، ژمارە (٢) بەرزترین ڕێژەی هەیە و ژمارە (٣٠) و ژمارە (٦٠) کەمترین ڕێژەیان بەرکەوتوە وەک لە خشتەی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕو.

٥ – وەک پەیوەندیەکی واتایی، ژمارە هاوبێژی لەگەڵ هەندێ وشەی تری زمانی کوردی دروست دەکات، کە هیچ پەیوەندی بە چەمکی ژمارەوە نییە، تەنها لێکچونی فۆرمییە، نەوەک ئەوەی کە ژمارەکە چەمکی ژماردنی هەڵگرتبێت.

٦- هەر یەک لە تیۆرەکانی واتا، بەپێی سروشت و تایبەتمەندی خۆی واتای ژمارە لێک دەداتەوە وەک هەروشەیەکی تری زمانەکە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ژمارە یەکەیەکی زمانی سەربەخۆیە لە ڕوی واتاییەوە هاوشانی بەشەکانی تری ئاخاوتنە.

٧- ژمارە جگە لەو واتا سیمانتیکییەی هەیەتی بەپێی مەبەست و دەوروبەر واتای تری لێبارکراوە، بۆیە وەک لە داتای توێژینەوەکەماندا دەرکەوتوە ژمارە دەشێت وەک نیشانەی پڕاگماتیکی و گریمانەی پێشەکی و کردەی قسەیی لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

٨- ڕادە و ڕێژەی بەکارهێنانی ژمارە وەک کەرەستەیەکی پڕاگماتیکی پەیوەستە بە دەوروبەرە جیاوازەکانی قسەکردنەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە بەشێکی زۆری ژمارەکان، یان ئەو پێکهاتە ئیدیۆمی و میتافۆریانەی بەشداری تێدا دەکەن واتایەکی پڕاگماتیکی دروست دەکەن.

# لیستی سەرچاوەکان

١- قورئانی پیرۆز

**<u>أ - بەزمانی کوردی</u>**

٢- ئیسماعیل، شێرکۆ محەمەد، (٢٠٢٣)، شیکردنەوەی تەنزی کوردی بەپێی تیۆری کردە قسییەکان، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٣- ئامێدی، سادق بەهائەدین، (١٩٧٦)، رێزمانا کوردیا ژورێ و ژێری یا هەڤبەرکرێ، چاپا یەکێ، بەغدا.

٤- ئەحمەد، کەوسەر عەزیز، (١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥- ئەحمەد، نەرمین عومەر، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦- ئەمین، نوری عەلی، (٢٠١٥)، رێزمانی کوردی، رێکخستنەوەی (نەریمان عبدالله خۆشناو)، چاپی پێنجەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٧- ئەمین، وریا عومەر، (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر.

٨- باتنی، محەمەد رەزا، (٢٠١٢)، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، وەرگێڕانی (هێرش کەریم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٩- تەیب، شەهاب شێخ، (٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

١٠- جگەر خوێن، (١٩٦١)، ئاوا ئو دەستورا زمانێ کوردی، بەغدا.

١١- حسەین، شیلان عومەر، (٢٠٠٩)، ئیدیۆم-چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

١٢- حەسەن، فەرهاد تۆفیق، (٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٣- حاجی مارف، ئەورەحمان ، ١٩٧٥، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

١٤- حاجی مارف، ئەوڕحمان، (١٩٧٧)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٥- حاجی مارف، ئەوڕحمان، (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

١٦- حاجی مارف، ئەوڕحمان، (٢٠١٤-أ)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی(کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)، ڕێکخستن و پێداچونەوەی (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٧- حاجی مارف، ئەوڕحمان، (٢٠١٤-ب)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی چوارەم، (ژمارەو ئاوەڵکردار)، ڕێکخستن و پێداچونەوەی (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٨- حەمەد، یارا قادر، (٢٠١٣)، مۆڕفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

١٩- خەتیب، ئەحمەد شەفیق، فرانسیسکۆ یوس ڕامۆس، نعمان بوقره، (٢٠٢١)، پڕاگماتیک، وەرگێڕانی (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو)، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢٠- خدر، حیدەر حاجی، (٢٠١٠)، تایبەتمەندییە مۆڕفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلێنی مۆڕفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢١- خۆشناو، شیروان حوسێن، (٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

٢٢- خۆشناو، شیروان حوسێن، (٢٠١١)، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

٢٣- خۆشناو، نەریمان عەبدولا، (٢٠١٤) ، واتاسازی،گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٥) ی کانوونی دووەم، هەولێر.

٢٤- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، (٢٠١١)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢٥- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا، (٢٠٢٣)، وشەسازی، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٢٦- خاڵ، شێخ محەمەد، (٢٠١٧)، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات، هەولێر.

٢٧- دزەیی، عبدالواحید مشیر، (٢٠١٤-أ)، زانستی پڕاگماتیک، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٢٨- دزەیی، عبدولواحید مشیر، (٢٠١٤-ب) ، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٢٩- دزەیی، عەبدولواحید مشیر، (٢٠١٥-أ)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٣٠- دزەیی، عەبدولواحید مشیر، (٢٠١٥-ب)، زانستی سیمانتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٣١- ڕەسوڵ، عەبدوڵلا حوسێن، (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣٢- ڕەسوڵ، عەبدوڵلا حوسێن، (٢٠٢٣)، وشەسازی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣٣- زێوەر، (٢٠٠٨)، دیوانی زێوەر، ئامادەکردنی محمود زێوەر،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٣٤- سدیق، فاروق عمر، (٢٠١٧)، زمانناسیی کوردی، یەکخستنەوەی (شێروان حوسین خۆشناو)، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

٣٥- سەبری، شێرزاد، (٢٠١٤)، پراگماتیک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٦- سەعید، بێخاڵ عەبدولا، (١٩٨٩)، واتاسازی وشە (لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەحەدین.

٣٧- سەعید، یوسف شەریف، (٢٠١٣)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٨- شوانی، ڕەفیق، (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٣٩- شێخانی، عبدولوەهاب، (٢٠٠٩)، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٤٠- عصاف، هیوا احمد، (٢٠٢٢)، بنەمای پڕاگماتیکی لە زمانی ڕاگەیاندنی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤١- عومەر، نەوزاد ئەنوەر، حەمەد، شێروان حوسێن، (٢٠٢٢)، شیکردنەوەی کردە قسەییەکانی (ژمارە) لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک، بەرگی (١٧)، ژمارە (١).

٤٢- عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری، (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤٣- عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری، (٢٠٢٢)، میتافۆر لە شیعردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤٤- عەزیز، سالم حەسەن، عەزیز، ئاریان سدیق، (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی ژمارە لە شێوەزاری هەورامیدا، پێنجەمین کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمییان.

٤٥- عەللاف، پەروین عوسمان، (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤٦- عەلی، بەکر عومەر، (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤٧- عەلی، تالب حوسێن، (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٤٨- عەلی، تالیب حوسێن، (٢٠١٩)، شیکردنەوەی گوتار، (شانۆگەری – ڕۆمان – تەنز – شیعر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەلێر.

٤٩- عەلی، تالیب حوسێن، (٢٠١١)، واتاسازی (چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٥٠- عەلی، جەلال محمود، (١٩٨٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حسام، بغداد.

٥١- عەول، محەمەد عومەر، (٢٠٠١)، دابەشبونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە لە کرمانجی خواروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥٢- غەریب، بەهرە سەلام حەمەد، (٢٠٢٢)، درکپێکردنی میتافۆڕیانەی ناوی ئاژەڵان لە زمانی کوردیدا (ئاخاوتنی ڕۆژانە)، زانکۆی گەرمیان، بەش(٩)، ژمارە (٣).

٥٣- فەتاح، محەمەد معروف، (١٩٨٦)، دیسان ئیدیەم، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی یازدەیەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد.

٥٤- فەتاح، محەمەد معروف، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥٥- فەتاح، محەمەد معروف، قادر، سەباح ڕەشید، (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆڕفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕون، سلێمانی.

٥٦- فەرەج، هۆگر محمود، (٢٠٠٠)، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥٧- قادر، سامی حوسێن، (٢٠١٧)، بەبەرهەمی پرۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

٥٨- قادر، ئەبوبەکر عومەر، (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆڕفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥٩- قادر، سەباح رشید، (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦٠- کابان، سەعید صدقی، (١٩٢٨)، مختصرصرف و نحوی کوردی، چاپخانەی نەجاح، بەغدا.

٦١- کاکەمحمود، ئەحمەد، (٢٠٠٩)، تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان، چاپی دووەم، چاپخانەی دارالفکر، بەیروت، لوبنان.

٦٢- کوردۆییڤ، ک، ک، (١٩٨٤)، ڕێزمانی زمانی کوردی بە هەر دوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی(کوردستان موکردیانی)، چاپخانەی ئەدیب، بەغدادیە.

٦٣- کەریم، عومەر محمود، (٢٠٠٩)، سیمای پڕاگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

٦٤- کەرەمی، سەعید، (١٣٩٦)، وشەناسی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان.
٦٥- موکریانی، گیوی، (٢٠١٧) ، فەرهەنگی کوردستان، پێداچوونەوە و زێدەکردنی د.کوردستان موکریانی  بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٦٦- گەردی، عزیز، (١٩٧٢)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بغداد.
٦٧- محەمەد، حاتم ولیا، (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆژی، چاپی یەکەم، هەولێر.
٦٨- محەمەد، دارا حمید، (٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئالۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٦٩- محەمەد، حاتم ولیا، محەمەد، ژیان عبدوللا، (٢٠١٥)، پێکهێنانی زانیاری و کردە قسەییەکان، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (١٩)، ژمارە (٤).
٧٠- محمود، ئازاد ئەحمد، (٢٠٠١)، مۆرفیمەکانی (ی) لە زمانی کوردیدا(بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خوارو و ژورو)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.
٧١- محمود، ئاڤێستا کەمال، (٢٠٠٩)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٧٢- محێدین، غازی حەسەن، (٢٠١٦)، گوتاری سیاسی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.
٧٣- محەمەد، دارا حەمید، ٢٠١٠، واتاسازی (هەندێ لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی.
٧٤- مستەفا، مستەفا ڕەزا، (٢٠١٩)، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٧٥- مستەفا، مستەفا ڕەزا، محەمەد، دەشتی بەهجەت، (٢٠٢١)، ڕۆڵی میتافۆر لە کشانی واتادا (ئاخاوتنی رۆژانە بە نمونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەشی(٨)، ژمارە(٣).

٧٦- مستەفا، نەزیرە سابیر، (٢٠٢١)، پراگماتیک و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٧٧- معین، سازان رضا، (٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٧٨- موکریانی، کوردستان، (١٩٨٦)، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی دار الحریة للطباعة، بغداد.

٧٩- مووسا، سەباح، (٢٠١٠)، ڕۆڵی ژمارە لە پێکهاتەی وشەی کوردیدا ناو بە وێنە، گۆڤاری زمانناسی ژمارە (٨)، هەولێر.

٨٠- میراودەلی، کەمال، (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٨١- میراودەلی، کەمال، (٢٠٢١)، فەلسەفەی زمان و زمانناسیی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی مێخەک.

٨٢- مەحوی، محەمەد، عومەر، نەرمین، (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

٨٣- مەحوی، محەمەدی، (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆکی وابەستە، زانکۆی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٨٤- مەحوی، محەمەدی، (٢٠٠٩)، زانستی هێما، هێما واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند،سلێمانی.

٨٥- مەحوی، محەمەد، (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

٨٦- مەحەمد، عەبدوڵا عەزیز، (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٨٧- موکریانی، هەژاری، (١٣٧٦)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، کوردی – فارسی، چاپی دووەم، تاران.

٨٨- نالی، (١٣٩٠)، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریم مودەریس و فاتیح مەلا کەریم، پێداچونەوەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، ناوەندی پەخشی چوارچرا، سلێمانی.

٨٩- ناوخۆش، سەلام، (٢٠٠٥)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی (مێژوویی – بونیادگەری – چۆمسکی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٩٠- ناوخۆش، سەلام، (٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٩١- نوری، بابا ڕەسوڵ، (٢٠١٢)، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩٢- وەهبی، تۆفیق، (١٩٢٩)، دەستوری زمانی کوردی، بەشی یەکەم، بەغدا.

٩٣- ویدۆوسن، (٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی (هۆشەنگ فاروق)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانێ، دهۆک.

٩٤- هەورامانی، محەمەد ئەمین، (١٩٧٤)، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی معارف، بغداد.

٩٥- یول، جۆرج، (٢٠١٦)، مەبەستناسیی (زانستی پڕاگماتیکی)، وەرگێڕانی (ڕەحیم سورخی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

**<u>ب – بەزمانی عەرەبی</u>**

٩٦- الخولي، محمد علي، (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظری، (انکلیزی – عربی)، مکتبة لبنان، بیروت.

٩٧- الخولي، محمد علي، (١٩٩١)، معجم علم اللغة التطبيقي (ئینگلیزی – عربی)، لبنان.

٩٨- الدقاق، عمر، (٢٠٠٦)، موسوعة الاعداد - ظلال الاعداد وهالاتها في أساطير والاداب الأديان والحضارات، الطبعة الأولى، سوريا.

٩٩- بالمەر، (١٩٨٥)، علم الدلالة، ترجمة مجيد عبدالحليم الماشطة، مطبعة العمال المركزية، بغداد.

١٠٠- جلولی، العيد، (٢٠١١)، نظرية الحدث الكلامي من اوستين الى سيريل، مجلة المخبر، العدد العاشر، الجزائر.

١٠١- عمر، احمد مختار، (١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيعو الطبعة الاولى، الكويت.

١٠٢- نحلة، محمود احمد، (٢٠٠٦)، افاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، دار المعرفة الجامعية.

١٠٣- يوسف، جومعة سيد ، (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة و المرض العقي، سلسلة عالم المعرف، سلسلة،١٤٥.

١٠٤- يونس، محەمەد محەمەد، (٢٠٠٤)، مقدمة في علمى الدلالة و التخاطب، الطبعة الاولى، دارالكتب الجديدة المتحدة، ليبيا.

## پ – به زمانی فارسی

١٠٥- پيترا. ام. سورن، (١٣٨٨)، مكاتب زبانشناسی نوين در غرب (بخشی از كتاب زبان شناسی در غرب)، ترجمه (علی محمد حق شناس)، چاپ دوم، سمت، تهران.

١٠٦- صادق زاده، محمود، (١٣٩٢)، بررس كاربرد معنايي و ادبی عدد هفت و چهل در مثنوی معنوی، نشريه ادب و زبان، دانشكده ادبيات و علوم انسانی دانشگاه شهيد باهنر كرمان، سال (١٦)، شماره (٣٤).

١٠٧- رحمانی راد، اسلامي، اعظم، طيبه، (١٣٨٦)، اسرار شگفت انگيز عدد هفت، مركز فرهنگي انتشاراتي منير، تهران.

١٠٨- كلباسی، ايران، (١٣٨٠)، ساخت اشتقاقی واژه، در فارسی امروز، چاپ دوم، تهران.

١٠٩- كلباسی، ايران، (١٣٩١)،ساخت اشتقاقی واژه در زبان فارسی، پژوهشتگاه علوم انسانی و مطلعات فرهنگی، چاپ پنجم، تهران.

١١٠- مصلحيان، محمد صال، (١٣٨٤)، فلسفه رياضی (كلاسيک، مدرن، پست مدرن)، چاپ اول، انتشارات واژگان فرد.

١١١- نامور فرگی، مجتبی، ابراهيمی، شيما، (١٣٩١)، بررسی چگونگی پيدايش و تغيير اعداد در زبان فارسی از ديدگاه زبان شناسی، مجموعة مقالات دانشگاه علامه طبا طبايی، شماره (٢٨١).

١١٢- نيا عمران، آسيه ذبيح، قيومى زاده، فريبا، (١٣٩٦)، بررسى كاربر اعداد يک تا پنج در افسانههاى مكتوب ايرانى، فصلنامه، فصلنامه پأوهش هاى ادبى و بلاغى، سال پنجم، شماره (١٨).

**<u>پ- بەزمانی ئینگلیزی</u>**

113- Austin, J.L, (1962), How to do things with words, Cambridge, Harvard University Press.

114- Bloomfield, L, (1954), Language, New York, Henry Holt and Company.

115- Bauer, L, (2001), Morphological Productivity, Cambridge, Cambridge University Press.

116- Crystal 2003. Dictionary of linguistic and fanatics, fifth edition, black well publishing, United Kingdom

117- Crystal, D., (2003), Dictionary of Linguistics and Phonatics, Blackwell, Oxford, London.

118- Crystal, D., (1980), A First Dictionary of Languistics and Phonetics, Great.

119- Russell, London. Fasold, R. W, (2006), An Introduction to Language and Linguaistics, Cambridge, New York.

120- Crystal, D., (2003), A dictionary of Linguistics and Phonestics, 5th Edition, Black Well, Oxford.

121- Crystal, D., (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, First Published, U.S.A

122- Fromkin, Rodman & Hyams, (2011), An introduction to Language, 9 Edition, International Edition.

123- Fromkin, V. Rodman, R. & Hyams, N, (2003), An Indtroduction to Language, 7th Edition, Thomson, Heinle, U.S.A

124- Haspel Math, M, (2002), Understanding Morphology, Oxford University Press.

125- Hasplemath, (2010), Understanding Morphology, Second Edition, London.

126- Katamba, F. Stonham, J., (2006), Morphology Sencond Published, Palgrave Macmillan, London.

127- Leech, Geoffrey, (1996), Principles of Pragmatics, Longman Linguistics Library, Newyork.

128- Levinson, S.C, (2010), Pragmatics, Cambridge University Pres.

129- Levinson, Stephen C. (1997), Pragmatics, Cambridge, University Press, London.

130- Loyns, J. 1969. Introduction to theoretical Linguistics, Cambridge university press: Cambridge.

131- Levinson, S.C., (1983) Pragmatics, Cambridge, Cambridge University Press.

132- Stage Berg, N.C, (1981), An introductory English Grammar, 4th Published, Holt Rinehart and Winston, Inc.

133- Silvano Leoeesi, (2009), The Pythagorean Philosophy of Numbers, Adapted by Mary Jones, Rosicrucian Digest No. 1.

134- Wehmeier, (2006), Oxford Advanced Learners Dictionary, New York.

135- Yule, George, (2000), Pragmatics, Oxford University Pres, Oxford.

# پاشکۆ

## وشە بەکارهاتوەکانی کەرەستەی توێژینەوەکە

**نیوە:** نیوە، نیوەیی، نیوەشەو، نیوەڕۆژ، نیوەکار، نیوەڕێ، نیوەچڵ، نیوەکوڵ، نیوەگیان (مردوو)، نیوەشۆر، نیوەگا، نیوەنمەک، نیوگەز، نیو شۆر، نیوەبەنیوە.

**یەک:** یەکان، یەکەم، یەکەمین، یەک ڕوو، یەک لۆنە، یەک سم، یەک ڕەنگ، یەک قسە، یەک شەممە، یەک چاو، یەک باد، یەک باز، یەک توخم، یەک سەر، یەک باڵ، یەک بەر، یەک تا، یەک پا، یەک جار، یەک پارچە، یەک تاک، یەک جۆر، یەک دان، یەک چاو، یەک دەست، یەک دەنگ، یەک ڕان، یەک زمان، یەک بەرخ، یەک بەند، یەک پەڕ، یەک کەڕەت، یەک ڕا، یەک لانە، یەک ئالا، یەک دڵ، یەک بین، یەک پۆش، یەکتر، یەک لا، یەکەوڕاست، یەک لەسەر یەک، یەکگرتوو، یەکتا پەرست، یەکدەستی، یەکماڵی، یەکڕیزی، یەکەو حەیزەران، یەک و بەیاز، یەک شەوە، یەک ڕۆژە، یەک ژنە، یەک گاسنە، یەک ماڵە، یەک بەیەک، یەکا و یەک، یەک و دوو، یەک کەڵەشاخ، یەک کەڵەگون، یەکەم جار، بەیەکەوەدان، یەککەوتن، یەکخستن، یەکگرتن، یەک یەک، یەکانە، هەپی یەک، یەک لایی، بەیەکگەیشتن.

**دوو:** دووەم، دووەمین، دووشەممە، دووباد، دووبارە، دووبرا، دووخاڵ، دوودانگ، دووزەلە، دووقات، دووقەد، دوولانە، دوولق، دوولایەن، دووفاق، دوونان، دووبەرد، دووئەستێر، دووتیغ، دووسەر، دووکوت، دووگوە، دووپەل، دووگیان، دووپێ، دووگوێ، دووڕووگە، دوودەم، دووسم، دوولولە، دووبەقیە، دووبەرخ، دووخەت، دووسنور، دووچین، دووهەوار، دوو ڕەگ، دوو تاک، دووتایی، دوودەری ، دووقوفڵی، دوودەستی ، دووئیدارەیی، دووقۆڵی، دووچەرخەی دەستی، دەستی دوو، دوو ئەوەندە، دووچەندانە، دووبڕ، دوولایی، دوولا، دووئاوکەوتن، دووپەلەبون، دووخەوبون، دووئاوبون، دووڕێیان

(دووڕییان)، دووئاوان، دوومەشقان، دووبراله، دووڕێویله، دووبەرەکی، دووخشتەکی، دوومالّەکی، دووبەختەکی، دووپشتەکی، دوونیمه، دووشەش(پولی دۆمینه)، دووپێنج(پولی دۆمینه)، دووچوار(پولی دۆمینه) ، دووبەدوو، دووپەڕە، دووژنه، دووکلکه، دووشاخه، دووپەلکه، دووگاسنه، دووگونه، دوودەسمالّه، دووشەوه، دووچەرخه، دووبەره، دووبنه، دووسەره، دووانه.

**سێ:** سێباره، سێ پێک، سێ چوکلّه، سێشەممه، سێپا، سێ پالّوو، سێ بەگ، سێ باز، سێ سووچ، سێ لووله، سێگۆشه، سێدانه، سێ پەل، سێتا، سێ سەر، سێ تیر، سێلکه , سێباره، سێبەرده، سێپەڕه، سێ ڕۆژه، سێ کوچکه، سێ وەخته، سێ کووزه، سێ گاسنه، سێداره، سێدەری ، سێ پێی، سێ ڕۆژانه، سێ یەک بەر، سێ ڕیزکێن، سێ کوچکێن، سێ ئەوەنده ، سێ ڕێیان (سێ ڕییان)، سێ شەش، سێ چوار، سێ بەگایه، سێ بەسێ، سێیانه ( سییانه)، سێیەم، سێیەمین، سێ مینه.

**چوار:** چواریار، چوارپولّەکه، چوارئاوێنه، چوارپەل، چوارپێ، چوارچابوخ، چوارپینه، چوارچاک، چوارچێوه، چوارخرت، چواردیوار، چوارسروشت، چوارسووچ، چوارقەد، چوارلۆ، چوارلوو، چوارگۆشه، چوارهەنگلّ، چوارمێخه، چواربا، چواربەن، چوارقات، چوارسوو، چوارچرا، چوارپالّوو، چوارشەممه، چوارەم، چوارەمین، چوارپای خەوتن، چوارپارچەی کوردستان، چوار چنگۆلّه، چوارپایه، چوارلا، چوارخالّ کێشان، چوارمێخه کێشانەوه، چوارڕێیان (چوارڕییان)، چوارخشتەکی، چوارخشتەک، چواردەستەکی، چواریەک، چوارمەشقی، چوارقوفلّی، چوارنالّه، چوارو به یاز، چواربەچوار، چوارین، چوار دەوره، چوارداره.

**پێنج:** پێنجەم، پێنجەمین، پێنج ڕۆژەی تار، پێنج چاوگەی دلّ، پێنج لا، پێنج گەنجینه، پێنج خشتەکی، پێنج یەک، پێنج بەری، پێنج دەری، پێنج گۆشەیی پێنج وەخته، پێنجەی تار، پێنج و کانێ، پێنج بەپێنج، پێنج شەممه، پێنج تیر، پێنج گۆشه، پێنجی، پێنجین، پێنجۆک.

**شەش:** شەشەم، شەشەمین، شەش لا، شەش تاک بازن، شەش یەک، شەش دەستە، شەش بەش، شەش پێ، شەش جووت، شەش تیر، شەش ئاگر، شەش پاڵوو، شەش پەڕ، شەش خانە، شەش دانگ، شەش دەر، شەش گۆشە، شەش کلک، شەش پەنجە، شەش سووچ، شەش پارچە، شەشەڵان.

**حەوت:** حەوتەم، حەوتەمین، حەفتە کێش، حەفتەکۆک، حەفت ڕەنگیلە، حەوت خشتەکی، حەوت یەک، حەوت گوڵە، حەوت بە حەوت، حەفت برا، حەفت لۆ، حەفتاو، حەفت ڕەنگ، حەوت بەند، حەوت گۆشە، حەوت تیر، حەفت مێرد، حەوتوو، حەفتانە، حەفتە، حەوتە، حەوتم، حەوتەوانە، حەفت ڕەنگە، حەوت بۆنە، حەوت دەرمانە، حەوتەحەمام.

**هەشت:** هەشتەم، هەشتەمین، هەشت بە هەشت، هەشت پێ، هەشت تیر، هەشت پەڕ، هەشت دانگ، هەشت گۆشە، هەشت قات، هەشت یەک، هەشت لا.

**نۆ:** نۆیەم، نۆیەمین، نۆیەک، نۆ بە نۆ، نۆڕیزکێن، نۆبەند، نۆمینە.

**دە:** دەیەم، دەیەمین، دەیەک، دەبەدە، دەتیر، دەیان، دەیی.

**دوازدە:** دوازدە، دوازدەیەم، دوازدەیەمین، دوازدە بە دوازدە، دوازدە گرێ، دوازدە ئیمام، دوازدە هەوار، دوازدەیەک، دوازدەسوارەی مەریوان.

**سێزدە:** سێزدە، سێزدەیەم ، سێزدەیەمین، سێزدە بە سێزدە، سێزدە بەدەر، سێزدەیەک.

**چوارده:** مانگی چوارده، چواردەخۆر، چوارده، چواردەڕێیان (چواردەڕییان)، چواردەیەم، چواردەیەمین، چوارده بە چوارده، چواردەخانەی ڕەمڵ، چواردەیەک.

**سی:** سی بە سی، سییەم، سییەمین، سی یەک، سی پارە.

**چل:** چلەم، چلەمین، چلە گەورە، چلە بچوک، چلە چوون، چل بەردە، چل یەک، چلەخانە، چلەورچ، چلەدار، چل بە چل ، چل دانە.

**شەست:** شەستەم، شەستەمین، شەست بەشەست، شەست تیر، شەست یەک.

**سەد:** سەدەم، سەدەمین، سەد بە سەد، سەدە، سەدان، سەد یەک.

**هەزار:** هەزارەم، هەزارەمین، هەزاران، هەزارە، هەزار یەک، هەزار بەهەزار، هەزارلۆ، هەزارپێ ، هەزاری.

جمهورية العراق الاتحادية
حكومة اقليم كردستان
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة كويه

# إنتاجية العدد من حيث المعنى الدلالي والبراغماتي

رسالة مقدمة الى فاكلتي التربية في جامعة كويه كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل

**بيان حاجى صالح**

بكالوريوس في سنة (٢٠٠٨) في جامعة كويه كلية اللغة - قلعدزة قسم اللغة الكردية

باشراف

**أ.م.د شيروان حسين حمد**

٢٠٢٣ ميلادي　　١٤٤٥ هجري　　٢٧٢٣ الكردي

# الملخص

العدد جزء مستقل في الكلام، يتشابه مع أية وحدة معنوية أخرى، سواء من حيث الظهور أو من حيث الأدوار اللغوية والمعجمية، فهناك في عملية توليد الكلمة الجديدة أساليب وطرق متنوعة، بمساعدة الوحدات اللغوية الأخرى، وكذلك العدد هو واحد من المفردات اللغوية التي يمكنها أن تؤدي دوره في عملية توليد الكلمات الجديدة، سواء كان في دور بنية الكلمة، والتي يمكن أن تلتصق بها اللواحق، لا سيما في عملية الإنشاء، أو في دور كلمة مستقلة يشترك في عملية التركيب والإنشاء عن طريق بناء الجملة.

ومما يلفت النظر، أن الأعداد ليس جميعها في نفس الدرجة من التوليد، كما يصح هذا الكلام لوحدات اللغة الأخرى، في أعداد اللغة الكوردية هناك بعض الأعداد المحددة التي يمكنها المشاركة في عملية توليد الكلمة، ومن بينها هناك بعض الأعداد التي تشارك في توليد كلمات كثيرة، والبعض الآخر في عدد أقل، يمكن تحليل العدد والمعنى الدلالي له وفق كل النظريات المعنوية، فكل نظرية وفق تحليلاتها تضم معنى الأعداد، وهذا يدل على أن مفهوم العدد لا يقتصر على التعداد، بل إنه في كثير من الأحيان يبرز معاني ومفاهيم أخرى.

ومن منطلق علم الدلالة، يمكن للعدد أن يكون صاحب معنى معجمي وثابت، ومن هذا الجانب يكون معنى العدد أكثر ثباتا واستقرارا مقارنة بالأقسام الأخرى للتكلم، وبالرجوع إلى علم الدلالة، يمكن العدد أن يولّد كلمات جديدة كثيرة، لذا من حيث المعنى الدلالة يعد مولهدة.

ومن حيث المعنى البراغماتي، يستطيع العدد أن يعطي معنى آخر، وفق محيط المتكلم ومراده، نظرا لأن معنى العدد لا يقتصر في إطار المعنى المعجمي، بل يمكن أن يكون له معان أخرى حسب الاستخدام ومقاصده، وفي هذا الجانب يعتبر العدد مولدا ويستطيع أن يعطي أكثر من معنى براغماتي مختلف، حسب المجالات البراغماتية الموجودة.

# Abstrac

Number is an independent part of speech that possesses both meaning and lexical-grammatical functions, similar to other semantic units. Various linguistic units contribute to the production of new words, and numbers serve as one such linguistic element. They can function as a base for affixes during word creation and also independently participate in interpretation and syntactic formation processes. Interestingly, not all numbers exhibit the same level of productivity as other linguistic units. In the Kurdish language, certain numbers can contribute to word formation, with some yielding more words than others. The semantic meaning of a number can be interpreted through various semantic theories, each providing its own perspective on its meaning. This demonstrates that the concept of number extends beyond mere counting and encompasses additional meanings and concepts. Semantically, a number can possess a fixed and unchanging dictionary meaning, making its meaning more stable compared to other parts of speech and enabling the creation of numerous new words based on its semantic meaning.

From a pragmatic standpoint, numbers can acquire alternative meanings based on the context and the speaker's intention. The meaning of numbers is not restricted to lexical interpretations alone; it can vary based on usage and purpose, thus making numbers productive and capable of assuming diverse pragmatic meanings within specific pragmatic domains.

Federal Republic of Iraq
Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Koya University

# Number Productivity in Terms of Semantic and Pragmatic Meaning

A Thesis submitted to the council of Faculty of Education – Koya University as partial fulfillment for the degree of Master of Education in Kurdish Language.

By

Bayan Haji Salih

Bachelor degree in (2008) at Koya University, Faculty of Language – Qaladaza, Department of Kurdish Language

Supervised by

**Assi.Prof.Dr.** Sherwan Hussein Hamad

2723 Kurdish    1445 Hijri    2023 AD